


## مامۆستایەکی زانکۆ 25 جار دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکەی



**رووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی زانکۆ لە شاری هەولێر بەتاوانی دەستدرێژی بۆ سەر کچی خۆی، 25 جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت.
ئەو مامۆستایە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکراوەو بەپێی ماددەی 393ی لە یاسای سزادانی عێراقی حوکمدراوە. ئەو مامۆستایە لە زیندانەوە بە (رووداو)ی گوت "دادوەر 25 حوکمی لە سێدارەدانی بۆ بڕیومەتەوە". مامۆستاکە رەتیکردەوە ئەو کارەی کردبێ و سەرسوڕمانی خۆشی بەرامبەر ئەو حوکمە دەربڕی و گوتی "پێم سەیرە کچەکەم لە ئیفادەکەیدا گوتبووی باوکم زیاتر لە 100 جار لە دواوە ئەو کارەی لەگەڵ کردووم، بەڵام دادوەر سزای 25 جار لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندم، گوایە من 25 جار ئەو کارەم لەگەڵ کچەکەم کردووە".

« 2

Rûdaw
رووداو
چاپی کوردستان
ژمارە (261)
دووشەممە 2013/5/20
30ی گوڵانی 2713
(750) دینار
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت




# ئێران پێشنیازی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ دەکات بۆ یەکێتی

**رووداو- هەولێر**

یەکێتی سەرقاڵی تاوتوێکردنی پێشنیازێکی ئێرانە بۆ پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی حیزبەکە لە قۆناغی دوای تاڵەبانی.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، باس لەپێشنیازێکی ئێران دەکات کە ئێستا حیزبەکەی پێیەوە سەرقاڵە و بە (رووداو)ی گوت "ئێران پێشنیازی دروستکردنی کۆنسەیەکی کردووە بۆ یەکێتی وەک سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، ئێستا ئەم مەسەلەیە بیرۆکەیە و لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا باسدەکرێت".

ئەسەسەرد ئەوەشیگوت کە "دروستکردنی کۆنسە وەک پێشنیازی ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت کە ئاخۆ ئەو کۆنسەیە تەنیا بۆ ئەوەبێ تاوەکو کۆنگرە دەبەسترێت، یان ئەوەتا لە کۆنگرەدا ئەم بابەتە لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا دابنرێت، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هیچ شتێک لەبارەی ئەو کۆنسەیە نییە".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "ئێستا لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا کەس ئەوی دیکەی قبووڵ نییە ببێتە سکرتێری حیزب، بۆیە پێشنیازەکەی ئێران رەنگە گونجاوبێ و سەربگرێت".

ئەم پێشنیازەی ئێران بۆ یەکێتی دوای چەند سەردانێکی فەرمی سەرکردە هەرە باڵاکانی حیزبەکەی تاڵەبانی هات بۆ تاران.

ئالا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "ئێران رۆڵی هەیە و قسەی ئێران گرنگە، تەنانەت رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا، ئێران رۆڵی تێدا هەبوو".

جگە لە نەبوونی کۆدەنگی لەسەر سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی کەسێک لە شوێنی تاڵەبانی، کێشەی دیاریکردنی جێگرەوەی تاڵەبانیش هەیە لە بەغدا بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق.

واش دەردەکەوێ کە بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی، ناوی لە هەمووان زیاتر دێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنە.

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی باس لەوە دەکات کە ئێران مەرجی هەیە بۆ ئەوەی بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆک کۆمار. چونکە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق پێویستی بە رازیبوونی ئێرانە و سەردانی ئەو دواییەی بەرهەم ساڵحیش بۆ ئێران، کە دوای تێپەڕبوونی چەند رۆژێکی کەم هات لە سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ ئەوەیە لە ئەمریکا و تورکیا دووربکەوێتەوە، ئەگەرنا تاران رازی نابێ شوێنی تاڵەبانی بگرێتەوە.

« 3

"هەر بەرپرسێک سەروەت و سامانەکەی ئاشکرا نەکات ناوی بڵاودەکرێتەوە" 9

پیاوێک بە 24 گوللە ژنەکەی دەکوژێ 14

REKLAM




| جۆری پاکێج | کۆدی پاکێج | قەبارەی پاکێج | نرخ/دینار | ماوەی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| رۆژانە* | ١ | ١٥ میگابایت | ١,٥٠٠ | زیاتر لە٢٤سەعات |
| هەفتانە | ٢ | ١٠٠ میگابایت | ٦,٠٠٠ | ٧ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 250MB | ٣ | ٢٥٠ میگابایت | ١٢,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 1GB | ٤ | ١ گیگابایت | ٢٥,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |
| پاکێجی مانگانە 2.5GB | ٥ | ٢,٥ گیگابایت | ٣٥,٠٠٠ | ٣٠ رۆژ |

## ڕاپۆرتە هەواڵ

### 50 کۆگا خەریکی هێنانی دەرمانی ئێکسپایەرن



**ڕووداو- سلێمانی**

دڵشاد محەممەد، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون و داخستنی کۆگاکان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەهۆی ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا کۆمەڵێکی زۆر دەرمانی ماوەبەسەرچوو و ساختە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، وەزیری تەندروستی بڕیاری پێکهێنانی ئەو لیژنەیەی داوە و بەپێی بەدواداچوونیشیان "نزیکەی 50 کۆگاو دووکان هەیە کە خەریکی هێنانی دەرمانی ماوەبەسەرچوو و ساختەن و لە پارێزگای سلێمانی ساخی دەکەنەوە". دڵشاد محەممەد، کە وەک نوێنەری وەزیری تەندرووستی لەو لیژنەیە کار دەکات دەڵێ "وەزیری تەندروستی سەرپشکی کردووین لە داخستنی ئەو کۆگایانە".

**دەستدرێژی کردووەتە سەر کچی خۆی**

# 25 جار سزای لەسێدارەدان بۆ مامۆستایەکی زانکۆ دەردەچێت



**ساڵح قادر و سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی زانکۆ لە شاری هەولێر بەتاوانی دەستدرێژی بۆ سەر کچی خۆی، 25 جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت. مامۆستاکە لە زیندانەوە بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوە "پیلان" بووە و "دەستی بەرپرسانی لە پشتە.. ڕۆژێک دێت ئازاد دەبم".

ئەو پیاوە تەمەنی 50 ساڵە و زیاتر لە 21 ساڵە ژنی هێناوەو کچەکەی تەمەنی 20 ساڵە، جگە لەو کچە، دوو کوڕیشی هەن کە لە قۆناخی سەرەتایی دەخوێنن، دوو کوڕەکەی لەگەڵ دایکیان دەژین و کچەکەشی لە شوێنێکی نادیارە.

ئێستا ئەو مامۆستایە لە نێو یەکێک لە قاوشەکانی زیندانی چاکسازی گەورانی هەولێر چارەنووسی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، چونکە ئەوە ماوەی پێنج ساڵە جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بۆی بڕاوەتەوە ڕاگیراوەو جێبەجێ ناکرێت.

ئەو مامۆستایە چیرۆکی ژیانی خۆی بە تەواوی بۆ (ڕووداو) باسکرد، بەڵام بەو مەرجەی بە هیچ جۆرێک ئاماژە بە ناوەکەی نەدرێت. ئەو سەرەتا باسی کەسایەتی و زیرەکی و توانای خۆی کرد، وەک خۆی گوتی چەندین خولی لەبارەی نەوت و مین هەڵگرتنەوەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی بینیوەو هەموو خولەکانیشی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووەو بڕوانامەی بەدەستهێناوە. جگە لەوەش دەڵێت ئەو کاتەی کە گیرا زۆری نەمابوو ماستەرەکەی تەواو بکات "بەڵام بەر لەوەش لە یەکێک لە زانکۆکانی کوردستان وانەبێژ بووم".

ئەو مامۆستایە بەپێی مادده 393 لە یاسای سزادانی عێراقی لە 2012/4/22 حوکم دراوە، وەک خۆی دەڵێت دادوەر 25 حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردووە، بە تاوانی ئەوەی 25 جار لە دواوە سێکسی لەگەڵ کچی خۆی کردووە.

بەپێی ئەو ماددەیە ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر کەسی مەحرەمی خۆیان، ئەگەر بە ڕەزامەندی هەردوولاشی بێ، ئەوە لە دادگا سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت، بەڵام ئەگەر تەنیا تەحەروشی پێبکات ئەوە سزاکەی لە نێوان 7-25 ساڵ زیندانییە، ئەو جۆرە تاوانانە هیچ لێبووردنێکیش نایانگرێتەوە.

### "پارە بە کەڵکم نەهات"

پیاوێکی گەنم ڕەنگ و کەمێک کەڵەگەتە، ئەو ڕۆژەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد ڕیشی پاک تاشیبوو، قژێکی ماش و برنجی هەیە، لە کاتی قسەکردنی ناوە ناوە لوتی بە شیشی زیندانەوە دەنا، زوو زوو جگەرەیەکی لە پاکەتەی دەردەهێنا و دایدەگیرساند. هەرچەندە ماستەرەکەی تەواو نەکردووە، بەڵام گوتی "بەهۆی ئەوەی بەشەکەم زانستی بوو، وەکو موعید وانەم دەگوتەوە". زوو زووش بۆ بەرگریکردن لەخۆی دەیگوت "بڕۆن لە مامۆستاکانی کۆلیژەکەم بپرسن کە ئەخلاقی من چۆن بووە".

وەک خۆی باسیکرد، تاوەکو نەکەوتە زیندان ژیانێکی زۆر خۆشی هەبووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە، جگە لەوەی فەرمانبەری زانکۆ بووە و وانەبێژ بووە، لە هەمانکاتدا لە ڕێکخراوێک و کۆمپانیایەک کاری کردووە "مانگانە 4 ملیۆن دینارم هەبوو، بەڵام سوودم لەو پارەیە وەرنەدەگرت، پیاو هەبوو مەشروبی دەخواردەوە بەزەییم پێدا دەهاتەوەو هاوکاریم دەکرد، بەڵام پارە بە کەڵکم نەهات، ئەو برادەرانەی یارمەتیم دان، ئێستا هەر سەردانیشم ناکەن".

### "سەلام لە مرۆڤی وا ناکەم"

هەر کاتێک ناوی ئەو مامۆستایە دەهێنی زیندانییەکان دەڵێن لە فلان قاوشە، هەموویان بە مامۆستا بانگی دەکەن، هەریەکەیان بۆچوونێکی لەبارەی ئەو کارەی مامۆستاوە هەبوو، یەکێک لە زیندانییەکان دەیگوت "هێشتا نازانم باوەڕ بە کێ بکەم، ئەو کارەی لەگەڵ کچەکەی کردووە یان بوختانی پێدەکەن". یەکێکی دیکە دەیگوت "نامەوێت هیچی لەسەر بزانم"، زیندانییەکی دیکە کە بە تاوانی تیرۆر گیراوەو سزای زیندانی هەتا هەتایی بۆ دەرچووە، گوتی "هەر نامەوێت سەلام لە پیاوی وا بکەم و پێم ناخۆشە بیبینم"، بەڵام زیندانییەکی ژووری تەنیشتی دەڵێت "باوەڕ بەوە ناکەم، چونکە خۆی لە زانکۆ بووەو ئەگەر بیویستایە کەسی دیکەی زۆر دەستدەکەوت.. بۆچی کچەکەی؟".

### "من قوربانی نیم، کچەکەم قوربانییە"

کەسێکی تا بڵێی لەسەرخۆیە، زوو زوو قسەکانی خۆی دەبڕی، وەک ئەوەی ڕووداوەکانی بە تەواوی لەبیرنەمابن، دوای کەمێک وەستان و بیرکردنەوە دەستی بە قسەکردن دەکردەوە. لە قسەکانیدا زوو زوو دەیگوت "من قوربانی نیم، کچەکەم قوربانییە".

کاتێک پرسیار دەربارەی منداڵەکانی دەکەی بە تایبەتیش کچەکەی دەست بە گریان دەکات، چەند دڵۆپ فرمێسکێک دەڕژێنێ و دەست بە قسەکردن دەکاتەوە.

مامۆستا زوو زووش هێرشی دەکردە سەر ژنەکەی و کچەکەی، دەیگوت "کچەکەم خۆی بە کێشە بوو، چەندجارێک لەگەڵ کوڕان چووەتە دەرەوە، گومانم لە ژنەکەشم هەبوو، کچەکەم سفوور بوو، بەرچاو بوو، دەمگوت خۆت داپۆشە با تووشی ئەو کێشانە نەبی، بەڵام بە گوێی نەدەکردم، هەتا تووشی چەند کێشەیەک بوو، دوای گیرانی منیش شووی کرد و منداڵێکی حەرامزادەی بوو، دواتر کەسێک مارەی کرد، بەڵام تەڵاقی دا".

### بەڵگەکە ڤیدیۆیە

مامۆستا لە 2010/7/6 لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کراوە، بەڵام وەک خۆی گوتی بە دوو مانگ پێش گیرانی، کچەکەی لە ئاسایش سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە، بەڵام ئاسایش داوای بەڵگەی لێکردووە. مامۆستا دەڵێت "گرتەیەکی ڤیدیۆیی ناڕوون کە پێدەچێ بە مۆبایل بێ لە ژووری نووستنەکەم گیراوە، لەوێ کچەکەم سەما دەکات و پیاوێکی نیمچە ڕووتیش دەردەکەوێ، پاشان پیاوەکە لە کچەکەم نزیک دەبێتەوە و لە دواوە کاری خۆی لەگەڵ دەکات".

ئەو پێیوایە گرتە ڤیدیۆیەکە باشترین بەڵگەیە کە ئەو کارەی لەگەڵ کچەکەی نەکردووە "چونکە ئەوەی لەو وێنەیەدا دیارە، من نیم، ئەوە بوختانە پێم دەکرێت، تەنیا لەو ڤیدیۆیە زیاتر لە 70 هەڵەم گرتووە، بۆیە ئەسڵ و ئەساسی نییە.. ڤیدیۆکەش ڕوون نییە".

مامۆستا ڕەتینەکردەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەداناوە کە ئەو کارەی لەگەڵ کچەکەی کردووە "بەڵام لەژێر هەڕەشە بوو، لە پێش دادوەر دانم بە هیچ شتێکدا نەناوە، ئەو کارە دەستی چەند بەرپرسێکی تێدا بووە، کوڕی بەرپرسەکان پەیوەندیان بە کچەکەمەوە هەبوو".

ئەو پیاوە خۆی پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بووە و دەڵێت لە ساڵانی هەشتاکاندا لە کۆمیتەی ئاگر بووە، بەڵام لە ساڵی 1998ەوە وازی لە یەکێتی هێناوە، خۆی دەڵێت بە هۆی پسپۆڕییەکەیەوە، دەستێکی باڵای هەبووە لەدووبارە بەکارخستنەوەی بیرە نەوتەکانی شیواشۆک. هەروەها دەڵێت خاوەنی چەندین بڕوانامەی زانستی و زمانی ئینگلیزییە.

### کچەکە چی بەسەرهات؟

دوای گیرانی مامۆستا، خێزانەکەی پەرتەوازە دەبن، دوو کوڕەکەی زیاتر لە 9 مانگ لای دایکی مامۆستا بوون، ئێستاش لەگەڵ دایکیان دەژین، کچەکەشی شووی کردووە و کچێکی بووە، ئێستا تەڵاقی وەرگرتووە، مامۆستا سەرەتا گوتی "کچەکەم لە دەرەوەی وڵاتە". بەڵام دواتر گوتی "لایەنێک کچەکەمی شاردووەتەوە".

هەروەها گوتی "کچەکەی سێ جار سەردانی کردووە لە زیندان و پەشیمان بووەتەوە لەو کارە "کچەکەم دەیگوت باوکە من چی بکەم تاوەکو تۆ لە زیندان بێیتە دەرەوە، بەڵام بەداخەوە دادوەر گوێ لە کچەکەم ناگرێت".

مامۆستا زیاتر دڵی بۆ دوو کوڕەکەی دەسووتا، ئەگینا دەربارەی کچ و ژنەکەی هەر جارەو قسەیەکی دەکرد، سەرەتا دەیگوت "ژنەکەم تەڵاق دەدەم و کچەکەشم ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر"، دواتریش دەیگوت "من هەر لەم زیندانە ئازاد دەبم، مادام زیندان هەر دیوار نییە، دەرگاشی هەیە، ئەگەر ژنەکەم واز لە خوشەکانی بهێنێت کە سەرچاوەی کێشەی ماڵمان بوون، ئامادەم لەسەر چاوی خۆمی دابنێم، کچەکەشم بە مێرد دەدەمەوە".

### چۆن 25 جار سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو؟

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، لە ساڵی 2012 لە پارێزگای هەولێر، 3 کەس لەبەر توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە لەسێدارەدان حوکمدراون، دووانیان بەهۆی کوشتنی ئافرەت و ئەوەی دیکەیان ئەو مامۆستایە بووە کە 25 جار فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە.

مامۆستا کە سەرسووڕمانی خۆی بۆ ئەو سزایە دەردەبڕی گوتی "پێم سەیرە، کچەکەم لە ئیفادەکەیدا گوتبووی باوکم زیاتر لە 100 جار لە دواوە ئەو کارەی لەگەڵ کردووم، بەڵام دادوەر سزای 25 جار لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندم، گوایە من 25 جار لەگەڵ کچەکەم لواتەم کردووە، بۆ هەر جارێکیش سزایەکی لە سێدارەدانیان داناوە".

سەرەڕای ئەوەی ئەو سزا قورسەی بەسەردا سەپێندراوە، بەڵام ئەو مامۆستایە بە ئومێدی ئەوەیە لە زیندان دەربچێت و ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە.

### "تێرکردنی غەریزەی ئاژەڵی"

هێمن ڕەشید، پسپۆڕی دەروونی، پێیوایە دەستدرێژی بۆ سەر مەحرەم لە کوردستان حاڵەتەو نەبووەتە دیاردە، هۆکارەکەیشی بۆ کاریگەری فیلمەکان و پەروەردەی خێزان و ئەو جلوبەرگە ورووژێنەرانە گەڕاندەوە کە کچان لە ماڵەوە لەبەری دەکەن "ئەوانەی تەنیا بیر لە تێرکردنی غەریزەی سێکسی دەکەنەوە کۆنترۆڵی خۆیان لە دەستدەدەن، بەوەش دەگوترێت تێرکردنی غەریزەی ئاژەڵی، ئەوانە حیساب بۆ کۆمەڵگەو دەرئەنجامەکەی ناکەن، ئەو کاتە پەشیمان دەبنەوە کە کۆمەڵگە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات".

هەر لەوبارەوە مەلا ئەحمەد شافیعی ئەندامی لیژنەی باڵای فتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، گوتی "لە شەرعدا بۆ تاوانی وا پەیوەندی بە ڕەزامەندییەوە نییە، دەبێت بکوژرێن ئەگەر هێشتا ژنیشیان نەهێنابێت".



## ڕیپۆرتاژ

### میسر پەیکەرێک دێنێتە هەولێر



ڕووداو-هەولێر
حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەیەک لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەکاتەوە و میسریش بە نیازە پەیکەرێکی مێژوویی بێنێتە هەولێر. ئەو بڕیارانە لە کۆبوونەوەی نێوان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەریف شاهین، باڵیۆزی میسر لە عێراق دران. شاهین، کە کارەکانی لە عێراق تەواو بووە و دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی گوتی "لە ماوەیەکی نزیکدا نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک یەکەم نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەکرێتەوە". شاهین گوتیشی "وەزارەتی گەشتیاریی میسر نیازی هەیە پەیکەرێکی مێژوویی میسری بێنێت و لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی هەولێر دایبنێت".

# یەکێتی لە پێشنیازی ئێران دەکۆڵێتەوە بۆ دروستکردنی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:
## ئێران پێشنیازی دروستکردنی کۆنسەیەکی کردووە بۆ یەکێتی

ئالا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:
## ئێران ڕۆڵی هەیە و قسەی گرنگە



هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو-هەولێر

یەکێتی ئێستا سەرقاڵی تاوتوێکردنی پێشنیازێکی ئێرانە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش نایشارنەوە کە ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەیە و "قسەی ئێران گرنگە".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، 158 ڕۆژی بەبێ مام جەلال بەڕێکردووە، لەو ماوەیەدا لەسەر ئاستی هەرە باڵا پێنج شاندی یەکێتی سەردانی ئێرانیان کردووە. تارانیش هەندێ پێشنیازی خستووەتە بەردەم یەکێتی.

### پێشنیازەکەی ئێران

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باس لە پێشنیازێکی ئێران دەکات کە ئێستا حیزبەکەی پێیەوە سەرقاڵە و بە (ڕووداو)ی گوت "ئێران پێشنیازی دروستکردنی کۆنسەیەکی کردووە بۆ یەکێتی وەک سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، ئێستا ئەم مەسەلەیە بیرۆکەیە و لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا باسدەکرێت".

ئەسەسەرد ئەوەشیگوت کە "دروستکردنی کۆنسە وەک پێشنیازی ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئاخۆ ئەو کۆنسەیە تەنیا بۆ ئەوەبێ تاوەکو کۆنگرە دەبەسترێت، یان ئەوەتا لە کۆنگرەدا ئەم بابەتە لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا دابنرێت، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هیچ شتێک لەبارەی ئەو کۆنسەیە نییە".

هەروەها ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لەناو سەرکردایەتی یەکێتی کەس ئەوی دیکەی قبووڵ نییە ببێتە سکرتێری حیزب، بۆیە پێشنیازەکەی ئێران ڕەنگە گونجاوبێ و سەربگرێت".

### سەرکردایەتی بە کۆمەڵ چییە؟

هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی ڕەنگە هەمان شێوەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بێت کە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەساڵی 1999 بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی کێشە و لێکترازان پێکهات.

ئەو کۆنسەیە هەموو بڕیارێکی پەیوەست بە PKK دەدات، ئینجا چ بڕیاری ئاشتی بێت یاخود شەڕ، هەر ئەندامێکی ئەو سەرکردایەتییەی بە کۆمەڵە دەبێتە بەرپرسی دۆسیەیەکی حیزبەکەی.

ئەم پێشنیازەی ئێران بۆ یەکێتی دوای چەند سەردانێکی فەرمی سەرکردە هەرە باڵاکانی حیزبەکەی تاڵەبانی هات بۆ تاران، لەوانە سەردانی هەردوو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لە مانگی شوباتی ئەمساڵ، هەروەها سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری تاڵەبانی و دووبارە سەردانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری د.بەرهەم ساڵح بۆ تاران.

### "قسەی ئێران گرنگە"

ئالا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێران ڕۆڵی هەیە و قسەی ئێران گرنگە، تەنانەت ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا، ئێران ڕۆڵی تێدا هەبوو".

ئالا تاڵەبانی کە لەهەمانکاتدا بڕیاردەری فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراق، گوتیشی "ئێران لە پشتی پەردەوە ڕۆڵی زۆری هەیە".

دروستکردنی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ یان دەستەی سەرۆکایەتی لەنێو یەکێتیدا دوای ئەوە دێت کە یەکێتی بۆ وەرگرتنی هەندێ بڕیاری گرنگ و ستراتیژی لەنێوخۆی خۆیدا تووشی ناکۆکی و ڕاوبۆچوونی جیاواز هات و زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەیانەوێ یەکلاییبوونەوەیەک لەشێوەی سەرۆکایەتیکردنی یەکێتیدا هەبێت.

### "باشترین چارەسەرە بۆ یەکێتی"

عەبدولحەکیم خەسرۆ، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی سەلاحەدین باس لە هۆکاری دروستبوونی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەکات لەنێو هێزێکی سیاسی "هەر حیزبێکی سیاسی قەیرانی گواستنەوەی دەسەڵاتی هەبێ ئەوا لە میکانیزمێک دەگەڕێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بەتایبەتی ئەو قەیرانە تووشی ئەو حیزبانە دێت کە سەرۆکەکەیان کەسێکی کاریزمی بووەو لەدوای خۆی هەڵبژاردنی کەسێک بۆ شوێنی ئەو دەبێتە کێشە".

عەبدولحەکیم خەسرۆ پێکهێنانی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ بە باشترین چارەسەر دەزانێ بۆ یەکێتی و دەڵێ "کەس ناتوانێ وەک مام جەلال قیادەی یەکێتی بکات، بۆیە قیادەی بەکۆمەڵ باشترین چارەسەرە بۆ یەکێتی".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە مەرج نییە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ لەهەموو شوێنێک سەربگرێت، چونکە "هەندێ بابەتی ستراتیژی هەن ئەستەمە بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەو ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی بە نموونە دەهێنێتەوە لە غیابی تاڵەبانیدا "یەکێتی هاوپەیمانی ستراتیژی پارتییە وزۆرجار پێویستیان بە بڕیاری ستراتیژییەو ئەمەش هەندێ ئەستەمە بۆ قیادەی ئێستای یەکێتی کە بەبێ تاڵەبانی بتوانن لە ڕێگەی قیادەی بەکۆمەڵەوە بڕیاری ستراتیژی بدەن".

### بەرهەم ساڵح و پۆستی سەرۆک کۆماری

جگەلەنەبوونی کۆدەنگی لەسەرسەرکردایەتی ئێستای یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی کەسێک لە شوێنی تاڵەبانی. کێشەی دیاریکردنی کەسێکی دیکەش هەیە بۆ شوێنگرتنەوەی تاڵەبانی لە بەغدا بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق کە لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی لە 12/17/2012 ئەو پۆستە بە بەتاڵی ماوەتەوە.

ئالا تاڵەبانی، ڕەتیکردەوە لەنێو یەکێتیدا باس لە شوێنگرتنەوەی تاڵەبانی کرابێت و گوتی "تائێستا شیعەی دەسەڵاتدار داوای نەکردووە کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق دابنرێت، تەنیا موقتەدا سەدر نەبێ کە پاڵپشتی داواکەی داواکاری گشتی عێراق دەکات".

بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی، ناوی لە هەموویان زیاتر دێت بۆ پڕکردنەوەی شوێنی تاڵەبانی لەبەغدا.

بەرهەم ساڵح، لە 2013/5/13 سەردانی ئێران کردو سەردانەکەی هەفتەیەکی خایاند. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی باس لەوە دەکات کە ئێران مەرجی هەیە بۆ ئەوەی بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆک کۆمار. چونکە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق پێویستی بە OKی ئێرانە و ئەم سەردانەی ئەو دواییەی بەرهەم ساڵح بۆ ئێران کە دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێکی کەم هات لە سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ ئەوەیە لە ئەمریکا و تورکیا دووربکەوێتەوە ئەگەرنا تاران ڕازی نابێ شوێنی تاڵەبانی بگرێتەوە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "مەرجی ئێران بۆ ئەوەی بەرهەم ساڵح ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق ئەوەیە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی تاران دەرنەچێت. پشت لە شیعە نەکات و هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعە بپارێزێت". هەروەها "خۆی لە ئەمریکا و تورکیا بەدووربگرێت، چونکە بە کەسێکی نزیکی ئەو دوو وڵاتە دەناسرێت".

فەرید ئەسەسەرد نەیشاردەوە کە ئێران دەستی بەجێبەجێکردنی پلانی خۆی کردووە و گوتی "ئێران ئێستا ستراتیژی نوێی هەیە بۆ عێراق و دەستی بە جێبەجێکردنی پلانەکەی کردووە، بەشێکی ئەو پلانە لەگەڵ هەرێمی کوردستانەو لەماوەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق".

---

لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور

# بارزانی داوا دەکات پرۆژەی دەستوور چیدی دوانەخرێ و بخرێتە ریفراندۆمەوە

ڕووداو-هەولێر

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار و بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕایگەیاند کە دەبێ دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوەو لەوە زیاتر دوانەخرێ. نوێنەرێکی یەکێتی لە خولی پێشووی پەرلەمان و لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووریش دەڵێت "پرۆژەی دەستوور نموونەییە و هەمواریش نەکرێ ئاساییە بخرێتە ریفراندۆمەوە".

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ئەیلولی 2008 بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵام ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە نەخراوەتە ریفراندۆمەوە.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە 2013/5/19 بە مەبەستی ڕاوێژکردن لەبارەی پرۆژەکە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە خولی دووەمی پەرلەماندا ئەرکی پێداچوونەوەی پرۆژەکەی پێ سپێردرابوو، کۆبووەوە.

زانا ڕوستایی، بەرپرسی لێژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی چاودێری کۆمەڵی ئیسلامی کە ئەندامی لێژنەکە بووە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و بەشداری لەو کۆبوونەوەیە کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت "لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر ئەوە پێشاندا کە دەستوور چیدی دوانەخرێ و بخرێتە ریفراندۆمەوە".

ڕوستایی زیاتر باسی هەڵوێستی بارزانی کرد لەسەر دەستوور کە لەو کۆبوونەوەیە باسیکردووە و گوتی "کاک مەسعود گوتی دواخستنی دەستوور زەرەر بە کورد دەگەیەنێ و زۆربەی ئەوانەی ئامادەبوون ڕایان لەگەڵ ڕای بارزانی بوو کە دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە". گوتیشی "تەنها من نەبێ وەکو لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن، ڕای من لەگەڵ ئەوەبوو بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان و هەموار بکرێ تاوەکو کۆدەنگی نیشتیمانی لەسەر بکرێ و بەپێی یاساش هیچ ڕێگرییەک نییە کە دەستوور بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان، هەندێ لە قانوونیەکانی دیکە کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون ڕایان وابوو کە نابێ بگەڕێنرێتەوە".

هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) داوای گەڕانەوەی پرۆژەکە دەکەن بۆ پەرلەمان و هەمواركردنی هەندێ لە ماددەکانی، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بە پێشێلکردنی دەسەڵاتی پەرلەمان دەزانێ و داوا دەکات پرۆژەکە قۆناغە یاساییەکانی خۆی تەواو بکات و بخرێتە بەر ریفراندۆم.

دوای ڕێککەوتنی دەباشان کە لەنێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بە ئامادەبوونی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بەڕێوەچوو، یەکێتیش کە هاوپەیمانی ستراتیژی پارتییە ڕای خۆی گۆڕی و داوای گەڕانەوەی پرۆژەکەی کرد بۆ پەرلەمان.

بارزانی لە 2013/5/4 لە پەیامێکدا کە لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە گوتی "خەڵکی ئێمە لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی سیاسیدان و خۆیان دەتوانن بڕیار لەسەر دوارۆژی خۆیان و پرسە یاسایی و دەستوورییەکان بدەن. زەوتکردنی ئەو مافەی خەڵک هەنگاونانە بەرەو تاکڕەوی شەخسی و حیزبی".

هەر لەو پەیامەدا گوتی "لەبەر زۆر ئەگەر ڕەشنووسی دەستوور نەخراوەتە ڕاپرسییەوە، پرۆسەی دانانی دەستوور پرۆسەیەکی ئاسایی بووە و هەموو قۆناغەکانی بە شێوەی سروشتی بڕیوە، ئێستا مافی خەڵکە کە دەبێت بڕیار بدەن ڕەشنووسی دەستوورەکەیان لا پەسەندە یان نا. ئەو داوایەی کە لایەنە سیاسییەکان لە جیاتی خەڵک بڕیار لەسەر ڕەشنووسی دەستوور بدەن، هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە".

کەریم بەحری، ئەندامی یەکێتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور، پرۆژەکە بە نموونەیی دەزانێ و دەڵێ "دەستووری هەرێمی کوردستان دەستوورێکی نموونەییە و ئەگەر هەمواریش نەکرێ هەر ئاساییە، بەڵام بۆ سەلامەتی کورد باشتر وایە هەموار بکرێ".

بەحری کە یەکێک بوو لەوانەی ئامادەی کۆبوونەوەی بارزانی بووە بە (ڕووداو)ی گوت "بارزانی ڕای وابوو کە دەبێ دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە".

کەریم بەحری، کە ئێستا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە، پێشنیازێکی کردووە لەسەر چۆنیەتی گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان و دەڵێ "بارزانی پرسیاری کرد ئایا دەکرێ تەنیا هەندێ لە ماددەکانی دەستوور بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان. منیش گوتم بەڵێ ئەگەر چەند خاڵێک دەستنیشان بکرێ وەکو پاکێجێک لەپەرلەمانی کوردستان بخرێتە دەنگدانەوە بێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەگەر دەنگی هێنا ئەوا هەمواربکرێ و ئەگەر نا ئەوا ئەوکات دەبێ دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی با کەس نەڵێ سیستەمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان سەرۆکایەتییە بەڵکو سیستەمەکە پەرلەمانییە. زانا ڕوستایی دەڵێ "لەو کۆبوونەوەیەدا کاک مەسعود ماددەی یەکەمی دەستووری هەرێمی کوردستانی خوێندەوەو گوتی بەپێی ئەم ماددەیە سیستەمەکە پەرلەمانییە". بەڵام ڕوستایی دەڵێ "هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە سەرۆکی کۆمار دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێن".

ماددەی یەکی دەستووری هەرێمی کوردستان دەڵێ "کوردستان-عێراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، سیستەمە سیاسیەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتییە و پشت بە فرەلایەنی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریەوە دەبەستێ".

دوای کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ لێژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە کە "زۆربەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە هاوڕابوون پرۆژەی دەستوور هەموو قۆناغە یاساییەکانی خۆی بڕیوە و بە ئیجماعێکی سیاسی نووسراوەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی دەستوورەکاندا، دەستوورێکی پێشکەوتوو و دیموکراتیانەیە و زۆر بە ڕوونیش ئاماژەی بەوە داوە کە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان پەرلەمانییە و جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ڕاستی و ناوەڕۆکی دەستوور بۆ خەڵک شیبکرێتەوە و داوایانکرد لەبارەی ناوەڕۆکی پرۆژەکەوە چیتر خەڵک چەواشە نەکرێت". هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا "لەسەر ئەوە کۆدەنگ بوون، کە هیچ لایەنێکیش ناتوانێت مافی دەنگدانی خەڵک زەوت بکات، چونکە ئیرادە و دەسەڵاتی گەل ڕەسەن و یەکلاییکەرەوەیە".

ڕووداو



**سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بۆ کوردە**

ڕووداو- هەولێر

عیسام شاکر، ئەندامی تازە هەڵبژێدراو لە ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە رایدەگەیێنێ لێکتێگەیشتن هەیە لە نێو لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە و هەر کوتلەیەک پشکی خۆی پێدەدرێت. ناوبراو پێیوایە ئەو ئەندامەی هاوپەیمانی نیشتمانی (شیعە) پێیوایە ئەوان سەرۆکایەتی پێکهێنانی حکومەتی خۆجیی دەکەن و پۆستی پارێزگار بۆ ئەوان یەکلایی بووەتەوە و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش دەدرێتە لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان (کورد)، عێراقییە-ش پۆستەکانی دیکەی پێدەدرێت وەک جێگری پارێزگار. ئەمە لەکاتێکدا پۆستی پارێزگاری دیالە، پێشتر بەشی عێراقییە بووە.

## د.عەلی حەسەن بەلۆ، ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# تورکیا قەناعەتی بە ئەمریکا هێنا نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهان بفرۆشرێت





**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕاوێژکارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوای سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بۆ ئەمریکا، بڕیاردراوە بۆڕییەکی دیکەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە رابکێشرێت بۆ تورکیا، کە توانای گواستنەوەی 500 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە ڕۆژێکدا. ئاشکراشیکرد کە پێش سەردانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمریکا، ئەنقەرە و کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان ڕێککەوتوون.

### "قسەکانی ئەردۆغان موفاجەئە نەبوون"

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، دوو ڕۆژ بەرلەوەی لەگەڵ باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا لە ڕۆژی 2013/5/14، لە کۆشکی سپی لە واشنتن کۆببێتەوە، بەشێکی ئەجێندای سەردانەکەی بە ناڕاستەوخۆ ئاشکراکرد و ڕایگەیاند کە ئەوان لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، ڕێککەوتنیان کردووە.

ئەو لێدوانەی ئەردۆغان دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. د. عەلی حەسەن بەلۆ، ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی: "ئەوەی ئەردۆغان موفاجەئە نەبوو، چونکە دوو ساڵە تورکیا لەسەر ئەو مەسەلەیە کاردەکات، بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی پێشکەوتوو لەسەر ئاستی جیهان. ئەو هەنگاوەی تورکیا پێویستی بە وزەیە. بۆیە هەر لە زووەوە کاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە بۆئەوەی نەوتی کوردستان لەڕێگەی تورکیاوە بچێتە دەرەوە و ئەردۆغان خۆی تەبەنیی ئەو سیاسەتەی کردووە".

ناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە چەند مانگ لەمەوبەر دەستیپێکردووە، ئەمریکای هێنایە سەر خەت و ناڕازیبوونی خۆی لەو هەنگاوە دەربڕی. گوتیشی دەبێ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە ئەو کارە بکات.

### تورکیا قەناعەتی بە ئەمریکا هێنا

مەسەلەی نەوت کرۆکی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە. حکومەتی عێراق ئامادە نییە موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکان بدات، کە لە هەرێمی کوردستان نەوت بەرهەم دەهێنن.

عەلی بەلۆ باسی هەڵوێستی ئەمریکا دەکات سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان: "ئەمریکا پێیوایە ئەگەر تورکیا ڕێگەی بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوە عێراق دابەش دەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری دۆخی ناوچەکە". بۆیە "هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە ماوەیەک لەمەوبەر شاندێکی باڵای تورکیا سەردانی واشنتنیان کرد، بۆئەوەی قەناعەت بە ئیدارەی ئەمریکا بێنن تاوەکو نەوتی هەرێمی کوردستان بکڕن و لەڕێگەی وڵاتەکەیان (تورکیا)وە لە بازاڕەکانی جیهان بفرۆشرێت".

ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕوونیکردەوە کە مەبەستی تورکیا لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل بۆ ڕازیکردنی ئەمریکایە و گوتی: "ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل سەبارەت بە دەرهێنانی نەوتی کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەمریکا ڕازیبێ نەوتی کوردستان بفرۆشرێت".

عەلی بەلۆ ئاشکرایکرد کە پێشوەختە کار کراوە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و کۆمپانیا ئەمریکییەکە: "ئێکسۆن مۆبیل کۆمپانیایەکی ئەمریکییە و خزمەتێکی مەزن بە ئابووری ئەمریکا دەگەیێنێ"، بۆیە "دوای سەردانی شاندە باڵاکەی حکومەتی تورکیا بۆ ئەمریکا، کە چوار مانگ لەمەوبەر بووە، تورکیا لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل ڕێککەوتن بۆئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە پرۆسە و پلاندانانی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەشداربن".

### نەوتی کوردستان "بە شەفافی دەفرۆشرێت"

کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل، کە بە گەورەترین کۆمپانیای نەوت لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت و بارەگا سەرەکییەکەی لە ویلایەتی تەکساسە لە ئەمریکا، لە مانگی تشرینی یەکەمی 2013دا، گرێبەستێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆکرد. دوای ئەوە هەردوو کۆمپانیای گەورەی نەوت شێڤرۆن و تۆتەڵ و گازپرۆمی ڕووسیش گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژۆکرد.

تائێستا یاسای نەوت و غاز لە عێراقدا نییە و حکومەتی عێراق بەردەوام دەڵێ گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی نەوتەوە "ناشەفاف و نایاساییین"، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە گرێبەستی نەوت واژۆبکات و نەوتیش بفروشێت.

بەگوتەی عەلی بەلۆ کاتێک ئەردۆغان بەئاشکرا دەڵێت "ڕێککەوتنمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە" ئەوە "قسەی ئەردۆغان پەیامێکە بۆ عێراق، کە ئەمە بەقاچاخبردنی نەوت نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی شەفاف نەوتی کوردستان دەفرۆشرێت".

### بۆڕییەکی دیکەی نەوت بۆ تورکیا ڕادەکێشرێت

تورکیا ئێستا کار دەکات بۆئەوەی ببێتە یەکێک لە 10 وڵاتە هەرە بەهێزەکانی جیهان لەبواری ئابووریدا. ئەمەش پێویستی بە وزەی زۆرە و ئێستا ڕۆژانە پێویستی بە 700 هەزار بەرمیل نەوتی خاوە.

هەرێمی کوردستانیش ئێستا سەرقاڵی ڕاکێشانی بۆڕیی نەوتە بۆ نێو خاکی تورکیا. د.عەلی حەسەن بەلۆ، لەبارەی ڕاکێشانی ئەو بۆڕییەوە گوتی: "پرۆژەکە بەرەو کۆتایی دەچێت و لە قەزای سێمێلیش تێپەڕیوە، ئێستا 20 کیلۆمەتری ماوە بگاتە سەر سنووری تورکیا".

ڕاکێشانی ئەو بۆڕییە لەبنەڕەتدا بۆ دابینکردنی غازی سروشتی بووە بۆ وێستگەی کارەبای دهۆک، بەڵام دوای دۆزینەوەی کێڵگەیەکی غازی لەنزیک دهۆک، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا هێڵەکە بۆ سەر سنووری تورکیا ڕابکێشێت، بۆئەوەی نەوتی کوردستان بگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان.

ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاشکرایکرد کە جگە لە ڕاکێشانی ئەو بۆڕییە، بڕیاردراوە بۆڕییەکی دیکەی گواستنەوەی نەوتیش بۆ تورکیا ڕابکێشرێت: "ئەو بۆڕییەی خەریکە کۆتایی بە کارەکانی دێت، توانای هەیە ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بگوازێتەوە. ئەویش نەوتی کێڵگەکانی تاوکێ، تەقتەق و خورمەڵە-یە".

بۆئەوەی هەرێمی کوردستان نەوتی زیاتر هەناردەی دەرەوە بکات، عەلی بەلۆ گوتی: "بڕیاردراوە بۆڕییەکی دیکەی نەوتی ڕابکێشرێت بۆ تورکیا، کە ڕۆژانە بتوانێ 500 هەزار بەرمیل بگوازێتەوە. ئەویش بۆ گواستنەوەی نەوتی کێڵگەکانی بجیل (ئاکرێ)، شێخان، باعەدرێ و بەردەڕەش"، چونکە "نەوتی ئەو کێڵگانە قورسە و کڕیاری تایبەتی خۆی هەیە".

### یەک دۆلار کەمتر بۆ تورکیا نییە

عەلی بەلۆ باسی چۆنیەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستانی کرد، چ بە تورکیا یان بە بازاڕەکانی دیکەی جیهان: "موستەحیلە نەوتی کوردستان بە یەک دۆلار کەمتر بدرێتە تورکیا، بەڵکو بە نرخی بازار پێیان دەفرۆشرێت. هەروەها کۆمپانیاکانی تورکیا، کە گرێبەستی نەوتییان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، قازانج دەکەن و تورکیاش قازانج دەکات. چونکە هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی نزیکە بۆ ئەو دابینکردنی وزەیە".

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان تائێستا 45 ملیار بەرمیلە و زیاتر لە 50 کۆمپانیای بیانی گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکردووە. ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش گوتی: "پێشبینی دەکرێ 25 ملیار بەرمیلی دیکەش زیاد ببێ و یەدەگی نەوتی کوردستان بگاتە 70 ملیار بەرمیل".

### "بەغدا کەیفی خۆیەتی"


ڕەنگە فروشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بۆڕییەوە، کە ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی بکات، کاردانەوەی حکومەتی عێراقی لێبکەوێتەوە. چونکە نەوت بە سامانێکی سروشتی هەژمار دەکرێت و دەبێ ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بفرۆشرێت، بەڵام ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەڵوێستەکەی بەغدا بەگومان بوو و پێیوابوو حکومەتی عێراق نایەوێ کێشەی نەوت لەنێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات، تاوەکو بتوانێ سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی کوردستانیش بکات: "عێراق ئامادە نییە کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، چونکە دوای ڕێککەوتنە حەوت خاڵییەکە، کە لە 29/2013/4 لەنێوان هەولێر و بەغدا واژۆ کرابوو و بەشێکی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نەوتە، حکومەتی عێراق دەڵێ ئەوە ڕێککەوتن نەبووە، بەڵکو تەنیا بڕیاردانبووە لەسەر پێکهێنانی لێژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆیە عێراق نیەتی پاک نییە". بەلۆ گوتیشی "ئەگەر بەغدا ئەم کێشەیە چارەسەرنەکات، ئەوە هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا نەوت دەفرۆشێت".

عەلی بەلۆ پشت بە یاسای (دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتەکانی فیدراڵ) دەبەستێت، کە ڕۆژی 2013/4/23، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسندکراوە. بەپێی یاساکە، ئەگەر لەماوەی 90 ڕۆژدا، دوای ئەوەی هەولێر لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بەغدا ئاگادار بکاتەوە و بەغداش وەڵامی هەرێمی کوردستان نەداتەوە، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی لە بەغدا، نەوت بفرۆشێت.

### کێشەی گازوایل و نەوتی سپی

هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە حەوت ملیۆن لیتر بەنزینە، بەڵام بەگوتەی ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: "بەغدا قەت ئەوەندەی نەداوە، بگرە زۆر لە نیوە کەمتری بەشی هەرێمی کوردستان دەدات". بەپێی قسەی بەلۆ: "بەغدا تەنیا ملیۆنێک و 880 هەزار لیتر بەنزین دەداتە هەرێمی کوردستان. ئەویش 250 هەزاری بۆ هەولێرە، 800 هەزار لیتری بۆ دهۆکە و 830 هەزار لیتریشی بۆ سلێمانییە. بەشێوەیەکی گشتی عێراق تەنیا 25%ی پێداویستیی هەرێمی کوردستان لە بەنزین دابین دەکات".

ئێستا پاڵاوگەی خەبات لە شاری هەولێر، ڕۆژانە ملیۆنێک و 300 هەزار لیتر بەنزین بەرهەم دەهێنێت. وەک عەلی بەلۆ باسیکرد، لەبەرئەوەی داواکاری زۆر لەسەر بەنزین هەیە "بڕیاردراوە تاوەکو مانگێکی دیکە، ملیۆنێک و 300 هەزار لیتری دیکەش بەرهەم بهێنێت. واتە لە یەک ڕۆژدا توانای بەرهەمهێنانی دوو ملیۆن و 600 هەزار لیتری دەبێت". هەروەها "چەند ڕۆژێکی دیکە پاڵاوگەی بازیان لە سلێمانی دەکەوێتە کار و ڕۆژانە ملیۆنێک و 200 هەزار لیتر بەنزین بەرهەمدەهێنێت". بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی خۆماڵیی هەرێمی کوردستان لە بەنزین کەمترە، لە مانگێکی دیکەدا دەگاتە چوار ملیۆن لیتر بەنزین لە ڕۆژێکدا.





### هەرێمی کوردستان چەندی پێویستە و بەغدا چەند دەنێرێت؟

**نەوتی سپی:**

هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە سێ ملیۆن و 330 هەزار لیترە، کەچی حکومەتی عێراق تەنیا ملیۆنێک و 65 هەزار لیتر دەنێرێت

**بەنزین:**

هەرێمی کوردستان پێویستی بە 7 ملیۆن لیتر بەنزینە، بەغدا تەنیا ملیۆنێک و 600 هەزار دەدات.



## کوردستانی

**"مەهێڵن لە سێدارەم بدەن"**

**ڕووداو-تاران**

گیراوی سیاسی کورد، زانیار موڕادی، کە لەلایەن دادگەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە لە نامەیەکدا داوا دەکات فریای بکەون و نەهێڵن لە سێدارە بدرێ. موڕادی لە نامەکەیدا دەڵێت "گەنجانی ئەمریکا و ئەورووپا، لەگەڵ گەنجانی هاوتەمەنی خۆم لە ژاپۆن و ئوسترالیا و فەرەنسا و ئەفریقا و هەموو جیهان، نەهێڵن لە سێدارەم بدەن، ئایا ژیان ئەوەندە بێ بەزەییە، ئەم شانۆیە تەماشا بکات، کە من و کوڕە مامەکەم (لوقمان موڕادی)، لە شەقام لە سێدارە بدرێین و هیچ نەڵێت و هیچ نەکات". زانیار و لوقمان موڕادی 2009/10/17 لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی شاری مەریوان دەستگیر کران.

### ڕۆژانە 10 هەزار واژوو کۆدەکرێتەوە

# سەرۆکی حکومەت و 3 وەزیر و 90 پەرلەمانتاری کوردستان داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیان کردووە

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

بەرپرسانی هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژوو بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان دەڵێن کە خەڵکی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی گەرم لە پرۆسەکە دەکەن و ڕۆژانە لانیکەم 10 هەزار واژوو دەکرێت.

ئەو هەڵمەتە لە 2013/5/8 دەستیپێکردووە و تاوەکو 2013/8/15 بەردەوام دەبێت. بەپێی مەرجەکانی کەمپەینەکە ئەوەی واژۆ بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان دەکات، نابێ تەمەنی لە 12 ساڵ کەمتر بێت.

ساکار ڕەسوڵ، 20 ساڵ، کە قوتابی ئامادەییە و واژۆی بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان کردووە، دەڵێت "بۆیە بەشداریم لەو هەڵمەتەدا کرد، چونکە بەلای منەوە ئەرکێکی نەتەوەییە و پێویستە هەموو کوردێک بەشداری بکات، ئەگەر پێویستیش بکات خۆشم ئامادەم بچم واژوو کۆبکەمەوە".

شاناز ئەحمەد، تەمەن 19 ساڵیش، بەشداری لەو هەڵمەتەدا کردووە و دەڵێت "ئەرکی نەتەوەیی خۆم بەجێهێناوە و پێویستبوو بەشداربم، چونکە ئەگەر ئۆجەلان ئازاد بێت دۆخی باکووری کوردستان بەرەو باشتر دەچێت، هەروەها خەڵکیشم هانداوە بەشداربن".

ئەو هەڵمەتە لە سێ پارچەکەی کوردستان (باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا) و ئەورووپا دەستیپێکردووە و سەرپەرشتیارانی هەڵمەتەکەش دەڵێن بەردەوام دەبن تاوەکو 5 ملیۆن واژۆ کۆدەکەنەوە.

کاوە نادر قادر، ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "کارەکەمان بە مۆڵەت وەرگرتن دەستیپێکردووە، پرۆسەکەشمان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت و هیچ ئاستەنگێکمان بۆ دروست نەبووە لەڕووی ئەمنی".

سەبارەت بە پێشوازی خەڵک لە کەمپەینەکە، کاوە گوتی "خەڵک زۆر بەگەرمی پێشوازی لە پرۆسەکە دەکەن و ڕۆژانە بە لانیکەم 10 هەزار کەس واژۆ بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان دەکەن".

گوتیشی "سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان و 90 پەرلەمانتار و چەندین بەرپرسی حیزبی و حکومی واژۆیان کردووە".

کاوە پێیوایە بەر لەو وادەیەی بۆ تەواوبوونی کەمپینەکە دیارییان کردووە، یەک ملیۆن واژۆ کۆدەکەنەوە، هەروەها گوتی "لە ئەورووپا 4 ملیۆن واژۆ و لە کوردستانیش یەک ملیۆن واژۆ بە ئامانجی ئازادی بۆ ئۆجەلان کۆدەکرێتەوە و دواتر ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت". ناوبراو وردەکاری هەڵمەتەکەی کوردستانی ڕوونکردەوە و گوتی "بۆ یەک ملیۆن واژووی کوردستانیش وا دانراوە لە شاری هەولێر و سلێمانی 500 هەزار واژۆ و لە قەزا و ناحیەکانیش 500 هەزار واژۆ کۆبکرێتەوە".

کاوە گوتیشی "تیمەکانمان بەشێوەی جیا جیا ڕێکخستووە و بۆ هەر چین و توێژێک هەوڵمانداوە تیمەکە لە ئاستی ئەودا بێت، واتا بۆ مامۆستای ئاینی خەڵکێکی نزیک لە خۆیان و بازاڕ خەڵکێک بزانێت لەگەڵ ئەوان قسەبکات و تیمی گەڕۆکیشمان هەیە".

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان 14 ساڵە لە دوورگەی ئیمراڵی زیندانی کراوە و لەو ماوەیەدا چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەچوونە و زیاتر لە 100 کەس لەپێناو ئازدی ئۆجەلان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

### لە ڕانیە و پشدەر 57 هەزار واژوو کۆکراوەتەوە

لە سنوری بیتوێن و پشدەریش لە ڕێگای 6 تیم هەڵمەتەکە بەڕێوەدەچێت و تاوەکو ئێستا توانراوە 57 هەزار واژوو کۆبکرێتەوە.

زەردەشت محەممەدئەمین، ئەندامێکی کەمپەینەکە لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا لە بیتوێن پلانی کۆکردنەوەی 75 هەزار واژوومان هەیە و ڕۆژانە تیمەکانمان لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان واژوو کۆدەکەنەوە و لە قەزای ڕانیە 41 هەزار واژوو و لە پشدەریش 16 هەزار واژوو کۆکراوەتەوە".



کاسبکارێکی دانیشتووی هەولێر واژوو بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان دەکات (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)



### عەبدوڵڵا ئۆجەلان چۆن دەستگیر کرا؟

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ساڵی 1949 لە گوندی ئامارای ناوچەی خەلفەتی ئورفە لە دایکبووە، لە 1978/11/27 لەگەڵ هەڤاڵەکانی، لە گوندی فیسی ناوچەی لیجەی سەر بە ئامەد، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) یان دامەزراند.

لە 1998/10/9 تورکیا زۆری لە سووریا کرد، تاوەکو ئۆجەلان ئەو وڵاتە جێبهێڵێت، دوای ئەوەی ماوەی ساڵانێک بوو کردبوویە شوێنی مانەوەی.

لە 1998/11/4 بەهۆی ئەوەی مافی پەنابەرێتی لە یۆنان پێنەدرا، ڕووی لە ڕووسیا کرد و لەوێ مافی پەنابەرێتی پێدرا.

لە 1998/11/12 حکومەتی ڕووسیا ڕایگەیاند ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتەش ڕێگا بە مانەوەی بدەن، ئەوان ڕێگا نادەن، لەمەوە ئۆجەلان ناچار بوو بە پاسپۆرتێکی ساختەوە ڕوو لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بکات. ئەوکاتیش کە حکومەتی ئیتاڵیا ئۆجەلانی لە ڤێلایەک نیشتەجێ کرد، حکومەتی تورکیا کاردانەوەی توندی نیشاندا و داوایکرد ڕادەستی بکەنەوە. بۆیە لە 1999/1/16 بە فڕۆکەیەکی تایبەت گەڕایەوە یۆنان.

لە 1999/2/1 ویستی لە یۆنانەوە بچێتە بیلارووسیا، بەڵام نەیتوانی و گەڕایەوە ئەسینا.

لە 1999/2/2 ویستی لەڕێی کینیاوە بچێتە باشووری ئەفریقا، بەڵام لە 14ی شوباتی 1999 لە نایرۆبی پایتەخت دەستگیرکرا.

# ئۆجەلانیش دەتوانێ دەنگ بدات

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی پرۆژەی دەستووری گەڵاڵەکراوی تورکیا کە لەلایەن پارتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەوە ئامادەکراوە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانیش دەتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدات. هەریەک لە پارتی دادوگەشەپێدان AKP، پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و پارتی گەلی کۆماری CHPی ئۆپۆزسیۆنیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون.

لەو پرۆژەیەدا، پەرلەمانی تورکیا لەڕێگەی لقی کۆمیسیۆنی سازانی دەستووری و بەپێی دەقی ماددەی تایبەت بە مافی هەڵبژاردن و خۆ بەربژێرکردن و چالاکییە سیاسییەکان، مافی دەنگدان بە ئۆجەلانیش دەدات.

بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی بڕیارە ئەنجام بدرێن، پەیکەری دادگای دەستووری دەگۆڕدرێت، ئەندامانی دادگای دەستووری بۆ ماوەی 12 ساڵ هەڵدەبژێردرێن و لە 19 ئەندام پێکدێن، هیچ کامیشیان بۆیان نییە خۆیان بۆ جاری دووەم بەربژێر بکەنەوە.

لە دانیشتنی ڕۆژی 2013/5/15ی پەرلەمانی تورکیادا، تازەترین پاکێجی ئامادەکراوی هەمووارکردنەوەی دەستووری تورکیا خرایەڕوو، هەریەکە لە پارتی داد و گەشەپێدان AKP، پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و پارتی گەلی کۆماری CHP لەسەر پێدانی مافی "هەڵبژاردن" ڕێککەوتن، لەبەرامبەریشدا پارتی کۆماری نەتەوەپەرست MHP دژی وەستایەوە.

لە دانیشتنی پەرلەماندا ماددەی "هاونیشتیمانیبوون" جارێکی دیکە خرایەوە بەر باس، بەڵام دیسانەوە سازانی پارتەکان لەسەری پێکنەهات.

لەم سۆنگەیەوە، دەقی ئەو ماددەیەی کە دەڵێت "ئەو کەسانەی لە تاوانی بە ئەنقەستەوە گلاون، ناتوانن دەنگ بدەن"، لە گەڵاڵەنامەی پێشنیازکراوی پارتی داد و گەشەپێدان دەردەهێنرێت، پارتی کۆماری نەتەوەپەرست MHP بە بیانووی "ناساندنی مافی هەڵبژاردن بە ئۆجەلان ڕێگا لەبەردەم ئەوە دەکاتەوە مافی خۆکاندیدکردنیشی پێبدات" داوای کرد دەقی ماددەکە وەک خۆی بهێڵدرێتەوە.

یەکێک لەو ماددانەی هەرسێ پارتی داد و گەشەپێدان، پارتی ئاشتی و دیموکراتی، پارتی گەلی کۆماری لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەبوو کە دەقی یاساکەی ئێستا کە دەڵێت "تەنیا ئەو بەندکراوانەی حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە ناتوانن دەنگ بدەن، ئەویش بەو شێوەیەی کە یاساکە دەستنیشانی دەکات" گۆڕا و بەمشێوەیە داڕێژرایەوە "بێجگە لە پلەدارە سەربازییەکان و چەکدارەکان مافی دەنگدانیان هەیە".

لەماوەی گفتوگۆکردنی پرۆژەی دەستووری تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی داواکاری "بنەڕەتی" پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP "مافی بەکارهێنانی زمانی دایک بە گوزارشتی "زمانی خۆی" کەوتە نێو چوارچێوەی یاسای نوێی ئەو وڵاتەوە.

هەر بەپێی خاڵی دووەمی هەمان ماددە، دەوڵەت بۆ ئەو کەسانەی لە زیندانەکاندان و حوکمدراون دەڵێت "لەسەر دەوڵەتی تورکیا پێویستە ژیان و بیروباوەڕ، کولتوور و گوزارشتکردن لەو کولتووره، هاوکات قسەکردن بە زمانی خۆیان بپارێزێت و دڵنیایی پێویست لەم ڕووەوە ببەخشێتەوە".

بەپێی هەمان حوکم، ئەو کەسانەی لە گرتووخانەکاندا "مزگەوت" دروست دەکەن، کارئاسانییان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی پەرستشەکانی لەشێوەی نوێژکردن، ڕۆژووگرتن لە شوێنێکی تایبەت لەناو گرتووخانەدا ئەنجام بدەن.

لە 2010/5/12، پارتی داد و گەشەپێدان AKP لەڕێگەی ژووری ئامادەکردنی پرۆژە یاساکانەوە، پرۆژەی چاکسازی و هەموارکردنەوەی 26 ماددەی دەستووری تورکیای لە چوار پاکێجدا خستەڕوو، دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسەند کرا، عەبدوڵڵا گول، سەرۆک کۆماری تورکیا لە 2010/9/12 خستییە ڕاپرسییەوە، لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەشدا 57.88% دەنگی "بەڵێ"ی بۆ هەموارکردنەوەی و 42.12% دەنگی "نەخێر"ی بەدەستهێنا. تازەترین پاکێجیش دەربارەی هەموارکردنەوە مافی زیندانیانی گرتووخانەکانی تورکیا بوو کە بێجگە لە پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا MHP ، هەریەکە لە پارتی داد و گەشەپێدان AKP، پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، پارتی گەلی کۆماری CHP و پارتی سەعادەت پشتیوانییان لێکرد.






# لە باکووری کوردستان وتاری هەینی بە کوردی دەخوێندرێت

**خانگول ئۆزیەی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند پێشکەشکردنی وتاری هەینی بە زمانی دیکەش ئازادە، لە شارە کوردییەکان دەستکرا بە خوێندنەوەی وتاری هەینی بەزمانی کوردی.

لە تورکیا و باکووری کوردستان، زمانی کوردی لە مزگەوتەکانیش وەکو هەموو شوێنە فەرمییەکانی دیکە، قەدەغەبوو. بۆ ئەوەی ئەم بڕیارەی قەدەغەکردن هەڵبگیرێت نوێژی هەینی مەدەنی دەکرا. نزیکەی 30 مانگ مەلایانی کورد لەسەر جاددە نوێژی هەینییان دەکرد.

بەڵام پیاوانی ئاینی کورد چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ئامەد کۆبوونەوە و بڕیارێکی نوێیان دەرکرد. مەلا زاهید چیفکوران، سەرۆکی کۆمەڵەی پشتیوانی دینداران (DÎAY-DER) ڕایگەیاند، کاتێک دەستیانکرد بە ئەنجامدانی نوێژی مەدەنی لەسەر جادەکان، هەندێک داواکارییان هەبوو "کۆمەڵەکەمان داوایکرد لە مزگەوتەکانماندا وتاری ئامۆژگاری بە کوردی بێت. ئێمەش گوتمان تاوەکو داواکارییەکانمان جێبەجێنەکرێن، نوێژی هەینی لەسەر جادەکان دەکەین".

مەلا زاهید گوتیشی نزیکەی 30 مانگ نوێژیان لەسەر جادە کرد، بەڵام دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کاتی سەفەرەکەی بۆ ماردین ڕایگەیاند ئەوەی بیەوێ با لە مزگەوتەکان وتارەکانی بە کوردی بڵێتەوە، ئەوان بڕیاریاندا نوێژی هەینی لەسەر شەقامەوە ببەنەوە نێو مزگەوتەکان.

مەلا زاهید گوتی "دوای قسەکانی بەڕێز ئەردۆغان، کۆبووینەوە و گوتمان داواکارییە گرنگەکانمان جێبەجێکراون بۆ یارمەتیدانی ئەم پرۆژەیە، ئێمەش بڕیارەکەمان دەگۆڕین".

مەلا زاهید ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا لە زۆر لە مزگەوتەکانی ئامەد و شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان ئامۆژگاری و وتارخوێندن بە کوردییە. هەروەها گوتی "لەو ناوچانەی کە گوتار بە کوردی نادرێت، خەڵک دەتوانێ بڕواتە لای موفتی و داواکاری خۆیان پێشکەش بکەن بۆ وتارخوێندنەوە بە زمانی کوردی".

## کاروباری سیاسی

### مەسیحی و تورکمان داوای جێگری سەرۆکایەتییەکان دەکەن



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆمیۆ هەکاری، سـەرۆکی پارتی دیموکراتی بێت نەهرێن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێنجشەممەی ڕابردوو سەرجەم حیزبە مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریاندا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن. ڕۆمیۆ هەکاری گوتیشی "لایەنە مەسیحییەکان داوایان کردووە، کە یەکێک لە پۆستەکانی سێ سەرۆکایەتییەکە (هەرێم، حکومەت و پەرلەمان)یان پێبدرێت. هەروەها یەشار ئالتی بەرماخ، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "داوامانکردووە پۆسـتی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ نەتەوەی تورکمان بێت".

## دەیانەوێ فریای هەڵبژاردنی ئەمجارە بکەون

# سۆسیالیستە کۆنەکان حیزبێکی تازە ڕادەگەیێنن

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژمارەیـەک لە ئەندامانی پێشـووی مەکتەبی سیاسـی و کادیرانـی جیابـووەوەی حیزبـی سۆسیالیسـتی دیموکراتی کوردستان، سەرقاڵی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسـی نوێن، چاوەڕوانی وەڵامـی وەزارەتی ناوخـۆی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەکەن بۆ پێدانـی مۆڵەت، چونکە وەک یەکێک لە سـەرکردەکانی ئەو حیزبە دەڵێ "دەمانـەوێ فریـای هەڵبژاردنەکانی ئەمسـاڵ بکەوین".

سەلام گۆمەشینی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسـی حیزبـی سۆسیالیسـتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حیزبە نوێیەکە بە (ڕووداو)ی گـوت، لە 2011/2/2ەوە وەک ژمارەیەک لە ئەندامانی پێشووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جاران و هەندێک لەو سیاسەتمەدار و کادرانەی بەهۆکاری جیاواز لە حیزبی سۆسالیست جیابووینەتەوە، بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت بەناوی (بزووتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)ەوە، داواکاریان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە "دەمانەوێ حیزبێکی نوێ ڕابگەیێنین".

گوتیشی "چەند جار بە دوای ئەو داواکارییەدا چووین، ئاسایشی گشـتی هەولێر ڕەزامەندییان لەسەر مۆڵەت پێدانمان دەربڕیوە، بەڵام ئاسایشی سلێمانی هێشـتا وەڵامێکی ڕۆشـنی وەزارەتی ناوخۆیان نەداوەتەوە".

بەپێی یەکێک لە ماددەکانی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1993، کە لە ساڵی 1997 هەموارکراوەتەوە بەناوی (یاسای حیزبە سیاسییەکانی کوردستان)، لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و تێیدا هاتووە "هەر حیزبێکی سیاسی دوای 90 ڕۆژ لە داواکردنی مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر وەزارەت وەڵامی ئەو حیزبـەی نەدایەوە، ئەو حیزبە سیاسـییە ڕاسـتەوخۆ دەبێتە خاوەنی مۆڵەتی کارکردن لە هەرێمی کوردستان".

کاروان سـاڵح، ئەندامی لیژنـەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەوە دەڵێ "سەرقاڵی تاوتوێکردنـی هـۆکاری دواکەوتنـی مۆڵەتـی بزووتنەوەی سۆسیالیستین". کاروان ساڵح گوتیشی هەفتەی ڕابردوو سکاڵایەکی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتانیان پێگەیشـتووە "لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەماندا تاوتوێی سـکاڵاکەمان کرد، بڕیاریشـە هەفتەی داهاتـوو بە ئامادەبوونی بەشـێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری بزووتنەوەکە کۆبوونەوەیەکی دیکە بکەین، دواتر بۆچوونی خۆمان ئاراسـتەی وەزارەتی ناوخۆ دەکەین".

بەپێـی زانیارییەکانـی (ڕووداو) چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەشـی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ، دەستەی دامەزرێنەری ئەو حیزبەی ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کردووە، کە دەستەی دامەزرێنەر ماوەی 10 ڕۆژ مۆڵەت دەدەنە وەزارەت بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری مۆڵەتەکەیان.

وەزیـری ناوخـۆش کـە ڕۆژی 2013/5/19 وەزیری ناوخۆ وەڵامی بەشی یاسایی داوەتەوە و دەڵێ "نابێ لەوە زیاتـر کارەکانیان دوابخرێت، تکایە بەزووترین کات کارەکانیان بۆ ڕاپەڕێنن".

خەلیل عەباس، بەرپرسـی بەرپرسی بەشی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەڵێ "بەوزووانە مۆڵەتی بزووتنەوەکـە دەدەین". ناوبراو هەروەها دەڵێ "ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتمانەوە هەیە، هیچ لارییەکمان لە پێدانی مۆڵەت بەو بزووتنەوەیە نییە، بـەڵام بەپێی ڕێکارە یاسـاییەکان، دەبێ بەڕێوەبەرایەتییەکانـی ئاسایشـی گشـتی لەهەرسـێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی بدەن لەسـەر نەبوونی گرفتی ئەمنی لەبارەی دۆسیێی ئەو کەسـانەی کە دەسـتەی دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیەن".

تائێسـتا ئاسایشی گشـتی هەولێر و دهۆک ڕەزامەندییان لەسـەر داواکاری دامەزراندنی ئەو حیزبە داوە، بەڵام خەلیل عەباس گوتی "چاوەڕێی وەڵامی ئاسایشـی گشتی سـلێمانین، پێشبینی دەکەیـن تاوەکو چەند ڕۆژێکی کەم مۆڵەتەکەیان بۆ تەواو بکەین".



بەپێی یەکێک لـە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت بەهەر حیـزب و کۆمەڵەیەکی سیاسـی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، دەبێ ناو و ناسنامەی 50 کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر و واژۆی 500 کەسیش وەک لایەنگـر یان ئەندامی ئەو پارت و کۆمەڵەیە ڕەوانـەی وەزارەت بکرێـت. محەممەد عەبدوڵڵا، پارێزەری دۆسـێی مۆڵەت وەرگرتنی بزووتنەوی سۆسیالست لەوبارەوە گوتی "وەزارەتمان قەرزاربار کردووە".

محەممـەد عەبدوڵـڵا، بـە (ڕووداو)ی گوت "لە سـەرەتای مانگی 6ی سـاڵی 2011، هەموو زانیارییە کەسـییەکانی 64 ئەندامی دەسـتەی دامەزرێنەر و 560 کەسیش وەک ئەندام و لایەنگری بزووتنەوەکەمـان ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی ئاسایشـی کوردسـتان کردووە، بەڵام ئاسایشی سلێمانی دەستی دەستیمان پێدەکات".

بەپێی نووسراوێکی ئاسایشی گشتی سلێمانی کە کۆپییەکـی دەسـت (ڕووداو) کەوتووە، لە 2012/1/25 لـە وەڵامـی وەزارەتـی ناوخۆ بۆ بەدواچوونی دۆسێی ئەمنی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت، هاتـووە "لەڕووی ئەمنییەوە ئەو ئەندامانەی دەسـتەی دامەزرێنەر کە دەکەونە سـنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە هیچ گرفتێکیان نییە، بەڵام ناوەکەیان لە حیزبی سۆسیالیستەوە نزیکە".


سـەرچاوەیەک لە ئاسایشی گشتی سلێمانی بـە (ڕووداو)ی گـوت "لەدواییـن نووسـراوی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانـدا بـە ژمـارە (ر _ 5719_708) لـە 2013/5/12 وەڵامی وەزارەتی ناوخۆمـان داوەتەوە کە ئـەو بزووتنەوەیە هیچ گرفتێکی یاسایی و ئەمنییان لە سنووری پارێزگای سلێمانی نییە، بەڵام باشترە خۆتان وەک وەزارەت بەدواداچوونی وردتریان بۆ بکەن".

### سۆسالیست لە کوردستان

دامەزراندنەوەی (بزووتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان) گەڕانەوەیە بۆ بزووتنەوە کۆنەکەی 38 ساڵ لەمەوبەر، کە لەسـاڵی 1976دا، دوای ساڵێک لە خۆڕێکخستنەوە، بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیسـتی دیموکراتـی کوردسـتانەوە بە سەرۆکایەتی سەیدا ساڵح یوسفی، دروستبوو.

ساڵی 1979 دوای ئەوەی بەشێک لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری لەوانە د.مەحموود عوسـمان و عەدنان موفتـی یەکیانگرت، بووە بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، بەڵام دوای دوو سـاڵ و لە یەکەم کۆنگرەدا لە 1981/5/12 بووە حیزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، بەڵام دواتـر لـە 1992/5/19 دوای یەکگرتنی لەگەڵ پارتی گەل و پاسۆک، دوای ئەوەی هەرسێ حیزب نەیانتوانی بگەنە پەرلەمان، دواتر حیزبی یەکگرتن لەساڵی 1993دا لەگەڵ پارتی یەکیگرت، ڕەسول مامەندیش لەگەڵ بەشێکی سۆسیالیست چووە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان، دوای ماوەیەک لە کۆنگـرەی پارتی لـە 1993دا، محەممەدی حاجـی مەحموود، لە پارتی جیابووەوەو حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.

# پەرلەمانتارانی کوردستان چیدی دەست بەرز ناکەنەوە



**سەنگەر عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانی کوردسـتان هۆڵـی کۆبوونەوەو دانیشـتنەکانی نۆژەنکردەوە، ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشـتی نۆژەنکردنەوەکـەی کـردووە دەڵێ "ئێسـتا هۆڵەکە یەکێکە لە تازەترین و سـەردەمیانەترین هۆڵی دانیشتنەکان، چونکە تازەتریـن و پێشـکەوتووترین کەرەسـتەی ئەلیکترۆنی تێدا بەکارهاتووە".

ماوەی سـێ مانگە کار لـە نۆژەنکردنەوەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردسـتاندا دەکرێت، دوێنێ یەکشەممە هۆڵەکە کرایەوە و پێشانی ڕۆژنامەنووسان درا.

مەهدی مەحموود، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکە بە (ڕووداو)ی گوت "هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان زۆر تەسک بوو، شوێنی پەرلەمانتاران کەم بوو، شوێنی ڕۆژنامەنووسان نەبوو، هۆڵەکە زۆر کۆن بوو، بۆیە سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا هۆڵەکە نۆژەنبکاتەوە بەشێوەیەک هاوتا بێت بە هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمانی وڵاتانی پێشکەوتوو".

جگـە لە هۆڵـی کۆبوونـەوەکان، هۆڵێک بۆ پرۆتۆکۆڵ دروسـتکراوە کە سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەوێ پێشوازی لە شاندە فەرمییەکان دەکات، جگە لەوەش هۆڵی پەناگیری نۆژەنکراوەتـەوە کە یەکێکە لە هۆڵە کۆنەکانی پەرلەمان، هەروەها ئێستا کار لە دروستکردنی هۆڵێکـدا دەکرێـت بـۆ ڕۆژنامەنووسـان کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و پەخشی ڕاستەوخۆی بۆ دابینکراوە و بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا تەواوبکرێت. سەرجەم پڕۆژەکان 5 ملیار دیناری تێدا خەرجکراوە.

مەهدی مەحمـوود گوتی "نۆژەنکردنەوەکە بە سـەردەمیانەترین و پێشکەوتووترین دیزاین ئەنجامدراوە، یەکەمجارە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کار بەو سیستەمە دەکرێت".

ئەرسـەلان بایز، سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان دوای قرتاندنی قردێلەی کردنەوەی هۆڵی نوێی پەرلەمان گوتی "ئەمڕۆ لە ساڵیادی یەکـەم هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردسـتاندا خۆشـحاڵین کە هۆڵی پەرلەمان، بەشێوەیەکی نوێ و سـەردەمیانە لەسەر شێوازی پەرلەمانی وڵاتانی پێشـکەوتوو بە بەکارهێنانی تازەترین تەکنەلۆژیـای دەنگدان و کامێرایتەلەفیزیۆنی و هۆکاری پەیوەندیکردن نۆژەنکراوەتەوە".

لە هۆڵی نوێی پەرلەمانی کوردستاندا چەندین گۆڕانکاری کراوە، ژمارەی کورسییەکان زیادکراوە بۆ 142 کورسی، ئەندامانی پەرلەمان چیدی بۆ دەنگدان دەست بەرز ناکەنەوە، بەڵکو دەنگدان بەشـێوەی ئەلیکترۆنی دەبێـت. جگە لەوەش ئەندامانی پەرلەمان لە شاشـەیەکی بچووکەوە کـە لەبەردەم هەموویاندا دانراوە، بەرنامەی کار و ئەو پڕۆژە یاسایە دەبینن کە لە دانیشتنەکەدا قسـەی لەسـەر دەکرێت. هەروەها ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بەشێوەی ڤیدیۆیی لەگەڵ یەک قسـە بکەن و لەکاتی گفتوگۆکان بیروبۆچوون بگۆڕنەوە.

## بڕیارەکەی 44 ساڵ لەمەوبەر جێبەجێکرا

# هەڵەبجە دەبێتە بچووکترین پارێزگای عێراق

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو بەڵێنەی کە دەڵێ "ئەمجارە هیوامان زۆر پێی هەیە"، لـە تەمەنی کازم عەلی، گەورەترە. گەشبینییەکەی ئەو لە شارێکی ئاوەدان و جوانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئیدی چواردەورەکەی ناچار دەبن ڕووی تێبکەنەوە "ئێسـتا ئێمە دەتوانین بڵێین بەری ڕەنجمان وەدیهاتووە".

ئیدی میدیاکاران لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا لە سـەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ناپرسـن "کەی هەڵەبجە دەکەنە پارێزگا"، چونکە ئێستا دوو لیژنە بە ڕێوشـوێنە یاسایی و ئیدارییەکانی بـە پارێزگاکردنیەوە سـەرقاڵن، وەک نوێنەری هەڵەبجە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی "ئەگەر دەسـتوبرد بکرێ، کەمتـر لە 6 مانگی دیکەی دەوێ".

### لە 3/27وە بووەتە پارێزگا

"یەکێک لە زامەکانمان سـاڕێژ بوو". ئومێد محەممەد بە جۆرێک قسـەی دەکرد کە تابلۆی دەروازەی شـار لێی نووسـرابێ "بەخێربێن بۆ پارێزگای هەڵەبجە". ئەو هاووڵاتییە دەڵێ زۆر زۆر دڵمان خۆشە و دەشزانین ئەوە کاتی دەوێ "بەڵام بەوە بەری ماندووبوونمان دەچنینەوە".

ڕۆژی 2013/3/3 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری شاندێکی بـاڵای حکومی چـووە هەڵەبجـە، هەندێک لە ئامادەبووان هێندە بە پەرۆشی بڕیارە گەورەکەوە بوون، زۆر بە باشـی گوێیان نەدەدایە وردەکاری ئەو 150 ملیار دینارەی سـەرۆکی حکومەت بۆ پرۆژەکان بۆی دەخوێندنەوە.

### لە 27ی ئادارەوە بڕیارەکە دەرچووە

ساڵی 1969 بڕیاری بە پارێزگاکردنی دهۆک و هەڵەبجە پێکەوە دەرچوو، بەڵام ئەوەی دووەمیان لە لیسـتەکەدا مایەوە تاوەکو حکومەتی بەعس 35 ساڵی حوکمڕانی خۆی تەواوکرد لە عێراقدا. لە ساڵی 2003 بەدواوە جارێکی دیکە بابەتەکە چووەوە نێو پەرلەمانی کوردستان و لەو ساڵەدا پەرلەمان پەسەندی کرد.

شێخ حەسـەن عەبدوڵڵا، نوێنەری هەڵەبجە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی دەڵێ دوای ئەوەی هەفتەی پێشووتر لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆوە سەردانیان کردوون، ئەوان ویستوویانە پرسـیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجەیان لێبکەن "بەڵام ئەوان گوتیان ئەو پرسیارەمان لێمەکەن، چونکە لـە 2013/3/27 ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری بە پارێزگابوونەکەی دەرکردووە".

ناوبراو هەروەها دەڵێ کاتێک لەگەڵ لیژنەکە دانیشـتوون، باسـی دیاریکردنـی سـنووری پارێزگاکەیـان لەگەڵ کردوون "دوای دیاریکردنی سنوورەکە، ئینجا کار لەسەر ئەو بەڕێوەبەرێتیانە دەکرێت کە پێویستە لە سەیدسادق و پێنجوێن و شارەزوورەوە بگوازرێنەوە بۆ هەڵەبجە". گوتیشی "ئـەو ئامادەکاریانە بەکەمتر لـە 6 مانگ تەواو دەبن".

### بە 6 ساڵ دەبێتە شارێکی خۆژێن

هەر لە ئێستاوە خەمخۆرانی شارەکە دەیانەوێ لێکۆڵینەوە بکەن لەوەی شارەکەیان کاتێک دەبێتە پارێزگا، چۆن دەتوانێ لەڕووی ئابوورییەوە خۆی بەڕێوەببات.

حەکیم مەلا ساڵح، کە کتێبێکی لەسەر کانزا و بەرهەمە کشـتوکاڵییەکانی شـاری هەڵەبجە نووسـیوە، دەڵێت "دوای شـەش ساڵی دیکە، هەڵەبجـە دەبێتە تاکـە پارێـزگای خۆژێن لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، چونکە بەپێی ئەو توێژینەوەیەی من کردوومە، هەڵەبجە پارێزگایەکە هەمـوو جۆرە بەرهـەم و کانزایەکی هەیە و لە هەموو لایەکەوە دەروازەی بازرگانی هەیە".

وەک ناوبراو باسـیکرد، جـۆرە خۆڵێک لە هەڵەبجە هەیە ململانێی بەنێوبانگترین خشـتی ئیتاڵی دەکات "ئەو خشـتانەی لەساڵی 1972 ماڵی پاشای پێدروستکراوە دوای 41 ساڵ هێشتا بە چەکوچ ناشـکێن"، هەروەها دەڵێ "بەشـی هەموو کوردستان شووشەی تێدایە و بەشی دوو پارێزگا پەتاتە، تەماتە، تووتـن، گوڵەبەڕۆژە، سـەوزە، هەنار و میوەی هەیە، ئەگەر کارگەیان بۆ بکرێتەوە".

لەبەرئـەوەی پێنجوێـن دەبێتـە یەکێک لە قەزاکانی هەڵەبجە، مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ دەکەوێتە سـنووری پارێزگای هەڵەبجە و جگە لەوەش چەند مەرز و ڕێگایەکی دیکەی هاتوچۆی بازرگانی لە سنوورەکە هەن.

ڕووبـەری پارێـزگای دهـۆک، 10 هـەزار و 715 کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە و ژمـارەی دانیشتووانەکەشی ملیۆنێک و 300 هەزار کەسە. هێشـتا لیژنەی دیاریکردنی سنووری پارێزگای هەڵەبجـە نەگەیشـتوونەتە بڕیـاری کۆتایی. بەڵام بەکر حەمە سـدیق، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە هەڵەبجەییە، دەڵێ ڕووبەری پارێزگای هەڵەبجە بە سەیدسـادق و پێنجوێن و شارەزوور، بەبێ دەربەندیخان دەبێتە 3 هەزار و 600 کیلۆمەتر دووجا و ژمارەی دانیشتوانەکەشی دەبێتە 337 هەزار و 559 کەس.


شـێخ حەسـەن عەبدوڵڵا، گوتی "ڕاسـتە هەڵەبجـە بچووکترین پارێـزگای عێراق دەبێ"، بـەڵام کاتێک بووە پارێـزگا، خەڵکێکی زۆر بۆ ئەوێ دەگەڕێنەوە.

### ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە

سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، پیرۆزبایـی لە هەڵەبجەییەکان کرد، بەڵام گوتی "حکومـەت بەبێ ئامادەکاری پێشـوەختە ئەو بڕیـارەی داوە"، کاوە عەبدوڵڵا گوتی "هیوادارم ئەویـش نەکەنە بابەتی پارێزگای سـلێمانی و پارێـزگار و قایمقام و بەڕێوەبـەرەکان، خەڵک بەهەڵبژاردن خۆیان پارێزگار دیاری بکەن، نەک حکومەت و حیزب لەوێ بیسەپێنن".

بـەڵام کاندیدی یەکێتی بۆ پارێـزگاری ئەو شـارە تاوەکو ئێسـتا ئازاد تۆفیـق، ئەندامی مەکتەبـی ڕاگەیاندنی یەکێتییە. ئـازاد تۆفیق دەڵێ ئەو دەمێکە دیاریکراوە "بەڵام ئۆپۆزیسیۆن دژایەتی دانانی من دەکـەن، چونکە دەزانن من کەسـایەتییەکی ناسـراوم و دەمەوێ خزمەتی شارەکە بکەم".

سـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی ڕایگەیانـد ئەگـەر هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنی پارێـزگاکان لـە ئەمسـاڵدا ئەنجام نـەدرێ و دوابکەوێ "هەڵەبجەش وەک پارێزگا بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکات".



دوای هەشت ساڵ لە پەسەندکردنی دەستوور

# "تەنیا 30%ی عەرەبی هاوردە ڕۆیشتوونەتەوە"



عەرەبەکان جگە لە قەرەبووکردنەوە بە پارە پارچە زەوییەکیش وەردەگرن (فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم )

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێــی ڕێشــوێنی یاســایی قۆناخــە دیاریکراوەکانــی مــاددەی 140، دەبووایــە ئێستا حوســێن و خێزانەکەی لە نێو خانووە داگیرکراوەکەیاندا بن، بەڵام دوای 4 ســاڵ لە وەرگرتنی قەرەبووەکە، هێشــتا حوسێن تەنیا بە ناسنامە خەڵکی کەرکووکە "ڕاستە خەونی ئێمــە گەڕانەوە بوو بۆ کەرکــووک، بەڵام ئەو کەرکووکــە نا کە تێیدا ژیانــی منداڵەکانمان بکەوێتە مەترسییەوە".

هەزاران کەسی دیکەی وەک حوسێن عەلی، هێشــتا نەگەڕاونەتەوە کەرکووک، هەرچەندە هەشــت ســاڵ بەســەر پەســەندکردنی ئەو دەستوورەدا تێپەڕ دەبێت کە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی عێراق دەنگیان بۆ داوە.

حوســێن دەڵێت "دوای نەمانی ســەددام ویســتمان بگەڕێینــەوە، بــەڵام کەرکــووک لەوکاتەوە ئارامیی بە خۆیەوە نەبینیوە و ژیان زۆر قورس بووە لەوێ".

ماددەی 140ی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشــەی ئەو ناوچانەی بــە "ناوچە ناکۆکی لەســەرەکان" نێودەبرێن، سێ قۆناخی دیاری کردووە کە بە قەرەبووکردنەوەی دەرکراوەکان و عەرەبــی هــاوردە دەســتپێدەکات و ئینجا قۆناخی سەرژمێری و دوا قۆناخیش ریفراندۆمە بۆ ساخکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە.

بەڵام پرۆســەی قەرەبووکردنەوە ساڵانێکی زۆری کێشا و کۆتایی نەهات. سدیق کاکەڕەش، بەرپرسی نووسینگەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە کەرکووک دەڵێت ئەمســاڵ 172 ملیار دینار، وەک بودجەی قەرەبووکردنەوە دانراوە "بــەو پارەیە 17 هەزار خێــزان بە 10 ملیۆن دینار قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بە 20 ملیــۆن بێ، 8 هــەزار و 500 خێزان قەرەبوو دەکرێنەوە".

مــاددەی 140، بووەتــە پیرتریــن خاڵی ناکۆکــی نێوان هەرێمی کوردســتان و بەغدا، بــە درێژایی 10 ســاڵی ڕابردوو، نووســراوی گلەییەکانی کورد لە حکومەتی عێراق ماددەی 140 و وردەکارییەکانی تێدا نەسڕاوەتەوە. وەک کاکەڕەش سدیق، باسیکرد تاوەکو ئێستا نیوەی پرۆســەی قەرەبووکردنەوە کۆتایی هاتووە و گوتیشی "37 هەزار خێزانی کورد بە 10 ملیۆن دینار و 12 هەزار و 300 خێزانی عەرەبیش بە 20 ملیۆن دینار قەرەبوو کراونەتەوە". هەروەها "61 هــەزار خێزانی کــورد و 7 هەزار خێزانی عەرەب ماون قەرەبوو بکرێنەوە".

## 30%ی عەرەبی هاوردە ڕۆیشتوونەتەوە

بە بڕوای ئەنوەر محەممەد، هەمیشە خەڵک چاویان لەســەر ئەوانە وەک کوردە ئاوارەکانی کەرکووک لە سلێمانی و هەولێر "بەڵام بۆ کەس باســی ئەو عەرەبانە ناکات کە دوو ئەوەندەی ئێمە قەرەبوو وەردەگرن و پارچەیەک زەوییشیان پێدەدرێ و ناگەڕێنەوە شوێنی خۆیان". ئەنوەر محەممەد، داوای دادپەروەری کرد، بۆ مەسەلەی قەرەبوو کردنەوە، هەرچەندە خۆی هێشــتا لە دوورەوە سەیری شارەکەی دەکات، لەکاتێکدا دەتوانێ بگەڕێتەوە.

قســە لەســەر هەبوونی 10 هەزار خێزانی عەرەبی هاوردەیە لە ناو شاری کەرکووکدا، کە بەشی زۆریان لەدوای نەمانی سەدام هاتوونەتە شارەکە. بەپێی قۆناخەکانی مادەی 140، دوای تەواوبوونی قەرەبووکردنەوە، دەبێ سەرژمێری دەستپێبکات.

ڕێبــوار ســەید گــوڵ، کە بەرپرســێکی یەکگرتــووی ئیســلامییە لە کەرکــووک و لە هەمانکاتــدا جێگری ســەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە، پێیوایە "قەرەبووکردنەوە وەک کوتانەوەی ئاســنی ســاردە" و دەڵێت "ئەوەندەی مــن بەدوایدا چووم، تەنیا 30%ی عەرەبی هاوردە ڕۆیشتوونەتەوە".

ناوبراو باســی دانیشــتنێکی خۆی دەکات لەگەڵ وەفدێکی ئەمریکی لە کەرکووک و دەڵێت، ئەمریکییەکان پێیانگوتم "نا دادپەروەرییەکی زۆر هەیــە لە مەســەلەی قەرەبووکردنەوەدا، چونکە عەرەبەکان جگە لەوەی دوو هێندە پارە وەردەگرن ، پارچەیەک زەویشــیان پێدەدرێ، ئێوە بۆ ئەمەتان قبوڵکرد؟".

ڕێبوار سەید گوڵ، پێیوایە ئەو عەرەبانەش کــە چوونەتەوە، بەشــێکیان فێڵــی زۆریان کردووە و دووجاری دیکــە قازانجیان کردووە "ئەو خانووەی داگیریان کردووە فرۆشتوویانە، دیسان چوون لە گەڕەکەکانی یەکی حوزەیران و قەراخی شار موڵکیان کڕیوەتەوە".

## قەرزی دەرەکی و قەرەبوو

پەرلەمانتارێکــی فراکســیۆنی گــۆڕان لە پەرلەمانــی عێراق بــاس لــە خۆدزینەوەی ئاشــکرای حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی مــاددەی 140 دەکات و بەراوردی دەکات بەو ڕێککەوتن و بڕیارە نێودەوڵەتیانەی کە عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بە جددی کاری لەسەر کردوون و دەڵێت لە بژاردنی قەرزەکانی کوێــت، حکومەتی بەغدا جددی بووە "لەو 55 ملیار دۆلارەی لای بووە، ساڵانە 5%ی بودجەی بۆ داناوە و 30 ملیار دۆلاری داوەتەوە".

هەروەها ئاماژە بۆ دانەوەی قەرزی وڵاتانی دیکەی عەرەبــی دەکات هەرچەندە لە 80%ی پارەکە خۆشــبوون. بایەزید حەسەن هەروەها دەڵێــت هەندێک قەرزی دیکەشــی داوەتەوە "بــەڵام بــۆ قەرەبووکردنــەوەی زیانمەندانی نێوخۆیی کــە 300 ملیار دیناری بۆ دانراوە و قەرەبووی مادەی 140، کە هەمیشە کەمی بۆ دادەنرێ، کەمتەرخەمی زۆر هەیە".

## پارەی دوو ڕۆژی نەوتی دەوێ

مــادەی 140ی دەســتووری عێــراق هیچ متمانەیەکــی لە نێوان ســەرکردەکانی کورد و بەغدا نەهێشــتووە. نەرمین عوســمان، کە پێشتر جێگری ســەرۆکی ئەو لیژنەیە بووە، دەڵێــت هەرچەنــدە پــارەی تەرخانکراوی ئەمســاڵ باشترە لە ساڵان "بەڵام ئەو مادەیە هیچ هەنگاوێک ناچێتە پێشــەوە". ئەو جۆرە قســانە لەو نائومێدییە قووڵەوە ســەرچاوە دەگرن کە ئێستا هەمووانی تێکەوتوون.

د.عەلی حەســەن بەلۆ، سەرۆکی پێشتری لیژنەی نــەوت و غاز لــە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە پارەی فرۆشتنی نەوت بەشێوەیەکی ســەرەکی بودجەی عێراقی لەسەر دادەنرێ. بەڵام وای بە پێویســت زانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا فشــار بکەن لە کاتــی دیاریکردنی بودجەدا بــۆ ئەوەی پــارەی قەرەبوو زیاتر دابنرێ.

وەک عەلی حەسەن بەلۆ باسیکرد، عێراق ڕۆژانە 2 ملیــۆن و 400 هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشــێت و نرخی هەر بەرمیلێکیش 100 دۆلارە، کە داهاتی ڕۆژانەی نەوت دەکاتە 240 ملیۆن دۆلار.

بەڵام لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری فراکســیۆنی گۆڕان گوتی "ئەو پارەیەی ماوە بــۆ تەواوکردنی قەرەبوو، تەنیا پارەی 2 ڕۆژ فرۆشتنی نەوتی پێویستە". بایەزید حەسەن، قسەکانی لەتیف مستەفا پشتڕاستدەکاتەوە، بــەڵام گوتــی بودجــەی مــادەی 140 لە نووسینگەی مالیکییەوە دادەنرێ و وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی دیکە ئەو کارە ناکەن "خۆ مالیکی دەتوانێ لــە بودجە 250 ملیار دیناریییەکــەی کە بۆ حاڵەتی لەناکاو دانراوە، پــارەی قەرەبووکەی 140 زیاد بکات، ئەگەر بیەوێ".



عەبدولڕەحمان سدیق *
asidiq1962@yahoo.com

# ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە پڕۆژەی دەستووری کوردستاندا

ســەبارەت بەناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان، یان ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان وەک لەدەستووری عێراقدا هاتووە ، ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە کە لە ماددەی 2ی پڕۆژەی دەســتووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە :

(یەکەم : کوردستان — عێراق ، قەوارەیەکی جوگرافی مێژوویــە ، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بەسنووری کارگێڕیی ئێستایەوەی و، لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەکانی زمار و بەعشــیقەو ئاسکی کەلەک لەپارێزگای نەینەواو، هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بەســنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968یانەوە.

دووەم : ســنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردســتان — عێــراق ، بەپشتبەســتن بەجێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری فیدرالییەوە دیاردەکرێن ).

ئێســتاش دوای ســەردانەکەی شــاندی هەرێمی کوردســتان بۆ بەغداو ، ڕێککەوتن لەسەر7خاڵەکە ، ئەوەش گرنگە کە لە خاڵی 4ەمی حــەوت خاڵەکەدا هاتووە ســەبارەت بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (کە تایبەتە بەو پڕۆژەیەی کەپێشــتر جەنابی ســەرۆک کۆمار تاڵەبانی پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە) و کورتەی ئەو داوایەش دەڵێت :

(هەردوولا کاردەکەن بۆ پەســەندکردنی پڕۆژە یاسای دیارکردنی سنوورە کارگێڕییەکانی ئەو شــار و ناوچانەی کەلەسەردەمی ڕژێمی پێشــوودا گۆڕانکارییــان بەســەرداهێنراوە لەچوارچێــوەی سیاســەتی بەعەرەبکردن و گەمەکردن بەرەوشی ئیتنی و مەزهەبی ).

ئەمــڕۆ ئێمەی کوردســتانیان زۆر گرنگە ســەبارەت بــە کوردســتانییەتی ناوچــە دابڕێنراوەکان گوتاری سیاسییمان یەکبخەین و ، بە یەک گوتاری نەتەوەییەوە جەخت لەسەر ئەم خاڵانــە بکەینەوە بــۆ زامنکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان لەو ناوچانەدا :

یەکەم : ڕێککەوتن لەسەر هەرچی زووتری دەنگدان بۆ دەســتووری هەرێمی کوردستان ، چونکــە دەســتوور کۆکــەرەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیــاوازەکان و بازنەی فراوانی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە .

دووەم : بایەخدان بە گوتاری نەتەوەیی لەو ناوچانــەدا ، کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەو ڕاستییەی دەرخست کەئێستاش گوتاری ڕاست لەو ناوچانەدا گوتاری ناســنامە و ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەییە .

بۆیــە پێویســتە وەک دەســەڵات و ئۆپۆزیســیۆن و بزاڤی سیاسی و ڕێکخراوی ناحکومی و دەستەبژێری کولتووریی و جڤاکی، هەموو پێکەوە هەوڵەکانمان لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە چڕ بکەینــەوەو، زۆریش گرنگە بیری زیاتر لەدۆزینــەوەی میکانیزم گونجاو بکەینەوە بۆ جێبەجێکردنی خاڵی چوارەمی ڕێککەوتننامە حەوت خاڵییەکە، وەک کلیلێک بــۆ جێبەجێکردنــی مــاددەی 140ی نێو دەستووری فیدراڵیی عێراق.

لەوپێناوەشدا لەئاستی نێوخۆدا پێویستی زۆرمان هەیە بە زانین و ناساندنی ئاستەنگە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی ســەر ماددەی 140 و ، هەوڵدانیش پێویســتە بۆ گەیشتن بــە کۆدەنگییەک بۆ چۆنیەتی نەهێشــتنی ئەوئاســتەنگانە و ، دۆزینــەوەی ســوود و بەرژەوەندی بۆ گەلانی هاوجێ و لەگەڵ ئێمە ژیــاوی ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان لە گەلانی وەک تورکمان، ئاشووری، سریان و کلدان و عەرەبی ڕەسەن . هەروەها هەوڵدان بۆ قوڵکردنەوەی کولتــووری پێکەوە هەڵکردن و، بەشــداری پێکردنی ئەو پێکهاتانە لە پۆســت و ئیدارەو فەرمانگەکانی بەڕێوەبردندا .

هەموو ئەمانەش پێشوەختە ڕەتکردنەوەی دووبەرەکــی و ماڵ جیایی و ناکۆکی نێوماڵی کوردمان لێدەخوازێت .

ئەمڕۆ کە هەردوو پێکهاتەکەی دیکەی عێراق لەململانێیەکی سیاســیی تووند و قووڵدان ، عێراق لەهەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستی بەکوردە ، کوردیــش ئەمڕۆ دەتوانێ هەنگاو بەهەنگاو بەشێکی باش لە داواکارییەکانی ئەنجامبدات لەو ســاڵەی کە دەمانگەیێنێتە هەڵبژاردنی پەرلەمانییەکانی ســاڵی 2014 کە پێویستە وەک پێویست خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.



لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری گۆڕان:

# بەپێی پرۆژەیەکی سەرۆک کۆمار ئاکرێ و دهۆک دەخرێنە سەر موسڵ

**ئاسۆ فیشەکی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند ئەگەر پرۆژە یاسای هەڵوەشــاندنەوەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییــەکان لە عێراق بەو ڕەشنووســەی ئێستای پەســەند بکرێ دەبێتە هۆی دابڕینی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردســتان، بەڵام پەرلەمانتارێکی دیکە دەڵێت "لە پرۆژە یاساکەدا باس لە هیچ ناوچەیەکی هەرێمی کوردســتان نەکــراوە و پرۆژەکە تایبەتە بەو ناوچانەی کە ماددەی 140ی دەستوور دەیانگرێتەوە".

یەکێک لــەو خاڵانەی کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خستیە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە دوایین ســەردانیدا بۆ بەغدا لە ٢٩ی نیسانی ڕابردوو، بریتی بوو لە "پێکەوە کارکــردن لەپێناو دانانی یاســای دیاریکردنی سنوورە ئیدارییەکان بۆ پارێزگاکان وەک ئەوەی لە لایەن ســەرۆکایەتی کۆمارەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کــراوە، هەروەها پرۆژە یاسای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە پێشکەش کراوە".

لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانــد "بەپێی ئــەو پرۆژە یاســایەی کە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق پێشکەشی کردووە بۆ هەڵوەشــاندنەوەی هەموو ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیانــەی کە لە پاش ســاڵی ١٩٦٨ لە عێــراق کــراون، دەبێ هەموو ئــەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی ســەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی پێشــوو لە بارەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان لە عێــراق دەریکردووە هەڵبوەشــێنرێتەوە"، گوتیشی "ڕاســتە ئەو یاسایە ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیانــەی کە لە پارێــزگای کەرکووک و هەموو ناوچــە دابڕێنــراوەکان جێبەجێکراون هەڵدەوەشــێنێتەوە، بەڵام دەبێ بیرمان نەچێ کە بەپێی هەمان یاسا دەبێ کۆمەڵێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە سەر پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بۆ نموونە دەبێ دهۆک و ئاکرێ بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی پارێزگای نەینەوا".

بە بڕوای حاکم شــێخ لەتیف "خراپی" ئەو یاسایە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی گشتی خراوەتە ڕوو، بەبێ ئەوەی باس لە وردەکارییەکان بکات "لــە کاتێکدا ئــەو وردەکاریانــە خوێندنەوەو ئەگەری زۆر هەڵدەگرن و دەکرێ بە زیانی کورد بشــکێنەوە، بۆیە چەند جــار وەک نوێنەرانی کورد داوای دووبارە داڕشتنەوەی ئەو یاسایەمان کردووە، بە مەرجێک هەمــوو وردەکارییەکان لەخۆبگرێ".

هەرچەندە ئەو پرۆژە یاسایە دەمێکە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە نێردراوە بۆ حکومەت و لەوێشەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام هێشتا نەخراوەتە نێو کارنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە. حاکم شــێخ لەتیف هۆکارەکەی ڕوونکردەوەو گوتی "چونکە ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ پەســەندکردنی ئەو یاسایەدا نییە". پرۆژە یاساکە لە 2012/10/14 لەلایەن لێژنەی یاســایی پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کراوە.

ئازاد سرێشــمەیی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لــە ئەنجوومەنــی نوێنــەران بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژە یاساکە داوای هەڵوەشاندنەوەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافیە نارەواکان دەکات نەک هەموو ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیانەی کە ڕژێمی بەعســی پێشوو لە عێراق جێبەجێی کردووە". بۆیە دەڵێت "ئەو پرۆژە یاســایە دوور و نزیک باس لە هیچ ناوچەیەکی هەرێمی کوردســتان ناکات، بگرە تایبەتە بەو ناوچانەی کە ماددەی 140ی دەستوور دەیانگرێتەوە".

سرێشــمەیی هــۆکاری تێنەپەڕاندنــی ئەو پرۆژە یاســایەی خستە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق و گوتی "پرۆژە یاساکە دەبێ بخرێتــە کارنامەی دانیشــتنەکانی پەرلەمان، ئەوەش لە دەسەڵاتی دەســتەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە، لە کاتێکدا ئەو دەســتەیە لە سێ ئەندام پێکهاتووە کە یەکێکیان کوردەو ئەوانی دیکە ئوســامە نوجێفی و قوسەی سوهێلن، بە بۆچوونی من هەردووکیان دژی تێپەڕاندنی ئەو پرۆژە یاسایەن".

لــە مــاددەی یەکەمــی پــرۆژە یاســای "هەڵوەشانەوەی گۆڕانکارییە نارەواکانی سنوورە ئیدارییەکانی پارێزگاو شارۆچکەو شارەدێکانی عێراق" کە لە تشــرینی یەکەمی 2011 لەلایەن ســەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە ئامادە کراوە، هاتــووە "دەبێ هەموو ئەو مەرســوم و بڕیار و یاســایانەی ڕژێمی پێشــوو دەریکردوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاســی کــە گۆڕانکاری دیمۆگرافــی نــارەواو یاریکردن بە ســنوورە ئیدارییەکانــی پارێزگاکان و شــارۆچکەکان و شارەدێکانی لێکەوتووەتەوەو لە هەر شوێنێکی کۆماری عێراق جێبەجێکراوە هەڵبوەشێنرێتەوە".

لە یاداشتی یاســاکەدا هاتووە ئەو هۆکارانەی لە پشــتەوەی پێشکەشــکردنی ئەم یاسایەن لەلایەن ســەرۆکایەتی کۆماری عێراق، بریتین لە ڕاستکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە نارەوایانەی کە ڕژێمی بەعســی پێشــوو لەســەر سنوورە ئیدارییەکانی پارێزگاو شارۆچکە و شارەدێکان لە سەرتاسەری عێراق بەرێگەی فەرمان و یاساو مەرســومی کۆماری جیاواز جێبەجێی کردوون و لە بەرژەوەندی گەلــی عێراق نەبوون، بگرە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتەکانی خۆی و بە مەبەســتی بەهێزکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی بووە، بۆیە بەمەبەســتی هەڵوەشانەوەی ئــەو گۆڕانکارییــە نارەوایانــە و گەڕانەوە بۆ ڕەوشی پێش ڕوودانیان لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق ئەم یاسایە ئامادەکرا.

ئابووری

## داهاتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان 650 ملیۆن دۆلارە

ڕووداو- هەولێر

ئەنجوومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان دوێنێ یەکشەممە کۆبووەوە و چەند پرسێکی ئابووری تاوتوێکرد. لەو کۆبوونەوەیەدا راپۆرتێکی بواری گەشتیاری خوێندرایەوە بەپێی راپۆرتەکە لە ساڵی 2007ەوە تاوەکو ئێستا هەموو بەشەکانی بواری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە و لە ساڵی 2012دا نزیکەی 2 ملیۆن و 200 هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و رێژەی داهاتی گەشتیاری 650 ملیۆن دۆلار بووە.

| | | |
|---|---|---|
| 100 $ = 124.900 | 810 $ = 1تەن شیشی خۆماڵی | 720 $ = 1تەن شیشی هاوردە |
| 100 € = 162.750 | 100 $ = 1تەن چیمەنتۆی خۆماڵی | 70 $ = 1تەن چیمەنتۆی ئێرانی |

## بەنیازە 2.5 ملیۆن تۆن گەنم لە جوتیاران بکڕێتەوە



# کوردانی رۆژئاوا گەنم بە رژێمی سووریا نافرۆشن

برادۆست ئازیزی
ڕووداو- هەولێر

مەحمود محەممەد ئەندامی کۆمیتەی هەرێمیی ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا رایگەیاند کە بەنیازن بەرهەمی ئەمساڵی دانەوێڵەی رۆژئاوای کوردستان هەناردەی هەرێمی کوردستان بکەن و هیچ بڕێک لەو بەرهەمە نەفرۆشنە رژێمی سووریا.

هەفتەی رابردوو سەرۆک وەزیرانی سووریا وائیل ئەلهالکی بە پەرلەمانی وڵاتەکەی راگەیاند کە لە 15ی ئەم مانگەوە 2.5 ملیۆن تۆن گەنم لەجوتیاران دەکڕنەوە، بەڵام جوتیارانی کورد ئامادە نین بەرهەمەکانیان بەو حکومەتە بفرۆشن.

بەرپرسەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی: "چەند رۆژێکی دیکە بە فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆ ئەوەی رەزامەندی بدەن لەسەر هەناردەکردنی گەنمی ئەمساڵ بۆ هەرێمی کوردستان". گوتیشی "رژێمی ئەسەد وەکو دەزگای حکومی لە شارەکانی رۆژئاوا نەماوە و ناشمانەوێت لە بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکانمان سوودمەند بێ".

هەروەها پێشبینی کرد کە هەناردەکردنی گەنمی رۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان رێگا بۆ پتەوکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان هەردوو پارچەکەی کوردستان خۆش بکات و گوتی: "پێشتر هەموو بەرهەمەکانمان بە بەلاش بۆ دیمەشق بوو، بەڵام لەمەودوا دەبێ قازانجەکە بۆ کورد بێت کە ئێمە دراوسێی پارچەیەکی کوردستانی ئازادین".

بەبڕوای ئەندازیار جومعە ئەلعەمۆ، دانیشتووی سەرێکانیێ کە پێشتر لە بانکی کشتوکاڵی کاری دەکرد، دروستکردنی پردی نێوان رۆژئاواو هەرێمی کوردستان لەپێشخابور، لەبەرژەوەندی خەڵکی رۆژئاواو هەرێمی کوردستاندایە و لەو رووەوە یارمەتیدەر دەبێت".

10 رۆژی دیکە دروێنەی گەنم لەسەرتاسەری ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان دەستپێدەکات، جوتیارانی رۆژئاوا وەک فەواز عیسۆ گوتی، پەلەیانە لەوەی دەراسەکان زوو بچنە نێو زەویەکانیان "چونکە لە سووتاندنی گەنم دەترسێین کە بەدەستی ئەنقەست بکرێت".

دەگوترێ سایلۆکانی رۆژئاوای کوردستان پێش بەجێهشتنی ناوچەکانی رۆژئاوا لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە خاڵیکراون و گەنمەکەیان رەوانەی شارەکانی لازقیە و تەرتوس کراون کە بە دوو ناوچەی عەلەوی دادەنرێن.

بە وتەی ئەحمەد عیسا کە 260 دۆنم زەوی هەیە لەدەوروبەری شاری قامشلۆ، ئەمساڵ هیچ بەرهەمێکی کشتوکاڵی ناگاتە دەستی رژێم، بەهۆی شەڕ و نائارامی و هەروەها بەهۆی ئەوەش کە زۆربەی ناوچەکانی سووریا لەژێر کۆنترۆڵی رژێمدا نەماون.

ساڵانی رابردوو حکومەتی سووریا گەنمی بە پارەیەکی کەم لە جوتیارانی کورد وەردەگرتەوەو بەپارەیەکی زۆریش هەناردەی دەرەوەی دەکرد. بەڵام ئێستا جوتیارە کوردەکان نایانەوێت بەرهەمەکانیان بەو حکومەتە بفرۆشن. ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی سووریا بە نیازە لەچەند مانگی داهاتوودا بڕی هاوردەکردنی گەنم زیاد بکات.

بازرگانەکان دەڵێن ساڵی رابردوو سووریا زەحمەتی زۆری بینیوە لە دابینکردنی گەنم بۆ وڵاتەکەی، بەڵام ئەمساڵ کە تارادەیەک شەڕ و پێکدادانەکان روویان لەکەمی کردووە، هەنگاو دەنێت بۆ دابینکردنی گەنمی پێویست.

پێویستیە خۆراکیەکان ئابلوقەی نێودەوڵەتییان لەسەر نییە، بەڵام ئابلوقە بانکیەکان و شەڕ بارودۆخێکیان دروستکردووە کە بازرگانی لەگەڵ دیمەشق ئەستەم کردووە. ئێستا دیمەشق بەنیازە لەگەڵ دەڵاڵە بیانیەکان رێککەوتنێک بکات، کە رێگە بەدیمەشق دەدات بۆ کڕینی گەنم بەپێدانی رێژی 3 بۆ 5% جیاواز لەنرخی جیهانی.

جەنگ و نائارامی کاریگەری زۆری خستووەتە سەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لە سووریا و ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم ژیانی هاووڵاتیەکانی دروستکردووە. لەکاتی ئاسایی بەر لەجەنگدا، زۆربەی پێداویستی گەنمی سووریا لەڕێی هاوردەکردنەوە بوو بەرێژەی چارەکێکی بەکارهێنان، هەرچەندە خراپ دورینەوەی ئەو گەنمە وەک ئەوەی لەساڵی 2012 روویدا بووە هۆی بەرزکردنەوەی هاوردەکانی ئەو وڵاتە.

ئەمساڵ بارانێکی زۆر رۆژئاوای کوردستانی گرتەوە کە کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، بەتایبەت گەنم و جۆ و نیسک کە رووبەرێکی زۆر لەشارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەگرێت.

فەواز عیسۆ کە جوتیارێکی خەڵکی شاری دربێسییەیە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) باسی بەرهەمی ئەمساڵی کرد و گوتی: "بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی کە لەناوچەکانمان باری، پێشبینی دەکرێت یەکەی گەنم بگاتە سەرووی 30 و ئێستا هیچ جیاوازیەک نابینرێت لەنێوان گەنمی دێمی و گەنمی بەراو".

ساڵانی رابردوو کوردانی رۆژئاوا بەرهەمی کشتوکاڵیان بە رژێمی سووریا دەفرۆشت بەجۆرێک کە کیلۆی گەنم بە 12 لیرەی سووری بوو (نزیکەی 300 دیناری عێراقی پێش دابەزینی نرخی دراوی سووری)، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی سووریاو نەبوونی متمانەی خەڵک، رژێمی ئەسەد لەبەرهەمی کشتوکاڵی رۆژئاوای کوردستان بێبەش دەبێت.

# خراپی رێگاوبانەکان کاریگەری لەسەر ئابووری کوردستان دادەنێت

یودیت نورینگ

رێگایەکی دووساید، کە ئێستا دروستدەکرێت و پایتەختی هەرێمی کوردستان بە تورکیاوە دەبەستێتەوە، لەناکاو لە بەردەم گردێکی خۆڵاویدا وەستاوە کە گۆڕێکی لەسەرە و چواردەوری بە قردێلەی رەنگ سەوزی ئیسلامی رازاوەتەوە.

تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە بەشێوەیەکی کاتی وەستاوە، رەنگە گۆڕەکە، گۆڕی پیاوچاکێکی ئیسلام بێت. بەرپرسانی ناوچەکە دەترسێن دەستکاریکردنی ئەو گۆڕە، پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان تووڕە بکات.

سیروان سەعید، قایمقامی قەزای رۆڤیا کە قەزایەکی بچووکە و کەوتووەتە باکووری رۆژئاوای شاری هەولێر، هیوادارە کە بەرپرسان رێگەبدەن ئەو گۆڕە بگوازرێتەوە و رێگەکە هەتا کۆتایی ئەمساڵ تەواو بکرێت.

سیروان گوتی "کەس نازانێت ئەوە گۆڕی کێیە، بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە یەکێک بێت لە جەنگاوەرانی ئیسلام کە لەسەدەی حەوتدا ئیسلامەتییان هێناوەتە کوردستان و ئێمە پەیوەندیمان بە وەزارەتی ئەوقافەوە کردووە و هیوادارین بەمزووانە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن".

ئەو گۆڕە، یەکێکە لە چەندین کێشەی بەردەم دروستکردنی شەقام و جادەی نوێ لە کوردستانی عێراق کە ئۆتۆنۆمیەکەی دوای ساڵی 2003ی قۆستووەتەوە بۆ گۆڕینی ناوچەکە بۆ هەرێمێکی ئارام لەنێو وڵاتێکی پڕ توندوتیژیدا.

عیزەت سابیر، ئابووریناس لە زانکۆی سلێمانی لەوبارەیەوە دەڵێت "کاتێک جادەیەکی نوێ دروستدەکرێت لە کوردستان، گەورەترین کێشە ئەوەیە زۆربەی زەویوزارەکانی ئەو جادەیەی لەسەر دروستدەکرێت، شەخسین. بەپێی یاسایەکی کۆن، هەر پارچە زەوییەک کە بۆ ماوەی 30 ساڵ بەکارتهێنابێ دەبێتە موڵکی خۆت، لەبەرئەوە دەبێ حکومەت هەموو ئەو زەویانە بکڕێت کە دەکەونە بەر پرۆژەکە".

رێگاکەی نزیک رۆڤیا بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتری یەک ملیار دۆلاری و رێگایەکی سەرەکییە لەنێوان حاجی ئۆمەرانی نزیک سنووری ئێران بۆ زاخۆی نزیک سنووری تورکیا.

لەزۆربەی شوێنەکانی پرۆژەکە، کارکردن بەردەوامە، بەڵام زانا عوزێر لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو پرۆژەیە هێشتا لە قۆناخی پلاندانانداندایە و ئەوەی ئێستا کاری تێدا دەکرێت تەنیا فراوانکردنی رێگا کۆنەکانە، گوتیشی "بۆ دروستکردنی ئەو ئۆتۆبانە، چاوەڕێی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان دەکەین بێنە پێشەوە".

بەڵام قایمقامی رۆڤیا دەڵێت کە چاوەڕێ ناکات وەبەرهێنەری بیانی ئەو پرۆژەیە بگرێتە ئەستۆ و گوتی "کەس کاری وەبەرهێنان ناکات لە پرۆژەی دروستکردنی رێگای ئۆتۆبان لە کوردستان، لەبەرئەوەی هەر دوو ساڵ جارێک حکومەت دەگۆڕدرێت" و گوتیشی "رەنگە گرێبەستەکە بگۆڕێت هەر جارێک پارتێکی جیاواز دێتە سەر حوکم".

سیروان لەو بڕوایەشدایە کە رەنگە وەبەرهێنەران ساردبنەوە، چونکە وەختێکی زۆریان دەوێت تاوەکو پارە بگەڕێتەوە بۆ دەستیان لەبەرامبەر ئەو کارەی کردوویانە. گەڕانەوەی پارە بۆ پرۆژەی دروستکردنی شەقامی نوێ نزیکەی 2-3 ملیار دۆلارە بۆ ماوەی 25 ساڵ و سیستەمێکی ئەڵتەرنەتیف بۆ دانەوەی پارەی وەبەرهێنەر بەشێوەیەکی خێرا زەحمەتە لە کوردستان پەیڕەو بکرێت، کە تێیدا سیستەمی بانکی هێشتا لە قۆناخی ساوادایە.

ئاماژە بەوەش دەکات کە باجی شەقامەکان بەکاردەهێنرا بۆ دروستکردنی شەقامی دیکە، بەڵام ئەو سیستەمە لەساڵی 1991 لابرا و گوتیشی "بۆ ماوەی 22 ساڵە کورد هیچ باجێکی نەداوە و ناشیانەوێت بیدەن، بۆیە ئێمە ئێستا چاوەڕێی وەبەرهێنەر دەکەین".

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو نەوت و غازەی کە لەو هەرێمەوە دەگوازرێتەوە و بەهۆی جوگرافیای کوردستان کە کەوتووەتە نێوان ئاسیا و ئەورووپا، ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە بوونی رێگا و جادەی باش زۆر گرنگە.

سیروان لەدرێژەدا دەڵێت "رۆژانە نزیکەی 10 هەزار بەرمیل نەوت بە وشکاییدا دەگوازرێتەوە و ئێستا تەنیا یەک بۆڕی هەیە بۆ گواستنەوەی ئەو نەوتە و ئێمە پێویستمان بە بۆڕی زیاتر هەیە، بەڵام ئەوکاتیش نەوتێکی زۆر هەر بە تەنکەر دەگوازرێتەوە".

چالاکییەکی گرنگی دیکەی ئابووری کوردستان کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆیە و ئێستاکە سێ کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ هەن و چاوەڕێ دەکرێت ژمارەکە زیاد بکات بۆ 10 کارگە و هەموو ئەو چیمەنتۆیانەش بە رێگەی تانکەر دەگوازرێنەوە.

دابینکردنی پارە بۆ شەقامەکان مەسەلەیەکی گرنگە بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانیت کە بەرپرسانی کوردستان چەندیان لە دروستکردنی ئەو شەقامانە خەرج کردووە و لە بودجەی ساڵانەی حکومەتیش هیچ زانیارییەکی لەسەر نییە و هەندێکیش دەڵێن کە ئەمە هۆکارەکەی گەندەڵییە و ئەو بڕە زۆرانە بۆ مەبەستی تەواوکردنی پرۆژەکە بەکارنایەت.

سیروانیش دەڵێت کەس لەو بێنە و بەردەیە تێناگات "ئەو کەسەی لە وەزارەتی پلاندانان بەرپرسیارە لە دوای شەش مانگ پۆستەکەی بەجێدێڵێت و ئەو کەسەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە، لە سەرەتاوە دەستپێدەکاتەوە".

گوتیشی "ئێستا نزیکەی 20%ی هەڵئاوسانی ئابووری بەهۆی خراپی رێگاوبانەکان دروستبووە و کاتێکی زۆری دەوێت کەلوپەل بگاتە شوێنی خۆی. رێگاوبانێکی باشتر گواستنەوەی کاڵاکان خێراتر و زۆرتریش دەکات".



# کەس پارە ناداتە سندوقی دەستەی پاراستنی ژینگە

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە
Environmental
protection & Improvement Board

ئارام کاکەخان
ڕووداو- هەولێر

ئەو سندوقەی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2012 دامەزرا، لەگەڵ ئەوەی بڕیار بوو سێ سەرچاوەی داهاتی هەبێت، هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە و بەوهۆیەشەوە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بووەتە دەستەیەکی بێ کارو ناچالاک.

سەرچاوەکانی داهاتی سندوقەکە وەک ئەوەی لەسەرەتای دامەزراندنیدا بڕیاری لەسەر درا بریتین لە سێ سەرچاوە: ئەو بودجەیەی لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، ئەو باجەی دەستەکە دەیسەپێنێتە سەر ئەو شوێنانەی پێشێلکاری دەکەن و ژینگە پیس دەکەن، هەروەها ئەو بەخشین و کۆمەکانەی کە کەسایەتی و لایەنەکانی دۆستی ژینگە بۆ خولقاندنی ژینگەیەکی باشتر لە کوردستان دەیبەخشنە دەستەکە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەستەکە بەدەست نەبوونی بودجەوە دەناڵێنێ.

سەمەد محەممەد، سەرۆکی دەستەکە سەرەڕای ئەوانەش هێشتا گەشبینە و دەڵێت "لە هەوڵی ئەوەداین سندوقەکە چالاک بکەین".

بەختیار عەبدوڵڵا، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارەی بودجەی حکومەت بۆ سندوقەکە دەڵێت "تائێستا بودجەی سندوقەکە سەرف نەکراوە، بۆیە لەڕێگەی بەشە بودجەی خۆمانەوە بۆی دابین دەکەین". سەبارەت بە باجەکانیش بەختیار گوتی "کۆی باجەکان 400 ملیۆن دینارە و لەو کارگەو خواردنگەو پاڵاوگانە وەردەگیرێت کە دەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە، بەڵام تاوەکو ئێستا 24 ملیۆن و 700 هەزار دینار لەو سزایانە وەرگیراوە".

سکرتێری ئەنجومەنەکە گازاندەی لە لایەنە سزادراوەکان هەیە کە هاوکارییان ناکەن لەپێدانی باج و سزاکانیان، گوتیشی "بۆ وەرگرتنی بەشەکەی دیکەی ئەو باجانە و ئەو سزایانە رێگای یاساییمان گرتووەتە بەر".

یەکێک لەسەرچاوەکانی داهاتی ئەم سندوقە وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکەی جیهانی ئەوانەی ئامانجیان پاراستنی ژینگە و خزمەتکردنی دارستان و سەوزاییەکانە، لەکۆمەک و بەخشینەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە کۆمەکێکی پێنەدراوە، بەختیار عەبدوڵڵا گوتی "تائێستا هیچ کەس و لایەنێک پارەی بەو سندوقە نەبەخشیوە".

ئێستا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 16 هەزار کۆمپانیای ناوخۆیی و 2400 کۆمپانیای بیانی هەن و ژمارەی هۆکارەکانی گواستنەوەش گەیشتووەتە ملیۆنێک و 100 هەزار ئۆتۆمبێل. هەروەها کارگەکان لەگەڵ شارەکاندا تێکەڵ بوون و هیچ بەربەستێکی ژینگەیی بۆ پاراستی شارەکان نەماوە و تەنانەت روون نییە کە ئەو کارگانە فلتەر بەکاردەهێنن یان نا، سەرەڕای ئەمەش پەینی کیمیاوی لە کشتوکاڵدا بەکاردێت، کە زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێت و پێویستە قەدەغە بکرێت.

ئەمە گوتەی عەبدولڕەحمان سدیق پسپۆڕی بواری ژینگە و وەزیری پێشووی ژینگەی عێراقە کە پێیوایە دەبێت دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کاری لەسەر بکات. عەبدولڕەحمان سدیق گوتیشی "ژینگەی کوردستان بە هەرسێ پێکهاتەی (خاک و ئاو و هەوا) بەجۆرێک لە جۆرەکان پیسبوون رووی تێکردووە وگەیشتووەتە ئاستێک کە دەتوانین بڵێین کێشە لە ژینگەدا هەیە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی کارەسات، ئەم پیسبوونەش لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنەیە کە لە هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە".

ئەنجومەنی باڵای ژینگەی کوردستان مانگی جارێک کۆبوونەوە دەکەن و سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە دەکات. ئەم ئەنجومەنە کە نوێنەری 14 وەزارەت تێیدا بەشدارن، راوێژکاری وچاودێرییە و جێبەجێکاری نییە. لەدوا کۆبوونەوەکانی ئەم ئەنجوومەنەدا باس لە چۆنیەتی خەرجکردنی پارەی سندوقی ژینگە کرا و بڕیار درا داهاتی ئەو سندوقە بۆ مەبەستی پاراستن و چاککردنی ژینگە خەرج بکرێت و لە رێگەی ئەو داهاتەوە هۆشیاری ژینگەیی بۆ هاووڵاتیان بڵاو بکرێتەوە و هەوڵی سەوزکردنی ژینگەی کوردستان بدرێت و گرنگی بە بواری ریسایکلین و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاو و کڕینی کۆمەڵێک ئامێری پێویست بۆ تاقیگەکان بدرێت بۆ ئەوەی رێژەی پیسبوونی (ئاو، هەوا، خاک) دەستنیشان بکرێت.

سکرتێری ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان دەڵێت "حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ژینگەی کوردستانیان تێکداوە و کوردستانیش لەبەردەم کرانەوەیەکی گەورەی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزاریدایە، ئەگەر بەپێی سیستەمێکی ژینگەیی رێکوپێک نەڕۆین، ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە نەهامەتییەکی گەورە بۆ سەر ژینگەی کوردستان".

بودجەی ئەمساڵی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان 6 ملیار دینار بوو، بەڵام لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەدی هەرێمی کوردستان بووە 8 ملیار دینار و وابڕیارە 2 ملیارە زیادەکە بۆ تاقیگە خەرج بکرێت، بەختیار عەبدوڵڵا دەڵێت "داوا کراوە بڕە پارەیەکی تایبەت بە سندوقەکە هەبێت، بەڵام تا ئێستا قبوڵ نەکراوە و تاکو ئێستاش 2 ملیارە زیادەکە سەرف نەکراوە". گوتیشی "بودجەی دەستە کەمە و تەنها بەشی بەشە کارگێڕییەکەی دەکات و بەشی بەشە زانستییەکەی ناکات".

بەپێچەوانەی ئەو قسانە، دلێر تاریق گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ئێمە رێنماییمان بۆ دەستە دەرکردووە، بەڵام کێشە لەوانە کە نەهاتوون بۆ موراجەعە".

ساڵی ٢٠٠٩ لەگۆڕانکاری کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکاندا، وەزارەتی ژینگەش یەکێک بوو لەوانەی کە لەساڵی ٢٠١٠ کرا بە دەستەی ژینگە و یاسای بۆ دەرکرا و لەیاسای ژمارە 3 کە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەیە، هاتووە "پێویستە سندوقێک بۆ ژینگە دابنرێت" و بەپێی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2008یش، سندووقەکە سێ سەرچاوەی داهاتی دەبێت.

د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان:

# هەر بەرپرسێک سەروەت و سامانەکەی ئاشکرا نەکات ناوی بڵاودەکرێتەوە

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کە چەند رۆژێکە دەستبەکاربووە، دەڵێت بەهۆی ئەوەی هێشتا دەستی بەکار نەکردووە، بەرچاوی روون نییە و نازانێت قەبارەی گەندەڵی لە کوردستان چەندە، بەڵام گوتیشی "بەجدی کاردەکەین و لە هەر شارێک لقێک دەکەینەوە و ژمارەی مۆبایل و ئیمەیل لە سایتەکەمانەوە بڵاودەکەینەوە بۆ هاووڵاتیان".

لە یەکەمین هەڤپەیڤینیدا دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، د. ئەحمەد ئەنوەر گوتی "4 مانگ جارێک راپۆرتەکانمان بڵاودەکەینەوە".

- لەپێش هەموویانەوە سەروەت و سامانی خۆم ئاشکرا دەکەم
- هەر 4 مانگ جارێک راپۆرتی خۆمان لەسەر گەندەڵی بڵاودەکەینەوە

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی



**ڕووداو: هەستناکەن بەرپرسیارێتییەکی زۆر قورس و هەستیارتان وەرگرتووە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** ئەگەر هەر کارێک وەک بەرپرسیارێتی سەیر بکەین، ئەوا لە هەر داوودەزگایەکی حکومەت کار بکەیت بەرپرسیارێتی تێدایە. بەڵام راستە لە کارێکەوە بۆ کارێکی دیکە بەرپرسیارێتییەکە دەگۆڕێ. لەماوەی رابردوو کە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەو دەستەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، زانیمان ئەرکێکی قورسە، چونکە ئەم دەستەیە شتێکی تازەیە لە کوردستان، هەرچەندە یاساکەی لە 2011دا دەرچووە. بەڵام بێگومان ئەگەر سەیری بکەیت، ئەو دەزگایە ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی، ئەگەر لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی نیشتمانی کار بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی نەکرێ ڕەنگە لە کۆتاییدا جگە لە ماندووبوون، بەرهەمێکی ئەوتۆ نەبێ کە ببێتە جێگەی دڵخۆشی خۆت و کارمەندەکانت.

**ڕووداو: لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزیسیۆن گەندەڵی بە قەبارەیەکی زۆر گەورە نیشان دەدات و دەسەڵاتیش دان بە بوونیدا دەنێت، قسەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** ئەوەی قسەی لێدەکرێ بە گشتی شتێکە و ئەوەش کە خۆت کاری لەسەر دەکەیت و بە دۆکیۆمێنت و کاری مەیدانی بەدوایدا دەچی شتێکی دیکەیە. ئێمە پشت بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان دەبەستین، لەگەڵ رێزمان بۆ هەردوو بۆچوونەکە. تا نەچیتە ناو کارەکەوە ناتوانی بە وردی قەبارەی گەندەڵی بزانی. گەندەڵی بابەتێکە بە ئاشکرا ناکرێ و پێویستی بەدەرخستن و بەڵگە هەیە. ئێستا ئێمە بەرچاومان روون نییە تاوەکو ئەو کاتەی دەکەوینە سەرکارەکەمان.

**ڕووداو: چۆن رازی بوون ئەو ئەرکە وەربگرن، هیچ گرەنتی پشتیوانیکردنتان لە سەرۆکایەتییەکان وەرگرتووە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** چەند رۆژێکە دەستبەکاربووین، سەرۆکی پەرلەمانم بینی و پشتگیری خۆی بۆ دووپاتکردینەوە، لە رۆژانی داهاتوودا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەبینم و لەوانەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ببینین. بێگومان زۆر گرنگە هەموو لایەک پشتیوانمان بن و ئێمەش کاری خۆمان دەکەین. دەبێ میدیاکانیش هاوکارمان بن. هەموو لایەک لای خۆیەوە تەئکید لەوە دەکەنەوە لە هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵیدا دەبن، بەڵام کاری ئێمە کارێکی دەزگاییە.

**ڕووداو: میکانیزمی کارکردنتان دەستنیشانکردووە، یان تەنیا بە پێی یاسای دەستەکە کاردەکەن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** یاساکە شێوازەکانی کارکردنی دیاریکردووە، ئەنجومەنێکی هەیە و سەرۆکی دەستە و 3 بەڕێوەبەری تێدا دەبێ و 3 راوێژکاری هەیە، لە هەر پارێزگایەک و ئەو شوێنانەش کە ئیدارەی سەربەخۆیان تێدایە لقێک دەکەینەوە. بەڵام بێگومان پەیڕەوی ناوخۆ دەستەکە خۆی دایدەنێ. ئێمە دەتوانین بە سوود وەرگرتن لە دەستەی نەزاهەی عێراق کاربکەین، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی شارەزان. بۆ خۆشمان خەڵکانی شارەزامان هەیە.

**ڕووداو: رازی دەبن بەوەی تەنیا بۆشاییەک پڕ بکەنەوە، یان دەتانەوێ بەڕاستی دەستەی دەستپاکی و لێپرسینەوە پێشان بدەن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** پرسیارەکە زۆر گرنگە، بەڵام من بۆخۆم هیچ پۆستێکم پێویست نییە، پێشتر لەبەغدا پەرلەمانتار بووم و پێشتریش مامۆستای وانەبێژ بووم لە زانکۆ، وەک وەزیفە پێویستم بە وەزیفە نییە و مەجالم زۆرن بۆ خزمەتکردنی خەڵک. بەڵام ئەگەر دەرفەت هەبێ، هەوڵدەدەین ئەو دەستەیە بە جدی نیشان بدەین و کاربکەین.

**ڕووداو: بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە گونجاو دەزانن بۆ ئەوەی دەستەکە کار لەسەر گەندەڵی و ڕووبەڕووبوونەوەی بکات؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** دەمێکە قسەی لەسەر دەکرێ، میدیا و حیزبەکان و ناوەندەکان دژایەتی گەندەڵی دەکەن و کاریشی بۆ کراوە، بەڵام ئیدی کاری ئێمە ئەوەیە لە رووی مەیدانییەوە ئەو قسانە بکەین بەکار، بەڵام ئێمەش تاوەکو نەچینە ناو کارەکەوە نازانین بەچی دەگەین و بەرچاویشمان روون نییە، تەنانەت هێشتا نازانین گرفتەکان چی دەبن لە بەردەممان.

**ڕووداو: هەنگاوی یەکەم وەک دەستەی دەستپاکی بە ئاشکراکردنی سەروەتی بەرپرسان دەستپێدەکەن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** یەکێک لە ئەرکەکانی دەستەکە ئەوەیە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەبێ سەروەتی خۆیان ئاشکرا بکەن، یاساکە دەستنیشانی کردوون و پێکدێن لە سەرۆکی هەر سێ دەسەڵاتەکە و وەزیرەکان و پەرلەمانتاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگری بەڕێوەبەر و دەزگاکان و ئەفسەرە باڵاکانی وەزارەتی پێشمەرگە و داودەرەکان. هەرکە دەستبەکار بووم لەپێش هەموویانەوە سەروەت و سامانی خۆم ئاشکرا دەکەم. بێگومان دوای دەستبەکاربوونمان فۆرمەکە دەنێرینە لای هەموو ئەوانە و دەبێ سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەمە دەچێتە چوارچێوەی خۆپاراستن لە گەندەڵی، نەک بڵێین ئەوانە گەندەڵییان کردووە.

- دەبێ سەرۆکی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان سەروەتەکانیان ئاشکرا بکەن
- بە ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان دەستپێدەکەین

**ڕووداو: ئەو کەسەی وەڵامی ئێوەی نەدایەوە بۆ ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی خۆی، ئێوە ناوی بڵاودەکەنەوە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** لە یاساکەدا هاتووە، کە لەلایەن دەستەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی فۆرمەکە بداتەوە، ئەگەر ئەوەشی نەکرد، ئەوا بێگومان دەستە ناوی بڵاودەکاتەوە. ئێمە دژایەتی هیچ بەرپرسێک ناکەین و یاسایەک هەیە و دەبێ ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین. خۆ بڵاوکردنەوەی ناویش سزا نییە.

**ڕووداو: ئێستا پێتانوایە تاچەند ڕێوشوێن و میکانیزم و خاڵەکانی یاسای دەستەی دەستپاکی بەغدا و هەرێمی کوردستان لێکدەچن؟**

**د. ئەحمەد ئەنوەر:** هەریەکیان بەپێی شوێنی خۆیان تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، بەڵام لێچوونیشیان زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێ بە تەواوی لەیەکناچن و لەهەندێ خاڵدا جیاوازن.

**ڕووداو: لەچیدا جیاوازن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** لە دەسەڵاتەکاندا، لە هەندێک بواردا دەستەکەی ئێرە دەسەڵاتی زۆرترە، لە هەندێک بواریش ئەوان دەسەڵاتی زیاتریان هەیە.

**ڕووداو: لە چ بوارێک لەوان زیاتر دەسەڵاتتان هەیە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** بۆ نموونە لە چاودێریکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان دەستەکە دەسەڵاتی زۆرترە. لە میکانیزمی دیاریکردنی سەرۆکی دەستەکە ئەم دەستەیە باشترە، لە مەسەلەی سەربەخۆیی زیاتری دەستەدا، یاساکەی ئێمە وەک بەغدا بەو روونییە نەهاتووە. بەڵام ئیشەکان وەک یەکن و ئەوان ماوەی 9 ساڵە ئەزموونیان هەیە و لقیان زۆرە.

**ڕووداو: ئەو رۆژەی دەنگت پێدرا لە پەرلەمان، بەپێی سەرنجدانی دەنگدان و رای ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەمان چۆن لە کارەکانی خۆت تێگەیشتی، ئایا وا تێدەگەیت سەرکەوتوو دەبی؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** خاڵی ئیجابی ئەوە بوو هەموو لایەنەکان هاتنە ناو پرۆسەکە و هیچ لایەک بایکۆتی نەکرد. راستە هەندێک پەرلەمانتار دەنگی سپییان دا، بەڵام ئەوە لە دژی من نەبوو، هەڵوێستەکان هەموو ئەرێنی بوون.

**ڕووداو: راپۆرتی وەرزی و ساڵانەتان دەبێ لەسەر رەوشی گەندەڵی و دەستپاکی لە کوردستان؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** هەر 4 مانگ جارێک راپۆرتێک دەدەینە سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆ رای گشتیش بڵاوی دەکەینەوە، هەرچەندە لە 4 مانگی یەکەم سەرقاڵ دەبین بە خۆڕێکخستن و دیاریکردنی ستاف و لقەکان، بەڵام بێگومان دوای ئەوە راپۆرتەکانمان لەسەر مەسەلەی گەندەڵی و دەستپاکی دەبێ و بڵاوی دەکەینەوە.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر لە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی لای سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، دەتانەوێ دەستتان بەو راپۆرتانەش بگات؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** هەوڵدەدەین پەیوەندی زۆر باشمان لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەبێ، هەرچەندە بەداخەوە، لە ماوەی ئەمساڵدا بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی دیوانەوە کارەکانیان نیمچە سست بووە، بەڵام هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان زۆر گرنگە بۆ ئێمە، چونکە ئەوان چاودێری هەموو دەزگاکانی حکومەت دەکەن و ئاگایان لە چۆنێتی خەرجیی فەرمانگەکانی حکومەتە. ئەوان ساڵانە راپۆرت پێشکەش دەکەن، ئەمساڵ بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سەرۆک، میزانییە بەلای دیوانی چاودێریدا نەڕۆیشت، بەڵام بێگومان ئێمە زۆر پێویستمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان دەبێ.

**ڕووداو: ئەی لەگەڵ داواکاری گشتی؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** ئەوەش یەکێکە لە کارەکانمان، ئەوانیش لە بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن و ئەرکمان وەک یەکە. دەبێ کاری هاوبەشی رۆژانەمان هەبێ.

**ڕووداو: دانانی ستافی دەستەکە و ستافی لقەکان بەپێی رێککەوتنی نێوان حیزبەکان دەبێ یان چۆنە؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** یەکێک لە کەموکوڕییەکانی یاسای دەستپاکی ئەوەیە، تەنیا باس لەوە دەکات کە جێگری سەرۆکی دەستە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دیاری دەکرێ، بەڵام باسی دەزگاکانی خوارەوەی نەکردووە، بەپێچەوانەی دەستەی دەستپاکی بەغدا، کە دەسەڵاتی دامەزراندن و لادانی کارمەندانی دەستەکەی داوەتە سەرۆکی دەستە، بەڵام بێگومان وەرگرتنی هەموو ئەندامان و ستافی دەستەکە بە CV دەبێ، بیر لە ئالیەتێک دەکەینەوە کە کێ فەرمانی دەستبەکاربوونیان بۆ دەربکات. ئەو هەموو ئەرکە زۆرەی خراوەتە سەر دەستەکە، پێویستی بە ستافێکی گەورە هەیە.

**ڕووداو: میکانیزمتان چییە بۆ ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیان دروستبکەن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** لە یاساکە ئەوە دیاری کراوە، ئێمە لە هەموو شارەکان ئۆفیسمان دەبێ و سایت و ناونیشانی ئەلیکترۆنی و ژمارەی تەلەفۆن دادەنێین.

**ڕووداو: تاوەکو چەند تێبینییەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەردەگرن؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** هەر زانیارییەک لە هەر لایەکەوە بەدەستمان بگات، بە مەرجێک بەڵگەی تێدابێ، وەریدەگرین. بەڵام ئەگەر لە ناحیەیەک یان قەزایەک بگوترێ 100 ملیۆن دینار خوراوە، لە کاتێکدا هەموو میزانیەی قەزاکە 50 ملیۆن دینار بێ، ئەوە زانیاری نییە بەڵکو قسەیەکی خۆشە. یان دەبێ شتێکی بڕواپێکەر، یان لانیکەم قسەکان نزیک بن لە لۆژیکەوە.

**ڕووداو: هەڵبژاردنەکان 4 مانگیان ماوە، ئێوە فریای چی دەکەون؟**

**د.ئەحمەد ئەنوەر:** لەوانەیە هەر فریای ئەوە بکەوین دەستەکە دابمەزرێنین و دەستبەکار بین، بەڵام ئێمە ناوەستین و کاری خۆمان دەکەین. ئەوە پێویستی بە فەرمانبەر و خولی راهێنان و شارەزایی و کادری باش هەیە، بەڵام پێشبینی ناکەم تاوەکو پێش هەڵبژاردنەکان بکەوینە کارەوە. پرۆسەی دامەزراندنەکەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورسە، چونکە دەبێ کەسانی شارەزا لە بواری دژە گەندەڵی بدۆزینەوە.

**هەندێک خاڵی یاسای دەستەکەی هەرێمی کوردستان لەوەی بەغدا باشترە**

# لە ڕۆژئاوای کوردستان
# بە لێشاو ڕوو لە فێربوونی کوردی دەکەن

دلخواز بەهلەوی
ڕووداو- هەولێر

لە قوتابخانەیەکدا کە ناوی (عەرەبستان)ەو حکومەتی سووریا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوەڕاستی شاری قامشلۆ دایمەزراندووە، نزیکەی 500 قوتابی ئێوارەی هەموو ڕۆژێک وانەی فێربوونی نووسین بە زمانی کوردی دەخوێنن. لەوکاتەی شارەکانی دیکەی سووریا بەهۆی شەڕو پێکدادانەوە بوونەتە وێرانە، ئەم دیاردەیە خەریکە سەرانسەری شارە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە.

بنکەکانی فێربوونی زمانی کوردی لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا هەن. تەنیا لە قامشلو چوار قوتابخانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراون، لەوانەش: بنکەی ئەحمەد سەبری، محەممەد سەلیم خەڵەف و شەریف ڕەزا کە قوتابخانەی حکومین و پارتی یەکێتی دیموکراتی PYDی نزیک لە PKK تەرخانیکردوون بۆ فێربوونی زمان، سەرباری چەندین بنکەی ڕۆشنبیری سەر بە حیزبەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی، وەک بنکەی سلێمان ئەدیێ سەر بە پارتی یەکێتی کوردی لە سووریا کە بەم دواییە بەشداربووانی یەکەم خولی دەرچواند، هەروەها هەردوو بنکەی ئۆسمان سەبری و سۆبارتۆ.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ زمانی کوردی لەکاتێکدایە کە وەک مامۆستا خورشید دەڵێت، قسەکردن بەکوردی یەکێک بوو لە شتە قەدەغەکان و یاسا سزای بۆ دانابوو "بەکوردی قسەکردن تۆمەتێک بوو بەهۆیەوە لە فەرمانگەکەت دەردەکرای، قەدەغە بوو لەکاتی دەوام جگە لە عەرەبی بە زمانێکی دیکە لەگەڵ قوتابیان قسەبکەین".


یەکێک لە قوتابخانەکانی فێربوونی زمانی کوردی (فۆتۆ: ڕووداو)

لەپاش دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە 15ی ئاداری 2011، بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا لەچوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ نزیکبوونەوە لە کورد و بێلایەنکردنیان لەو شۆڕشەی بەرپابووە، سەرباری بەخشینی ڕەگەزنامە بە دەیان هەزار کورد، مەرسومێکیشی بۆ ئازادکردنی خوێندن بەزمانی کوردی دەرکرد. لەسایەی ئەوەشدا، ئێستا منداڵان لە قوتابخانە حکومیەکاندا زمانی کوردی وەک مادەیەکی بنەڕەتی دەخوێنن.

هەزاران کەسی دیکەش لە گەورەساڵان بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە، ڕوو لەو بنکە و قوتابخانانە دەکەن کە بە سەرپەرشتی حیزبە کوردییەکان و لەسایەی شلبوونەوەی مشتی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد هەروا ژمارەیان زیاتر دەبێت.

فەیسەڵ یوسف، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لەوبارەوە دەڵێت کە "ئێستا هەموو حیزبە کوردییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان گرنگییەکی زۆر بەفێربوونی زمانی کوردی دەدەن، چونکە دەیان ساڵە خەڵکی ئێمە تینووی فێربوونی زمانی خۆیانن، زمان ناسنامەیە و زمانی کوردیش لە زمانە ڕەسەن و دێرینەکانی ئەم ناوچەیەیە".

ئیبراهیم محەممەد، ئەندامی ئەو لیژنەیەی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی پێکهاتووە، گوتی "زمانی کوردی بۆ ئێمە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، ناسنامەی ئێمەیە کە شانازی پێوەدەکەین بۆیە دەبێ ڕۆڵەکانمان فێری زمانی دایکیان بکەین و بیپارێزین".

بۆ مەسەلەی دابینکردنی مامۆستای پێویست بۆ گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی دەڵێت کە پێویستە دەستوور دان بەزمانی کوردیدا بنێت. پێویستە مامۆستای فێرکاری بەتواناش ئامادەبکرێن تاوەکو ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن".

بەڵام باری ئابووری و ئەمنی لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر لە شارەکانی دیکەی سووریا باشتر نییە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو گەمارۆیەی کەوتووەتە سەر ناوچە کوردییەکان دوای پچڕانی ئەو ڕێگا نێودەوڵەتیەی بەحەلەب و شامی دەبەستەوە. لەو بارودۆخە ناهەموار و خراپەدا ئەحمەد موسا، چالاکوان و نووسەر دەڵێت: "ئێمە لە بنەڕەتەوە کە فێری قسەکردن بووین هەر بە کوردی قسەمان کردووە، بۆیە ئێستا کاتی موزایەدەی حیزبی و فێرکردنی زمانی کوردی نییە، نرخی یەک نان چوار دۆلارە، یەک کیلۆ تەماتە سێ دۆلارە، ئێمە ناتوانین نانی ڕۆژانەمان دابین بکەین، باشتر وابوو ئەو حیزبانەی هەوڵی فێرکردنی زمانی کوردی دەدەن، خواردن بۆ خەڵکی دابین بکەن کە بەهۆیەوە ڕۆژانە سەدان خێزان دەڕۆن و ناوچە کوردییەکان چۆڵدەکەن، بە پارتە کوردیەکان دەڵێم فەلسەفە لەسەر برسییەکان لێمەدەن، چونکە ئێستا لەلای ئەوان نان گرنگترە لە قسە".

بەڵام ئەمە ڕای هەموو کوردی ڕۆژئاوا نییە و هەندێک سەرەڕای هەموو زەحمەتییەکانی ژیان بە حەماسەتێکی زۆرەوە خەریکی خوێندنی زمانی کوردین. نەسرین عوسمان خوێندکاری زانکۆ دەڵێت: "کاتێک چوومە قوتابخانەی عەرەبستان بۆ فێربوونی زمانی کوردی هەستمکرد تازە لەدایکبوومە، ئەوە خەونێک بوو هاتەدی، ئەو قوتابخانەیەی تا دوێنێ قەدەغەبوو بەکوردی قسەی تێدا بکەین ئەمڕۆ وانەی کوردی تێدا دەخوێنین".

---

## ملیۆنێک و 500 هەزار کورد لە تاران دەژین

# تەنیا 10 کورد بەشدارییان لە سیمیناری توێژینەوەی زمانی کوردی کرد

فوئاد حەقیقی
ڕووداو- تاران

کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران، 10 ڕۆژ بوو لە ماڵپەڕەکانەوە ڕیکلامی بۆ سیمینارێک دەکرد لە بارەی کێشەکانی زمانی کوردی کە لە تاران بەڕێوەچوو، بەڵام لەو یەک ملیۆن و 500 هەزار کوردەی دەگوترێ لە تاران نیشتەجێن، تەنیا 10 کەس بەشدارییان تێدا کرد کە پێنجیان لە سیمینارەکەدا وتاریان خوێندەوە.

سیمینارەکە ڕۆژی 2013/5/17 لەشاری تاران بە بەشداری چەند توێژەرێکی کورد لە ئیلام، ورمێ، سنە، کرماشان، خوراسان و تاران بەڕێوەچوو، بەڵام لەلایەن کوردانی نیشتەجێی تاران پێشوازییەکی زۆر ساردی لێکرا.

عەلی پاک سرێشت، شاعیر و نووسەری خەڵکی ماکۆ و یەکێک لە بەشداربووانی سیمینارەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو سیمینارە بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی بەڕێوەچوو. چونکە زمانیش ئەگەر سیمینار و کۆڕی لەسەر نەگیرێ وردە وردە دەمرێ".

کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران 13 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن کۆچکردوو بەهائەدین ئەدەب دامەزرا کە نوێنەری شارەکانی سنە، کامیاران و دیواندەرە بوو لە پەرلەمانی ئێران. ئەو کۆڕە لە ساڵی 2007ەوە هەموو پێنجشەممەیەک خولی فێرکاری زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی هەیە. ئەم خولانە کراوەن هەموو کەس دەتوانن بەشداری تێدا بکەن.

عەلی پاک سرێشت دەڵێ "بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە زمانناسێکی فەرەنسی لە ساڵی 2007دا کردوویەتی، زمانی کوردی لەنێو 355 زمانی جیهاندا پلەی 31ی بەدەستهێناوە، کەچی زمانی فارسی کە زمانی فەرمی ئێرانەو دەیان ساڵە کاری لەسەر دەکرێ لە پلەی 40 دا هاتووە. ئەمەش هانمان دەدات زیاتر لە پێناو زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردیدا هەوڵبدەین".

بەوتەی پاک سرێشت، سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناخوێندرێ، بەڵام هێشتا زمانێکی زیندووە". ناوبراو گلەیی هەبوو لەوەی کە کورد خۆی گرنگی بە زمانەکەی خۆی نادات.

ئەندازیار شوجاع ئیبراهیمی، ئەندامی بەڕێوەبەری کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران، ژمارەی کوردانی تارانی بە یەک ملیۆن کورد مەزەندە کرد، بەڵام دکتۆر ڕەحیم فەرەهمەند، سکرتێری گشتی بەرەی یەکگرتووی کورد، بە (ڕووداو)ی گوت "تاران گەورەترین شاری کوردنشینی ئێرانە و ژمارەیان نزیکەی یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس دەبێت".

لە شاری تاران چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بە پاراستنی مافە سیاسی و کلتوورییەکانی کورد هەن لەوانەش بەرەی یەکگرتووی کورد، ئەنجوومەنی کرماشانییەکان، ئەنجوومەنی هەورامیەکان و کۆڕی کوردانی دانیشتووی تاران.

لە سیمینارەکەی تاراندا، هیوا مەسیح، شاعیر و نووسەر و لە کوردەکانی خوراسان، سەبارەت بە کێشەی ئەلف و بێی کوردی توێژینەوەی پێشکەش کردو گوتی کە لە خوراسان هەندێ لە کوردەکان لایەنگری ئەلف و بێی عەرەبین و خەڵکی واش هەیە لایەنگری ڕێنووسی لاتینین.

نووسەرێکی دیکەی خەڵکی خوراسان بەناوی ڕەزا ئەمیری لە وتارێکدا، هەڵسەنگاندنی لەنێوان زمانی کوردی و زمانەکانی ئێرانی دێرین لەوانە زمانی پەهلەوی و زمانی ئاڤێستایی کردو پێیوابوو کە کوردی لە هەموو ئەو زمانانە ڕەسەنترەو پێویستە توێژینەوەی باشی لەسەر بکرێ.

خوراسان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتووەو ناوچەیەکی کوردنشینی لێیە کە بە کوردخانە دەناسرێ و ژمارەی دانیشتووانی بە نزیکەی 2 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێ و بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن.

مەنسوور شەمسی، یەکێکی دیکە بوو لە بەشداربووانی سیمینارەکە کە باسی توانەوەی زمانی کوردی کرد لە ناوچەی خوراسان بە دەستی کوردانی ئەوێ و گوتی "زۆر لە خێزانەکان، بەرلەوەی منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە بە زمانی فارسی قسەیان لەگەڵ دەکەن، چونکە پێیانوایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانە تووشی کێشە نەبن و خێراتر پێشکەون. کەچی لەڕووی زانستییەوە ئەمە ڕەتکراوەتەوەو پێویستە تا تەمەنی 7 ساڵی بە زمانی دایک قسە لەگەڵ منداڵان بکرێ، چونکە دواتر دەرفەت بۆ فێربوونی زمانی فارسی زۆرە".

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی میهر کە ڕۆژی 2012/7/16 بڵاوکراوەتەوە، زۆر لە دایکانی ئیلامی زمانی کوردی فێری منداڵەکانیان ناکەن و بە زمانی فارسی قسەیان لەگەڵدەکەن. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە فارسی قسەکردن لەگەڵ منداڵەکان لە ئیلام بووەتە چاولێکەری و هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە زۆر کەمتر لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی قسە بکەن.

عەلی خۆشبەخت، کە کۆمەڵناسە لەوبارەیەوە بە ئاژانسەکەی گوتبوو "منداڵان پێیان خۆشە بە کوردی قسە بکەن، بەڵام خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادەن".

بە فارسی قسەکردنی منداڵان تەنیا لە ئیلام نییە، بەڵکو زۆر شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتووەتەوە. محەممەد حوسێن بەلەدە، توێژەری زمان، کە خەڵکی کرماشانە لە سیمینارەکەدا گوتی "زمانی کوردی لە ئیلام و کرماشان کاری لەسەر ناکرێ، بەجۆرێک خەریکە وردە وردە زمانەکە لەناودەچێ، بۆیە تا زووە دەبێ کار بۆ پاراستنی زمانی کوردی بکرێ لەو ناوچەیە".



---

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ناوەندە ئەدەبییەکان خەڵک فێری کوردی دەکەن

### بەرپرسی ناوەندی سۆما لە مەهاباد:
### 13 هەزار کەسمان فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی کردووە

ڕووداو- هەولێر

قەدەخەکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوتێکی تازەی لەو بەشەی کوردستاندا دروستکردووە کە خۆبەخشانە کار بۆ ئەوە دەکەن خەڵک فێری نووسین و خوێندنەوە بکەن بە زمانی کوردی.

ئەو ڕەوتە کە بریتین لە ناوەند و ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، تاوەکو ئێستا چەندین خولیان کردووەتەوەو بەو هۆیەش بە هەزاران هاووڵاتیان فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی کردووە.

لە مادەدە 15ی دەستووری ئێراندا هاتووە "زمان و شێوازی نووسین لە ئێران فارسییە، بەڵام خوێندن بە زمانە خۆجێییەکان لە قوتابخانەکان لە پاڵ زمانی فارسیدا ئازادە". کەچی تاوەکو ئەمڕۆش لە ئێران کار بەو مادەیە نەکراوە و لە قوتابخانە و زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خوێندن و نووسین تەنیا بە زمانی فارسییە.

ئەنجوومەن و ناوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا هەوڵیان داوە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسی لەنێوچوون و تواندنەوە بپارێزن. لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازانی ئێراندا دەرفەت بۆ چالاکی ئەو ناوەندانە زیاتر بوو، گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. هەر ئەوکات نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران بۆ یەکەمجار فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردیان پێکهێنا کە یەکێک لە داخوازییەکانیان جێبەجێکردنی مادە 15ی دەستووری ئێران بوو، ئەنجامی هەوڵەکانی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران دانانی وانەیەکی ئارەزوومەندانەبوو بە زمانی کوردی لە زانکۆی سنە، بەڵام دواتر ئەو وانەیەش قەدەخەکرا.

شەریف فەلاح، کە تاوەکو ئێستا چەندین خولی فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووەتەوە، دەستپێکی ئەو خولە فێرکاریانەی گەڕاندەوە بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان و گوتی "ئەوکات ئەو خولانە بە نهێنی و بەشێوەی ڕێکخراوەیی لەلایەن کۆمەڵێک چالاکوانی فەرهەنگی و مامۆستای زمانی کوردی لەناو ماڵان، یان لە حوجرە و ناوەندە فەرهەنگییەکان، بە تایبەت لە شارەکانی سنە، مەریوان و سەقز بەڕێوە دەچوون".

لە ساڵی 1985دا گۆڤارێک بەناوی (سروە) لە شاری ورمێ لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکرایەوە. ناوەندەکە لەلایەن کۆمەڵێک ئەدیب و زمانزانی کورد بەڕێوەدەبرا، ئەوان دواتر لە شارە کوردنشینەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ورمێ) چەندین خولی فێرکاری زمانی کوردییان کردەوە. جگە لەوەش زۆر کەس بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتار و بابەت لەسەر ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی لەلایەن گۆڤاری سروەوە، فێری نووسین و خوێندنەوە بوون بە زمانی کوردی. ئەو گۆڤارە لە هەموو ژمارەکانیدا لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی، بەهەردوو شێوەی تیپی لاتینی و ئارامی هەبوو.

شەریف فەلاح دەڵێ ساڵی 1989 ئیدارەی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی لە پارێزگاکانی کوردستان (سنە)و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ورمێ) مۆڵەتی دامەزراندنی ئەنجوومەنە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی داو ئەوانیش بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیان بە کردنەوەی خولە فێرکارییەکانی زمانی کوردی کرد.

بە وتەی شەریف فەلاح، ئەنجوومەنی فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەریی مەولەوی کوردی سنە، یەکەم ئەنجوومەن بوو کە پرسی زمانی کوردی ورووژاند و لە هاوینی ساڵی 2000دا بۆ ماوەی سێ مانگ خولی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی بە زمانی کوردی لە ناو شاری سنە کردەوە کە 2500 کەس بەشدارییان تێدا کردبوو. ئەو ئەنجوومەنە دواتر لە شارەکانی دێگولان، قروە، ڕەوانسەر، کامیاران، جوانڕۆ، دیواندەرەو دەوروبەری مەریوان، چەندین خولی فێرکاری زمانی کوردی کردەوە.

لە 5ی ئابی 2000 ناوەندی سۆما لە شاری مەهاباد دامەزرا و چەندین خولی فێرکاری زمانی کوردی لە مەهاباد کردەوە، دواتر چالاکییەکانی پەرە پێدا لە شارەکانی سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار، شنۆ و بۆکان. ئەو ناوەندە لە ساڵی 2005 خولی فێرکاری زمانی کوردی لە شارەکانی سەر بە سنە و کرماشان و تەنانەت تارانیش کردەوە. ڕەحیم سوڵتانی، بەرپرسی ناوەندی سۆما بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ناوەندەکەیان لە 321 گوندی کوردستان و 31 زانکۆی گەورەی ئێران چالاکی هەیە.



ڕەحیم سوڵتانی، ئاشکرای کرد کە ناوەندی سۆما تا ئێستا دەیان خولی فێرکاری کردووەتەوەو بڕوانامەی فێربوونی زمانی کوردی بە 13 هەزار کەس داوە.

سەبارەت بە خەرجی ئەو خولانەش، ڕەحیم سوڵتانی گوتی "کتێبەکان لەسەر ئەرکی خۆمان چاپ دەکەین، مامۆستاکانیش خۆبەخشانە وانە دەڵێنەوە، پارەدانیش بۆ بەشداریکردن لە خولەکاندا ئارەزوومەندایە و ئەو پارەیەی وەریدەگرین، بۆ لە چاپدانی کتێبەکان خەرجی دەکەین، بەڵام پارە لە گوندنشینەکان وەرناگرین".

بەڵام کاری ئەو ناوەندانە باجی خۆی هەبووە، زۆر لە ئەندامەکانیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراون. یان لە ژێر فشاردا ناچاربوونە وڵات جێبهێڵن. یاخود وازیان لە کارکردن هێناوە.

# تاراوگە

## یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە ئەوروپا دادەمەزرێ



ڕووداو- بەلجیکا

ڕۆژی 2013/5/18 ڕۆژنامەنووســـانی کوردی تاراوگەنشین دوای بەستنی کۆنفرانسێک لە پەرلەمانی بەلجیکا ڕێکخراوێکیان بە ناوی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دامەزراند. ڕۆژنامەنووسان دوای پێشکەشکردنی چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی. ستافێکی 7 کەسیان بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە هەڵبژارد کە پێکدێن لە (هەڤاڵ ئەسلان، نەجیبە قەرەداغی، مەراڵ چیچەک، دلێر ئاکرێی و ئامەد دجلە و دوو ڕۆژنامەنووسی دیکە). بەزۆرینەی دەنگیش بڕیار درا، ژنان نیوەی هەموو لیژنە و لقەکانی یەکێتییەکە پێک بهێنن.



# ئەڵمانیا.. مانگی سوور یەک ملیۆن یۆرۆ بۆ کورد کۆدەکاتەوە

**ئازاد دیجلە**
**ڕووداو- کۆڵن**

دەزگای مانگـــی ســـووری کوردســـتان کە نزیکەی 20 ســـاڵە لە ئەڵمانیـــا یارمەتی بۆ خەڵکی لێقەومـــاوی پارچەکانی کوردســـتان کۆدەکاتەوە، ئەمساڵ نزیکەی یەک ملیۆن یورۆ یارمەتی داوەتە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و پارچەکانی دیکە.

مانگی سووری کوردستان کە ساڵی 1993 لە شاری بۆخوم (Bochum)ی ئەڵمانیا دامەزراوە، ماوەی 20 ســـاڵە لە سەرتاســـەری ئەڵمانیا بە 125 کارمەنـــدەوە بەردەوامی بەکارەکانی دەدات. ئەو دەزگایـــە یارمەتی خەڵکی هەژار و لێقەوماوی شـــەڕی 30 ساڵی دەدات کە لە کوردستان هەیە، هەروەها یارمەتی ئەو منداڵانە دەدات کـــە باوکیان لـــە زیندانە، یارمەتی ئەو منداڵانـــەش دەدات کە بەهـــۆی هەژاری و دەستکورتی خێزانەکانیان ناتوانن درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن.

ڕۆژی 27ی مانگی ڕابردوو، مانگی سووری کوردســـتان بیست و یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا بەست. بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکـــە ڕایانگەیاند "ئەمســـاڵ لەگەڵ زۆر ناوەنـــدی دیکـــە کۆمەکیـــان کۆکردووەتەوە. هەروەها فەرەنسا، سویسرا، بەلجیکا، هۆڵەندا، بەریتانیـــا، دانیمارک و هەندێـــک دامەزراوە و دەزگای جیاجیا یارمەتییان پێشکەشی دەزگاکە کردووە، لە ئەنجامدا توانیویانە ملیۆنێک و 81 هەزار و 773 یۆرۆ کۆبکەنەوە.

هەر لە کۆنگرەکەدا ئاشـــکرا کـــرا کە ئەو کۆمەکـــە گەیشـــتووەتە هەر چـــوار پارچەی کوردســـتان بە تایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتریش یارمەتی منداڵانی پێدراوە "بە گشتی ئەمســـاڵ 999 هەزار یـــۆرۆ دراوەتە خەڵکی لێقەوماو".

## خەڵاتی باشترین سینەماتۆگرافی وەرگرت

# "پێش بەفر بارین" بە خەڵاتەوە لە نیویۆرک گەڕایەوە

**ئەرگولەن تۆپراک**
**ڕووداو- نیویۆرک**

ئەو چەنـــد دەرهێنـــەرە کوردەی بەشداری فێســـتیڤاڵی فیلمی شاری نیویۆرکیان کرد، دوای نمایشکردنی بەرهەمەکانیان بە چەند خەڵاتێکەوە گەڕانەوە.

هەرســـێ دەرهێنەر کازم ئۆز، محەممەد ئاماد و هیشام زەمان، لەنێو سەدان دەرهێنەری بیانی کە بەشدارییان لە فیستیڤاڵی فیلمی تربەکادا کرد، چەند خەڵاتێکیان بەدەســـتهێنا. فیلمەکـــەی هیشـــام زەمان کە محەممەد ئەکتاش کاری بەرهەمهێنانی بـــۆ کـــردووە و نـــاوی پێش بەفربارییـــن (Before Snowfall) بـــوو، لە فێســـتیڤاڵی فیلمی تربەکادا خەڵاتی گرنگی بەدەستهێنا، هەروەها فیلمی دۆکیومێنتاری کازم ئۆز، بەناوی وەرزی کۆتایی eveqan لە فێستیڤاڵی فیلمی زانکۆی هاملێتدا نمایشکرا.

بۆ یەکەمجار دەرهێنەری کورد حوســـێن کارابەیـــی، لـــە ســـاڵی 2008 خەڵاتێکـــی ئەو فیســـتیڤاڵەی بەدەســـتهێنا کە ئەویش خەڵاتـــی باشـــترین دەرهێنەر بـــوو بەهۆی فیلمی (جووین). ئەمساڵیش هیشام زەمان نوێنەرایەتی کوردی کرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی فێستیڤاڵەکە.

هیشـــام زەمان کە لە نۆروێژ دەژیت، بە سپۆنســـەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و میتـــۆس فیلم بـــە فیلمی (پێـــش بەفر بارین) بەشـــداری فێســـتیڤاڵەکەی کرد کە ئەستێرەی هۆڵیوود ڕۆبەرت دەنیرۆ پشتیوانی دەکرد. فیلمەکەی زەمان خەڵاتی باشـــترین ســـینەماتۆگرافی ســـاڵی 2013ی وەرگرت. هیشـــام زەمان لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە سوپاســـی ئەو لایەنانەی کرد کە هاوکارییان کردبوو.

ئەوە یەکەمجار نییە کورد بەشـــداری لە فێستیڤاڵەکانی سینەما دەکات لە ئەمریکا و خەڵات بەدەســـتدێنن.




دەرهێنەری کورد، کازم ئۆز کە سەرەتای ئەو مانگە بۆ ناسینی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکەی لە نیویـــۆرک بوو، لە ســـاڵی 2001 فیلمی "فۆتۆگراف"ی بەرهەمهێناو لەساڵی 2005 لە لۆس ئەنجلس لە فیستیڤاڵی فیلمدا نمایشی کـــرد. هەروەها لە ســـاڵی 2009 بە فیلمی "باهۆز" بەشداری فیستیڤاڵی فیلمی کوردی بوو لە نیویۆرک.

ئـــۆز، کە فیلمـــە دۆکیومێنتارییەکەی لە زانکۆی هاملێت نمایش کرد، لەبارەی سینەمای کـــوردی بـــە (ڕووداو)ی گوت "ســـینەمای کوردی لە تەمەنی گەنجێتیدایە و ســـەرەتای بڵاوبوونەوەیەتی، ئەمریکی و ئەوروپییەکان بـــاش بۆیە بـــە پێویســـتی دەزانێ کـــە ســـینەماکارانی کـــورد پەیوەنـــدی لەگەڵ سینەماکارانی ئەمریکی دروستبکەن.

بەبۆچوونی کازم ئۆز، لە ساڵانی کۆتاییدا زۆر فیلمی کوردی لەناو فێستیڤاڵی ئەمریکیدا نمایشکراون. ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە ئەمریکییەکان ئاشنان بە سینەمای کوردی. ئۆز پێیوایە هۆکاری ئەمەش "هەوڵ و ڕۆڵی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."

کازم ئۆز، جگە لەو فیلمەی نمایشی کرد، سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێکی دیکەشە لە ئەمریکا. لەوبارەوە گوتی "هۆکارێکی هاتنمان بۆ ئەمریکا ئەوەیە من ئێستا لەسەر فیلمێک کاردەکەم کە بەشێکی ڕووداوەکانی لە ئەمریکا ڕوودەدەن. ئەمە دەرفەتێکە بۆ من و هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا ئەم فیلمە بەرهەمبهێنین و لە ئەمریکا دەنگ بداتەوە."

### پرۆسەی ئاشتی فیلمی کوردی زیاد دەکات

کازم ئۆز پێیوایە هێشتا کۆمەڵێک گرفت هەن لە بەردەم سینەمای کوردی کە بە بڕوای ئەو "گەورەترین کێشە نەبوونی بەرهەمهێنانە". بۆیە دەڵێ "ئەگەر ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکرێن هیچ بەربەستێک لەبەردەم سینەمای کوردیدا نامێنێ و لە-15 20 ساڵی داهاتوودا دەبێتە سینەمایەکی پێشکەوتوو."

لە تورکیا هەندێکجار کورد دەبنە بابەتی فیلم و زنجیـــرە دراماکان، بەڵام هەمیشـــە کارەکتەرێکـــی نەرێنی دراوەتـــە کورد. ئۆز پێیوایە لەمەودوا پرســـی کورد پانتاییەکی فراوانتر لە سینەمای تورکی داگیر دەکات و دەڵێت "پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، حکومەت دەنگی لێنەدەهات. بەڵام ئێســـتا لەناکاو فیلمی کوردی دەرکەوت و لە زنجیرە فیلمەکانیشدا باسی کورد زیاد بووە، دەبێت لێیان بپرســـین بۆچی ئەوان پێش پرۆسەی ئاشتی بێدەنگ بوون".



پێیانوایـــە کورد 100 ســـاڵ دواکەوتووە لە دەستپێکردنی ســـینەمادا. دیارە بۆ ئەوەش هۆکاری سیاســـی و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین کە سینەمایەکی دواکەوتووە. لەوانەیە سینەمایەکی زۆر ئازاد و ئۆرجیناڵی لێ دروستبێت".

ئۆز پێیوایە نزیکبوون و یەکترناسینی ئەم دوو سینەمایە، کۆنترین سینەمای ئەمریکا و نوێترین سینەمای کوردی، دەبێتە ئاوێتەیەکی

# 7 فیلمی لەسەر کورد دروستکردووە و کوردیش نایناسێت

## دەرهێنەری فیلمی لەیلا و مەهدی زانا: میدیای تورکی نەیهێشت دەربکەوم



**ڕووداو- پاریس**

هەموو کارەکانی لەبارەی کوردن، بەڵام کەم کورد دەیناسن، ئۆباڵی ئەو نەناسینەی دەخاتە ئەســـتۆی میدیای تورکی و دەڵێت چونکە ئەو وەکو ژنە سیاســـەتمەداری کـــورد لەیلا زانا و مێردەکەی بیـــری دەکردەوە، میدیای تورکی نەیهێشت دەربکەوێ.

قودرەت گونەش لـــە کوردانی ئاناتۆلیای ناوەڕاستە. ساڵی 1978 لە ئەنقەرە ڕۆژنامەوانی خوێندووە. ساڵی 1982 بە زەمالەیەکی دەوڵەتی فەرەنسا هاتووەتە پاریس. قودرەت لە زانکۆی ســـۆربۆن، دکتۆرای لەســـەر فیلمەکانی یەڵماز گۆنەی و کۆمەڵگای تورکیا وەرگرت.

گونەش تائێســـتا 7 فیلمـــی دۆکیۆمێنتاری بەرهەمهێناون، لە نێوانیانـــدا فیلمێک لەبارەی لەیلا و مەهدی زانای مێردی، سەرباری 6 کورتە فیلمی دیکـــە و بابەتی هەموو فیلمەکانیشـــی کێشـــەی کورد و کۆمەڵگای کوردستانە، بەڵام کورد زۆر بە کەمی دەیناسن.

### "میدیای تورکی ناهێڵێت بناسرێم"

قـــودرەت گونەش، ســـەرجەم فیلمەکانی لە فەرەنسا بەرهەمهێناون، تێچووەکەشی لەلایەن دەزگا و ڕێکخراوە فەرەنسییەکان دابینکراوە.

ئەو دەرهێنەرە باســـی هۆکاری نەناســـینی دەکات لە باکووری کوردستان و دەڵێت "میدیای تورکیا بووە کۆســـپ و نەیهێشـــت لە تورکیا و لەلایەن کوردی باکووری کوردســـتان بناسرێم. ئێوەش دەزانن زۆربەی کوردانی باکوور سەیری میدیـــای تورکیا دەکەن". گوتیشـــی "زۆربەی فیلمەکانم لەسەر کێشەی گەلێکی بێ دەوڵەتە کە هەموو شتێکی لێ قەدەخە کراوە، سیستمێک هەیـــە دەیەوێ ئـــەو گەلە بتوێنێتـــەوە، بۆیە فیلمەکانم لەوێ قەدەخەن".

### گوتیان تۆش وەک زاناکان بیر دەکەیتەوە؟

قودرەت گونەش لەساڵی 2004دا لە مۆنپەلیر بە فیلمی "ئالەڤ" بەشـــداری لە فێســـتیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی (دەریای سپی)دا کرد، لەوێ سیناریۆی فیلمەکەی بە یەکێک لە 14 باشترین سیناریۆی فیلمەکانی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە هەڵبژێردرا.

بۆیە پەیامنێرانـــی ڕۆژنامەکانی تورکیا تێی ئاڵان و دیداریان لەگەڵ ساز کرد. قودرەت دەڵێت پەیامنێری ڕۆژنامەی حوریەت و میللیەتی تورکی دیداریان لەگـــەڵ کرد، "گوتیان ئێوە لەســـەر پەنابەرانی کورد دۆکیۆمێنتاریتان دروستکردووە، ژیانی مەهدی زانا و لەیلا زاناتان کردووەتە فیلم، ئایـــا ئێوەش وەکو ئەوان بیر دەکەنەوە؟ منیش گوتـــم ئەگەر وەکو ئـــەوان بیرنەکەمەوە، چۆن دەتوانم ژیانی سیاسییان بێنمە سەر شاشە؟".

گونەش هەر لەدرێژەی ئەو قســـانەدا دەڵێت "لەسەر ئەو قســـانە، ڕۆژنامەکانی تورکیا یەک پیتیشیان لەبارەی منەوە نەنووسی". ئەو باسی ڕووداوێکی دیکە دەکات و دەڵێت کاتێک فیلمی لەیلا زانای بەرهەمهێناوە، دانیال میتێران، ژنی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا فرانسۆ میتێران، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەسەر فیلمەکە کرد، هەرچەندە ئەو دەڵێت کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە زۆرباش بوو "بەڵام ڕۆژنامەی میللیەت ڕەخنەی زۆری ئاراستەی مەدام میتێران و فیلمەکەم کرد". گوتیشی "ئەگەر من سینەماکارێکی تورک بامایە یان نەمگوتبا منیش وەکو لەیلا زانا و مەهدی زانا بیردەکەمەوە، میدیای تورکیا زۆر بە باشی باسی منیان دەکرد".

### بۆچی خێزانی زانای کرد بە فیلم؟

قودرەت گونەش زۆر سەرســـامە بە خێزانی زانـــا، لەبارەی ئـــەوەی بۆچی فیلمی لەســـەر دروستکردوون، گوتی "کاتێک لەیلا زانا لە ساڵی 1991 لەناو پەرلەمانی تورکیا بە زمانی کوردی سوێندی خوارد، زۆر کاری لێکردم، چونکە ئەو لە جێگەیەکدا کە پڕ بوو لە نەژادپەرســـت، بە زمانێکی قەدەخەکراو قسەی کرد".

ئـــەو دەرهێنەرە کـــوردە لە ســـاڵی 2002 بە هـــاوکاری ناوەنـــدی ســـینەمای نەتەوەیی فەرەنسی دەســـتیکرد بە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری (لەیلا) کە تا ئێستا بەشداری لە چەند فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی کردووە و چەند خەڵاتێکیشی بەدەستهێناوە.

قودرەت گونەش لە ساڵی 2004 فیلمێکیشی لەســـەر مەهدی زانا بەناوی (مەهدی زانا، ژیان بە تەورێکی دیکە) دروســـتکرد، گونەش گوتی "کتێب و نووسینەکانی مەهدی زانام خوێندنەوە، زانیم 11 ساڵ لە نێو زیندان بووە، باوکی منیش ئەشـــکەنجە درابوو، ژیانی مەهدی و هاوڕێکانی لە زیندان زۆر کاریان تێکردم، بۆیە بڕیارمدا ئەو فیلمە دروستبکەم".


گونـــەش دەڵێت بـــۆ دروســـتکردنی فیلم ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر دەبێتەوە، بە تایبەتی لەلایەنی داراییەوە. ئەو دەڵێت "بۆ دروستکردنی فیلمێکـــی دۆکیۆمێنتاری دەبـــێ بەرهەمهێنەر لەگەڵ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ڕێکبکەوێ، بەڵام تەلەڤزیۆنی حکومی کەمتر لەگەڵت ڕێکدەکەون، چونکە بەپێی سیاسەتی دەوڵەت کار دەکەن". بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانی گونەش بە پشتیوانی کەناڵە لۆکاڵییەکان دروستکراون "بەڵام تەلەڤزیۆنە لۆکاڵەکانیش پارە نادەن بۆ دروستکردنی فیلم، بۆیە بەرهەمێنەری فیلـــم ناچارە لە دەزگاکانی دیکە پارە بەدەستبێنێ".

فیلمی (لەیلا زانا) بە هاوکاری تەلەڤزیۆنی دەوڵەتـــی (فرانـــس 5) و (جولـــەر فیلمس) دروســـتکرا. گونەش دەڵێت "چونکە ئەو کاتە هەڵوێســـتی فەرەنســـا بەرامبەر کێشەی کورد ئەرێنی بوو".

لەوساڵانەی دواییدا فیلمی کوردی بەشدارییەکی دیاریان هەیە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان و زۆرجار خەڵاتیـــش بەدەســـتدێنن. هەرچەندە گونەش بەوە دڵخۆشە "چونکە ئەم فێستیڤاڵانە بۆ ناســـاندنی ســـینەمای کوردی ڕۆڵێکی باش دەگێڕن". بەڵام دەڵێت "لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵـــەت نییە، فیلمی دەرهێنـــەری کوردی بە فیلمـــی دەوڵەتانی دیکە ئەژمـــار دەکرێت. بۆ نموونە یەڵماز گۆنەی وەکو دەرهێنەرێکی تورک ناوی دەهێندرێ، بەهمەن قوبادیش بە ئێرانی".

قـــودرەت گونـــەش پرۆژەکانـــی خـــۆی بۆ (ڕووداو) ئاشـــکرا کـــردن و گوتـــی "دەمەوێ یەکەمجار فیلمەکانم (ئالەڤ)، (ســـەریراکرن) و (کاغزێ خەیالکری) دروســـتبکەم". (ئالەڤ) باســـی چیرۆکی کچێکی کـــورد دەکات کە لە ئامەد ژیانـــی هاوســـەرگیری پێکدێنێ و دێتە فەرەنسا. لە سەریراکرن چیرۆکی کچێکی بەرتی و لە کاغەزێ خەیاڵکریشدا چیرۆکی بنەماڵەیەکی باشووری کوردستان دەگێڕێتەوە کە لە فەرەنسا پەنابەرن.

## مەریوان لە کۆڵانی باخانە



**ڕووداو- هەولێر**

دوای هەشت ساڵ بێدەنگی، هونەرمەند مەریوان سەفادین ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی ئەلبوومێکی نوێیە بەناوی (کۆڵانی باخان).

مەریوان سەفادین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو ئەلبوومەی لە نۆ تراک پێکهاتووە و هەندێک لە ئاوازەکانی فۆلکلۆرن و هەندێکی دیکەشیان ئاوازی خۆین. کاری میوزیکی ئەو بەرهەمە لەلایەن کارزان مەحمود و سامان تەها کراوەو لە سوید کاری تۆمارکردنی بۆکراوە.

## برادەر: هەندێک هونەرمەند بازرگانی بە شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەکەن

### لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆنسێرت دەکەم بەو مەرجەی نەمکەنە لایەنگری گرووپێک



**ڕۆکا شدۆ**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ بەشداریکردن لە مەینەتی گەلانی سووریا، بە تایبەتی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان، کلیپێکی بە ناوی "ئازادی" دروستکرد. هونەرمەند برادەر ئامادەیە هەموو شتێک بۆ ئەو بەشەی کوردستان بکات، بەو مەرجەی نەیکەنە لایەنگری گرووپێک.

برادەر، بەردەوام بە ریشێکی سپی کەمێک درێژەوە دەردەکەوێ، پتر بە سترانی شۆڕشگێڕی ناسراوە و لە هەر شوێنێک ڕاپەڕینی کورد هەبێ، ئەو لەوێ بە سترانگوتن بۆ هاندانی شۆڕشگێڕان ئامادەیە.

برادەر، ناوی تەواوی محەممەد شەریف تورن-ە و لەبارەی نازناوی (برادەر) دەڵێت "لە هەشتاکاندا کە گۆرانیم دەگوت، حکومەتی تورکیا زۆر ئاستەنگی بۆ دروستدەکردم، بۆ ئەوەی حکومەت نەزانێ من کێم، کاتێک لەسەر شانۆ گۆرانیم دەگوت، هەڤاڵ ء کەسە نزیکەکانم پێیاندەگوتم هەڤاڵ برا، پاشان چوومە دەرەوەی وڵات ء ناوی خۆم کردە برادەر، مانای ئەویش ئەوەیە کە برا چووە دەرەوە".

برادەرلە هەڤپەیڤینێکدالەگەڵ (ڕووداو)باسی دروستکردنی کلیپی (ئازادی) دەکات و دەڵێت "سەرچاوەکەی خۆڕاگری و ڕاپەڕینی گەلی ڕۆژئاوا و وڵاتپەروەریی من و ئازاری دڵمە". برادەر بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەشداری شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بکات و دەڵێت "ئێستا کە خەڵکی ڕۆژئاوا دەیانەوێ مێژووی خۆیان سەرلەنوێ بنووسنەوە، ئێمە دەبێ بە بەرهەمەکانمان بەشداری بکەین لەگەڵ ئەو خەڵکە".

برادەر، لە ماڵباتێکی هونەری لەدایکبووەو لە تەمەنی 16 ساڵیدا فێری ژەنینی ئامێری ساز بووە، باوکی سترانبێژ بووە، برادەر لە تەمەنی 18 ساڵیدا دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە. هۆکارەکەشی بۆ ئەو سەرهەڵدانە شۆڕشانە گەڕاندەوە کە لەباکووری کوردستان هەبوون "ستران وەکو چەکێکی لێهات، خەباتی هونەریش وەکو خەباتی سیاسی هاتە مەیدان".

برادەریش وەک زۆربەی هونەرمەندانی باکووری کوردستان، لەسەر کاری هونەری دووچاری ئەشکەنجەء زیندانیکردن بووەتەوە، لەوبارەوە دەڵێت "زۆرجاران دوای ئاهەنگەکان هەڵدەهاتم، تەنانەت لە قوتابخانە دەریانکردم"، برادەر بە جارێک بێزار دەکرێت "گەیشتبووە ڕاددەیەک کە بکوژرێم یان بێسەروشوێن بکرێم"، بۆیە لەساڵی 1986 باکووری کوردستان جێدەهێڵێت ء لە هۆڵەندا دەگیرسێتەوە.

ئەو گۆرانییەی برادەر بۆ ڕۆژئاوای کوردستان گوتوویەتی لە ئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی. پەیوەندی برادەر بە ڕۆژئاوای کوردستان هەر لە ڕێگەی ئەو کلیپە نییە و تازەش نییە، پێشتریش بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان کاری هونەریی کردووە.

### خەریکبوو ڕادەستی تورکیا بکرێت

لە نەورۆزی 2000دا، لەسەر داوای خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان برادەر کۆنسێرتێک لە شاری حەلەب ساز دەکات، دواتر سەردانی شارەکانی حەسەکە، تلتەمرێ، سەرێکانیێ، درباسیێ، عامودێ و قامشلۆ دەکات.

خەڵک بە کۆمەڵ دەچوونە پێشوازی برادەر، ئەوەش هێزە ئەمنییەکانی سووریای نیگەران کرد. برادەر دەڵێ "هێزە ئەمنییەکان لە سێ لاوە پەلاماریان دام، گوتیان ڕادەستی تورکیات دەکەینەوە، بەڵام دواتر ئازادیان کردم و خێرا سووریام جێهێشت".

جگە لە سترانگوتن، برادەر لە ساڵی 1995ەوە تاوەکو ئێستا لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلم لە هۆڵەندا کاری کردووە "تا ئێستا وەکو ئەکتەر بەشداری شەش فیلمی هۆڵەندیم کردووە"، خۆزگەش دەخوازێ بەشداری فیلمێکی کوردی بکات و دەڵێت "ئەوە خەونی منە".

### "هونەرمەند تەنیا یەک سیاسەتی هەیە"

برادەر لە هۆڵەندا نیشتەجێیە، بەڵام زوو زووش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و زۆربەی کاتیش لە شاری دهۆک دەمێنێتەوە.

ئەو هونەرمەندە بۆ پشتیوانی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان تا ئێستا لە ئەوروپا بەشداری دوو کۆنسێرتی کردووە و دەڵێت هەموو کاتێک بۆ ئەو کارە ئامادەیە "بەڵام بەو مەرجەی ئەو کۆمەکە بگاتە خەڵکی ڕۆژئاوا".

ڕەخنەش لە هەندێک هونەرمەندی کورد دەگرێت و دەڵێ "هەندێک هونەرمەند بازرگانی سیاسی و دارایی بە شۆڕشی ڕۆژئاواوە دەکەن". هەروەها ڕەخنە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەگرێت کە بێدەنگن بەرامبەر ئەو بازرگانیکردنە.

سەبارەت بە سازدانی کۆنسێرتیش لە ڕۆژئاوای کوردستان، برادەر گوتی "دەمەوێ لەوێش کۆنسێرت بکەم، بەڵام بەو مەرجەی نەمکەنە لایەنگری گرووپی (ئا) یان (بی). هونەرمەند دەبێ ببێتە ئامرازی یەکگرتنی گەل. هونەرمەندان تەنیا یەک سیاسەتیان هەیە، ئەویش سیاسەتی نەتەوەییە".

## میوزیکی کوردی بە تامی ڕۆژئاوایی

# هەژار زەهاوی سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە











(فۆتۆ:سیڤان محەممەد سەلیم)

**میوا سەلاح خەیری**
**ڕووداو- هەولێر**

گەشتە هونەرییەکەی هەژار زەهاوی و هاوڕێکانی، لە شاری دهۆکەوە دەستیپێکرد، بە هەولێردا تێپەڕی و لە سلێمانی کۆتایی هات. ئەو گەشتە بەبۆنەی نزیکبوونەوەی دەستپێکردنی پەخشی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی (ڕووداو) بوو.

لە کافتریای هۆتێلەکە لەگەڵ هاوسەرەکەی کە پتر لە ساڵێکە هاوسەرگیرییان کردووە، چاوەڕێیان دەکرد تا لەگەڵ گرووپەکەی دەست بە پرۆڤە بکەن. هەژار زەهاوی دەرویشانە دەفەکەی بە دەستەوە گرتووە، لە کاتی ژەنینی دەف لە جیهان دادەبڕێت، هێندە هۆگری دەف بووە کە هەمیشە وەک سێبەرەکەی لەگەڵیدایە، ئەو دەیەوێت لە ڕێگای میلۆدی و ریتمی کوردی هاوار و ناڵەی نەتەوەیەک بگەیەنێتە هەموو کونجێکی ئەو جیهانە.

گرووپەکەی هەژار زەهاوی پێکهاتووە لە چەند ژەنیارێک کە هەر یەکێکیان لە وڵاتێکی جیاو کولتوورێکی جیاوازەوە هاتوون، بەڵام هەرکە میوزیک دەژەنن هەست بەو جیاوازییە ناکەیت، چونکە هەژار گرووپەکەی بە تەواوی ئاوێتەی یەکدی کردووە. هارمۆنیای دەف و تار و کەمانچە و باڵەبانی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ درامس و گیتار بێسی ڕۆژئاوایی زۆر سەخت و ئەستەمە، بەڵام ئەو گرووپە سەرکەوتووانە ئەوەیان کردووە.

گەشتە هونەرییەکەی هەژار و هاوڕێکانی (ئیمامیار حەسەنۆڤ، عەلی قەمسەری، ئەرتان تەکین، لویس بنجامین و تاد سنیر) لە ژێر ناوی (ڕەگی کۆن و گەڵای نوێ)، کە لەلایەن تۆڕی میدیایی (ڕووداو) ئامادەکاری بۆ کرابوو، ڕۆژی 2013/5/9 لە شاری دهۆک دەستیپێکرد.

بەر لە دەستپێکردنی کۆنسێرتەکە هەژار زەهاوی گوتی "ئەمڕۆ ئێمە لە شەش کولتووری جیاوازەوە میوزیکتان پێشکەش دەکەین، چونکە هەر میوزیک هەوێنی خۆشەویستی و لێبوردەییە، بە میوزیک برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان دووپات دەکەینەوە، نۆتەکانی میوزیک دڵ و دەروونمان لە گەردی ڕق و کینە پاک دەکاتەوە".

لەگەڵ گەیشتنە کۆتایی کۆنسێرتی میوزیکی کوردی و نێودەوڵەتی لە دهۆک، هەژار زەهاوی و گرووپەکەی لە لایەن ئامادەبووان گوڵباران کران و چەپڵەڕێزانی جەماوەریش تەواوی هۆڵەکەی پڕکرد. لە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ هەولێر هەژار و گرووپەکەی سەردانی پەرستگای (لالش)یان کرد. هەژار زۆر خۆشحاڵ بوو کە بۆ یەکەمجار سەردانی ئەو شوێنە ئاینییە دەکات، زوو زووش قسەی سەرپەرشتیاری پەرستگای لالشی بۆ هاوڕێیانی وەردەگێڕا.

هەژار زەهاوی ساڵی (1980) لە شاری خانەقین لە دایکبووە، ماوەیەکی زۆرە لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی. زەهاوی لەزانکۆی ساواسی لەندەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئیتنۆموزیکۆلۆژی وەرگرتووە و پڕۆژەی زانکۆکەشی لەسەر هەڵپەڕکێی کوردی بووە.

ئێوارەی 2013/5/10 لە بەردەم هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا دوو ئۆتۆمبێلی ڕەش وەستان، هەژار و هاوسەر و گرووپەکەی دابەزین، چەندین جانتای گەورەیان لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکە هێنایە دەرەوە، هەژار خۆی جانتای دەف و دەهۆڵەکەی هەڵگرتبوو، هاوسەرەکەشی جلە کوردییەکانی هەژاری بەدەستەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی ئەو ئێوارەیە لە کۆنسێرتەکە لەبەری بکات.

هەژار لە ئیشکردن زۆر جدییە، تێبینی لەسەر تەواوی وردەکاری و ئیشکردنی ئامادەکارانی کۆنسێرتەکە هەبوو، هەر بۆیە خۆی لەگەڵ ئەندازیاری دەنگ و ڕووناکی کۆنسێرتەکە کاری دەکرد، تا هیچ کێشەیەک نەبێتە هۆی تێکچوونی کەش و هەوای کۆنسێرتەکە.

بڕیار بوو کۆنسێرتەکەی هەولێر لە کاژێر 6ی ئێوارە دەستپێبکات. بەڵام نیو کاژێر دواکەوت، یەکێک لە ئامادەبووان کە لە ریزی پێشەوە دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێیەکی تەنیشتی قسەی دەکرد و گلەیی لە دواکەوتنی کۆنسێرتەکە هەبوو، چونکە ئەو زۆر تامەزرۆی ئیشەکانی هەژار بوو، دەیویست زوو نمایشەکە دەستپێبکات.

هەرکە ئاهەنگەکە دەستیپێکرد، جۆش و خرۆشێکی زۆر کەوتە نێو ئامادەبووان، بە جۆرێک لەگەڵ ریتم و ئاوازەکاندا بێ ئەوەی ئاگادار بن دەکەوتنە سەما، ئەمەش دەریدەخست کە کاریگەری تەواوی لەناو ئامادەبووان دروستکردبوو، بەتایبەتی لەو کاتانەی ئامێری دەفەکەی زەهاوی و درامسی تاد سنیر ئاوێزانی یەکدی دەبوون و بە ریتمی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی وەڵامی یەکدییان دەدایەوە.

تێکەڵکردنی میوزیکی سەر بە کولتووری جیاواز لەگەڵ میوزیکی کوردی جێگای بایەخی هونەرمەندانی کوردە، ئەو کارانەی هەژار زەهاویش دەیانکات بۆ ناساندنی هونەر و کولتووری کوردییە بە جیهان، لەوبارەیەوە هەژار بە (ڕووداو)ی گوت "میکسکردنی ریتم و ئاوازی کوردی لەگەڵ میوزیکی جیهانی هەنگاوێکی باشە بۆ بەرەو پێشبردنی میوزیک و کولتووری کوردی، هەروەها ئاشناکردنی کولتووری نەتەوەکانی دیک بە خەڵکی کوردستان ئەرکی هەموومانە".

کاژێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی 2013/5/11 خەڵکی هێدی هێدی بەرەو هۆڵی تەلاری هونەری شاری سلێمانی دەهاتن بۆ ئەوەی ئامادەی کۆنسێرتەکەی زەهاوی ببن، شوان عەتوف، ئەکتەری سینەمایی بەر لە دەستپێکردنی نمایشەکە قسەی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "زۆر شەیدای کارەکانی هەژارم، لە زۆربەی کۆنسێرتەکانی ئامادە دەبم، هەردەم بەکاری جوان و نوێوە دێتەوە".

کاژێر شەشە و هۆڵەکە جمەی دێت لە ئامادەبووان، بەڵام هێشتا هەژار دەرنەکەوتووە، لە ناکاو بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە زەهاوی و گرووپەکەی کرا. دەسپێکی کۆنسێرتەکە تەواوی ئامادەبووانی هەژاند، زوڕنا لەگەڵ دەفەکەی هەژار خۆشییان خستە دڵی هەموو ئامادەبووان، خەڵکی لەگەڵ ریتم و میوزیکەکان تەواو تێکەڵ ببوون، ئەمەش زیاتر جۆش و خرۆشی بە ژەنیارەکان دا.

هەر لە کۆنسێرتەکەی شاری سلێمانی کاتی دەستپێکردنی پەخشی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی (ڕووداو) ئاشکرا کرا کە 2013/5/29یە.

لەو کۆنسێرتەدا هونەرمەندێکی زۆر ئامادە بوون، گۆرانیبێژ کیژان ئیبراهیم خەیات، سەبارەت بە چێژی میوزیکی کوردی و تێکەڵکردنی لەگەڵ میوزیکی ڕۆژئاوایی گوتی "بەلای منەوە شتێکی زۆر جوان و تازە بوو، هەڵبەتە هەژار خۆی هونەرمەندێکی زۆر بە توانایە و کاری جوان و باشی زیاتری لێ چاوەڕێ دەکرێت".






(فۆتۆ:سیروان عەزیز)


بەم زووانە
بە سپۆنسەریی سەرەکیی ئاسیاسێڵ
لەگەڵ رەنج لە
RÛDAW
بەرنامەی هەموو رەنگەکان
بەرنامەی هەموو دەنگەکان
ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
/AsiacellComnnect

## لەسەر کچێک 5 کەس حوکم دران



**رووداو-گەرمیان**

دادگای تاوانەکان لە کەلار، رۆژی 2013/5/14، پێنج کەسی سزادا، هەریەکەیان بۆ ماوەی 3 ساڵ زیندانی لەسەر دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچێک، بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان، ساڵی رابردوو کوڕێکی 25 ساڵی دانیشتووی کەلار "بە زۆر دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر دەستگیرانەکەی و جەستەی بریندار کردووەو کردوویەتی بە ژن، کچەکەش سکاڵای تۆمار کردووە، دادگا بڕیاری حوکمی بۆ کوڕەکە و باوک و 2 خوشک و برایەکی دەرکرد، چونکە ئەوانیش هاوکاری بوونە".

ژنە نووسەرە هەڕەشە لێکراوەکە:

# سلێمانی جێناهێڵم و واز لە نووسین ناهێنم



(فۆتۆ: سەرتیب عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

کچێک لە لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک، وێنەیەکی کتێبەکەی داناوە و بە مامۆستایەکی ئاینی دەڵێت "ئەمە خەتەرێکی گەورەیە لەسەر کوڕ و کچان، پێویستە ئێوە بێنە دەنگ"، زۆر کەسی دیکە لە پەیجەکانی خۆیانەوە بەرپەرچی کتێبە تازە چاپکراوەکە دەدەنەوە و دواى کۆکردنەوەی کتێبەکە دەکەن. لەڕێی مۆبایل و ئیمەیلی وەرگێڕی کتێبەکەوە، کار گەیشتووەتە هەڕەشەکردن.

دوای چاپکردنی 19کتێب، سۆزان جەمال، نەیدەویست لە میدیاکانەوە دەربکەوێ، بەڵام ئیدی ناچاربوو قسە بکات.

دوای ئەوەی کتێبێکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاویکردەوە، رووبەڕووی ناڕەزایەتی هەندێک کەس بووەوە، هەرچەندە خۆی دەڵێت "زۆرترین دەستخۆشیم لەسەر ئەو کتێبە لێکراوە".

سۆزان گوتی" من دەمزانی گرێیەکی دەروونی زۆر و ناهوشیارییەکی زۆر لەبارەی سێکسەوە هەیە، دەمزانی زۆربەی کێشەکانی نێو خێزان و جیابوونەوەکان، پەیوەندییان بە ناهۆشیاریی سێکسییەوە هەیە".

سۆزان جەمال، کتێبی (یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس)ی نووسەری عەرەب د.فەوزیە دریع، بە دوو بەرگ وەرگێڕاوە و لە پێشەکییەکەیدا ، کە هاوسەرەکەی (لوقمان غەفوور) بۆی نووسیوە، ئامانج لە وەرگێڕانی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت چەندین روونکردنەوەی زانستی تێدایە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ژن و مێرد و هوشیارییەکی باشتر، بەڵام هەندێک لە خوێنەران نەیانتوانی وەک هەر کتێبێکی دیکە پێشوازی لێبکەن.

لە نێو ئەو هەڕەشە و نامانەی بۆ سۆزان رۆیشتوون، دەردەکەوێ ئەو لە نێو چ کۆمەڵگەیەکدا دەستی بۆ ئەو جۆرە وەرگێڕانە بردووە. یەکێک بۆی نووسیوە "لە خراپە بەولاوە، خودا هیچت بۆ نانووسێ"، یەکێکی دیکە دەنووسێ "وازبهێنە، تۆ دوای هەنگاوەکانی شەیتان کەوتووی" یەکێکی دیکە ئامۆژگاری دەکات "باشترە کۆی بکەیتەوە".

سۆزان جەمال، 39ساڵ، لەساڵی 1996کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدینی تەواو کردووە و ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری زانستی سەردەمە و خاوەنی 19 کتێبی چاپکراوە، کە 15کتێبیان بەنووسین و وەرگێڕانەوە هی خۆین و 4کتێبیشی بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی دیکە وەرگێڕاوە.

"من بەردەوام دەبم، کاری من ئەوەیە پەیامەکانم بۆ هوشیارکردنەوە بگەیەنم، من دەزانم کۆمەڵگەکەم چی پێویستە و گوێ بەهەڕەشە نادەم، چونکە ئەو پرسیار و وەڵامانە تەنیا بەشێوەیەکی زانستی خراونەتە روو"، سۆزان گوتیشی "پرۆژەی داهاتووم، کتێبێکە لە بارەی وریابوونەوەی ژنان، ئەو ستەمە گەورەیەی لەم دونیا و لەو دونیاش لێیان دەکرێ".

پوختەی چیرۆکەکە، بیرهێنانەوەی یادەوەرییە تاڵەکانی چەند ژنێکی دیکەیە کە ناچاربوون بەهۆی کتێبەکانیانەوە ژیان لە تاراوگە هەڵبژێرن. لەوانەش ناسک ئەحمەد، ژنە نووسەری بە فیکر چەپ کە لە سەرەتای نەوەتەکاندا هێرشێکی زۆری ئیسلامییەکان ناچاری کرد بچێتە دەرەوە. هەروەها خەندان حەمە جەزا، کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) لە ساڵی 2007 خۆی و هاوسەرەکەی چوونە دەرەوە. بەڵام لە ساڵی 2008 لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەم خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی پێشکێش کرا.

سۆزان جەمال، پێشئەوەی دەست بە پرۆژەی وەرگێڕانی کتێبەکەی بکات، زانیویەتی کە هەمان زەحمەتی یەخەی ئەویش دەگرێ" بەڵام دەشمزانی ناتەواوی هەیە و ئەگەر منیش کارنەکەم بۆ گەیاندنی هوشیاری، هەردەبێ کەسێکی دیکە بیکات".

ئەو ژنە پێشتر بەشێکی کەمی کتێبەکەی بەشێوەی زنجیرە، لە گۆڤاری زانستی سەردەم بڵاوکردنەوە، بەڵام بڕیاریدا بیکاتە کتێبێک. کتێبەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو ، لە تەنیشت یەکێک لە کتێبفرۆشییەکانی بەردەرکی سەرا، کاروان کتێبەکەی بەدەستەوەیە و دەڵێت" من هاوسەرم هەیە، بەڵام هەستدەکەم هوشیارییەکی زۆرم نییە لەو بارەیەوە، بۆیە پێویستم پێیەتی".

سۆزان لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ناترسێ ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، یان ئایا ئەم وڵاتە بەجێدێڵێ؟ دەڵێت "نەخێر بەهیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان جێناهێڵم و وازیش لە نووسین ناهێنم، چونکە من کتێبەکانم زۆر خۆشدەوێن و چێژ لەوە وەردەگرم بنووسم و زانیاری بە خەڵک ببەخشم".

ئەوانەی رقیان لە کتێبەکە دەبێتەوە، کاتێک نووسەرەکەی دەبینن، تێڕوانینێکی دیکەیان بۆ دروستدەبێ. د فەوزیە دریع، ژنێکی کوێتییە و پزیشکی بواری ژنان و منداڵبوونە و ژنێکی تەواو باڵاپۆشە. دوای پێشکێشکردنی بەرنامەیەک بەناوی (چیرۆکی خۆشەویستی)، لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا ناسرا. لە تەلەڤزیۆنی (الرای) بەرنامەی راستەوخۆی هەیە و بینەرەکانی بەردەوام بە تەلەفۆن پرسیاری لێدەکەن. بەوەش ناسراوە کە بیروبۆچوونەکانی دەربارەی سێکس و زانستی دەروونی، مۆرکێکی ئیسلامییانەی هەیە.

سۆزان جەمال، سەندیکای رۆژنامەنووسانی لەو هەڕەشانە ئاگادار کردووتەوە. یەکێک لە هاوڕێکانی لە دەزگای سەردەم دەڵێت پێشئەوەی پرۆژەکەی بەچاپ بگەیێنێ لە دژواری کارەکەی ئاگاداری کردووەتەوە، "بەڵام دوای چاپکردن پێمگوت هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە بێدەنگت بکەن". حەمە رەشید فاروق، سەیرە بەلایەوە خەڵک بەو شێوەیە لەو کتێبە تێدەگەن .

ناوبراو گوتی، هیچ وروژاندنێکی تێدا نییە "هاوسەنگی بۆ خێزان دەگێڕێتەوە و خەڵک لە خیانەتی هاوسەرگیری دوور دەخاتەوە، بەڵام کاتێک ئەو کتێبە گەیشتە نێو گوتاری مزگەوتەکان، رەنگە ئازاریشی بدەن".

# دایکی چوار منداڵ خۆی سووتاند

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

دایکی چوار منداڵ خۆی دەسووتێنێ و لەبەر زۆری سووتانەکەی یەکسەر گیان لەدەستدەدات، پۆلیس فریا نەکەوت ئیفادەی وەربگرێ، بۆیە نازانێت بۆچی خۆی سووتاندووە، مێردەکەی سێ رۆژ دەستگیر کرا لەسەر سووتانەکەی، بەڵام تەنیا گوتبووی "نازانم بۆ خۆی سووتاند". بۆیە ئازادیان کرد.



گرافیک: هونەر مەرجان

خالیدە خەلیل ئەحمەد، 33 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی کەورگۆسک سەر بە قەزای خەبات، رۆژی 11/ 2013/5 خۆی سووتاند و بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی دەستبەجێ گیانی لەدەستدا، دایک و باوکی خالیدە سکاڵایان تۆمار نەکردووە لەسەر سووتانی کچەکەیان.

چیرۆکی خۆسووتاندنی خالیدە بە نادیاری کۆتایی هات، ئەو بە شێوەیەک خۆی سووتاند، کە نەتوانێت هیچ قسەی دیکە بکات، کەسیش نایەوێت ئەو بەسەرهاتە ئاشکرا بکات. خالیدە، ژنی ماڵەوە بووە و 4 منداڵی هەبوو.

ساڵانە بە سەتان ژن لە هەرێمی کوردستان خۆیان دەسووتێنن، کەسیش لەسەر سووتانی ئەو ژنانە حوکم نەدراوە کە بوونەتە هۆکاری خۆسووتاندنیان، توندترین سزاش بۆ ئەو کەسانە تەنیا چەند رۆژێک بەندکردن بووە.

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی هەولێر، خالیدە لە حەوشەی ماڵەکەیان نەوتی بە خۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە. لەو کاتەدا هاوسەرەکەی بە ناوی (ق.م) لە ماڵ بووە و هەوڵی کوژاندنەوەی داوە، بەڵام بێ سوود بووە، هەردووکیان رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر کراون، بەڵام ژنەکە گیانی لەدەستداوە، تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەری هەولێر کرا بۆ پشکنین و زیاتر لێکۆڵینەوەی پۆلیس.

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت "خالیدە بە رێژەی 100% سووتا، یەکسەر گیانی لە دەستدا، مێردەکەی لەکاتی کوژاندنەوەیدا دەست و دەموچاوی سووتاوە، هێشتا دیار نییە خالیدە بۆچی خۆی سووتاندووە، بەڵام دادوەر داوای کرد بانگی مێردەکەی بکرێت، بۆیە ماوەی 3 رۆژ دەستگیر کرا و دواتر ئازاد کرا".

وەک رائید ژیلەمۆ دەڵێت هەتا ئێستا دایک و باوکی خالیدە نەهاتوونەتە لای پۆلیس بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکەن "دادوەر داوای شایەتی کرد، ئامادەبوون و گوتیان خالیدە خۆی سووتاندووە، مێردەکەیشی دەڵێت نازانم بۆ خۆی سووتاندووە، ئەوەندە دەزانم ئاگری گرت".

لەگەڵ ئەوەی دیار نییە خالیدە بۆ خۆی سووتاندووە، بەڵام رائید ژیلەمۆ دەڵێت "دەبێت خالیدە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەگینا بۆ خۆی دەسووتێنێ؟"، رائید ژیلەمۆ خۆسووتاندنی خالیدە بە درێژەی هەواڵی سووتانی ژنان دادەنێت و دەڵێت "خۆسووتاندن وەکو دیاردەی لێهاتووە، بە تایبەتی لە دەوروبەری هەولێر".

ئەوە سێیەم ژنە لە ماوەی ئەمساڵدا لەو ناحیە بچووکەدا خۆی دەسووتێنێ. رائید ژیلەمۆ هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە ناوچە خێڵەکیەکان کێشەی ئافرەت زۆرترە چونکە "ئافرەت ناتوانێت وەکو پیاو بچێتە دەرەوە، ناتوانێت داوای تەڵاق بکات یان مافی وەربگرێت، کەسوکاری پشتگیری کچەکەی خۆیان ناکەن، بەڵام لە ناوچەکانی دیکە کاتێک ژنێک کێشەی هەیە کەسوکاری ئامادەن پشتگیری بکەن بۆ ئەوەی تەڵاق وەربگرێت و مافی خۆی وەربگرێت".

رائید ژیلەمۆ گوتیشی "ئێمە پشتگیری تەڵاق ناکەین، بەڵام تەڵاق باشترە لە خۆسووتاندن و مردنی ئافرەت، ئێستا دۆسیەکمان لەلایە ژنێک یەکجار لێدانی خواردووە براکەی دەڵێت ناهێڵم بچیتەوە لای مێردەکەت، بەڵام ژنەکە دەڵێت تەڵاقم ناوێت، بەڵام لە ناوچە عەشایرییەکان ژنەکە دەیەوێت بچێتەوە ماڵی باوکی و لای مێردەکەی نەبێت، کەچی کەسوکاری بە زۆر دەینێرنەوە لای مێردەکەی، دەڵێن عەیبە با حەیامان نەچێت، هەتا دەگاتە خۆسووتاندن، چونکە ژنەکە هیچ رێگە چارەیەکی دیکە شک نابات".

خۆسووتانی خالیدە وەکو زۆربەی دۆسیەکانی خۆسووتاندنی ئافرەتان "دیار نییە بۆچی سووتا"، کۆتایی هات. رائید ژیلەمۆ گوتی "لەبەرئەوەی خالیدە ئیفادەی وەرنەگیراوە، ناتوانرێت شتێک بکرێت، چونکە ئەو ژن و پیاوەش بە تەنیا بوونە و نازانرێت رووداوی ناو ماڵەکە چۆن بووە، کە پیاوەکەش بیشارێتەوە کەس نازانێت چۆن بووە".

# لە سۆران پیاوێک بە 24 گوللە ژنەکەی دەکوژێ





گرافیک: هونەر مەرجان

**حەمید سەعید**
**رووداو-سۆران**

لە قەزای سۆران، ژنێکی تەمەن 46 ساڵ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کە پێشمەرگەیە، درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا. پۆلیس لە ماڵی ژنەکەدا 24 قەوانی فیشەکی هەڵگرتەوە. بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش دەڵێت ئەو ژنە تەنیا لەسەر بنەمای گومان و قسە و قسەڵۆک کوژراوە.

ئەو ژنە کە ناوی خونچە حوسێنە، دایکی دوو منداڵە و دانیشتووی گەڕەکی ئازادی ناحیەی دیانای سەر بە قەزای سۆرانە. بەرەبەیانی رۆژی 2013/5/16 لە نێو ماڵەکەی خۆی لەلایەن هاوسەرەکەی (ح. ئە)ەوە کوژراوە.

نەقیب محەممەد عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند "کاژێر 6.30 خولەکی بەیانی رۆژی 2013/5/16 ئاگادار کراینەوە کە رووداوێکی کوشتن هەیە لە گەڕەکی شەهیدانی ئازادی، دوای گەیشتنی پۆلیسی فریاکەوتن و ئەفسەری بەڵگەو تاوان بۆ شوێنی رووداو، دەرکەوت ژنێک لە نێو ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە، پۆلیس دەستبەجێ تەرمەکەی گواستەوە بۆ نەخۆشخانە بۆ لێکۆڵینەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو ژنە دووجار شووی کردووەو لە شووی یەکەمی کە لە شەڕی ناوخۆ کوژراوە، سێ منداڵی هەیە. لە مێردی دووەمیشی کە ژنەکەی پێشتری تەڵاقداوە سێ منداڵی هەیە.

عوسمان حوسێن، برای خونچە کە لە شارۆچکەی قەسرێ دادەنیشێت، لە یەکەم رۆژی پرسەی خوشکەکەیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "تا ئێستا خوشکەکەم نەهاتووە گلەیی بکات و بڵێت پیاوەکەم لەگەڵم خراپە، بەڵام من هەستم پێدەکرد، چونکە زۆر بەکەمی رێی بە خوشکم دەدا بێتە ماڵمان".

عوسمان گوتیشی "دوای تەواوبوونی پرسەی خوشکەکەمان سکاڵا لەسەر هاوسەرەکەی تۆمار دەکەین و لە خوێنی خوشکەکەمان خۆش نابین".

پۆلیس دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەرکەوتووە ئەو ژنە بە دەستی پیاوەکەی کوژراوە "لە شوێنی رووداوەکە 24 قەوانی فیشەکمان دۆزییەوە" نەقیب محەممەد وایگوت.

هەرچەندە کەسوکاری هاوسەری خونچە تاوانیان نەبووە لەم رووداوەدا، بەڵام سەرەتا کەسوکاری ژنەکە رێگرییان لەوە کردووە بەشداری پرسە بکەن، براکەی خونچە گوتی "سەرەتا رازی نەبووین بێنە پرسەکەی، بەڵام دواتر رازی بووین، چونکە ئەوانیش دژی ئەو تاوانەن کە کوڕەکەیان کردوویەتی".

رائید خۆشەوی باڵەکی، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سۆران بە (رووداو)ی گوت "مێردی خونچە لە لێکۆڵینەوەدا دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتوویەتی براکانی زاواکەی گومانیان لەلا دروستکردووە کە گوایە ئەو ژنە لە رووی ئەخلاقییەوە تەواو نییە و دەبێ بکوژرێ". ناوبراو گوتیشی "بڕیاری دەستگیرکردن بۆ براکانی زاواکەی ئەو پیاوە دەرچووە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون".

## دوو کەس بەتۆمەتی دزینی 4 هەزار لیتر بەنزین دەستگیردەکرێن



**رووداو- رانیە**

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی ئاسایشی راپەڕین کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، ئاسایشی راپەڕین، دەستیان گرتووە بەسەر تانکەرێکی پشتی تراکتۆری جۆری فۆرگاسن بە ژمارەی (4385 الزراعە )، کە نزیکەی چوار هەزار لیتر بەنزینی بارکردبوو "دەیانویست لەبازاڕی رەشدا بیفرۆشنەوە". هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە" 2 کەس دەستگیرکراون، کە ئەوانیش شوفێر و خاوەنی بەنزینخانەکە بوون و ئەو بەنزینەش بۆ هاووڵاتیان هاتووە بە مەبەستی دابەشکردن و نەهێشتنی قەیرانی بێ بەنزین".

هەفتەیەک بەر لە ژنگواستنەوە کوژرا

# برایەک برایەکی خۆی دەکوژێت



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو-رانیە**

مەرگ رێگەی نەدا کارمەند ئەو ماڵە ئاوەدان بکاتەوە، کە چەند رۆژێک بوو سەرقاڵی کڕینی کەلوپەل بوو بۆی، کارمەند لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا لەلایەن براکەیەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

کارمەند ئەحمەد عەبدوڵڵا، 25 ساڵ، کە دانیشتووی گەڕەکی قولەی رانیە بوو، کاژێر 10:30 خولەکی شەوی 2013/5/16 لە بەردەم ماڵەکەی خۆی تەقەی لێکرا و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

ئیمان ئەحمەد، 16 ساڵ، قوتابی، کە خوشکی گەنجە کوژراوەکەیە، ئەوکاتەی تەقە لە براکەی کراوە ئەوان لە ژوورەوە بوون و براکەی بە مەبەستی سەردانیکردنی ماڵی باپیری کە لە گەڕەکەکەی خۆیانە چووەتە دەرەوە، بەڵام هەر لەگەڵ چوونە دەرەوەی تەقەی لێکراوە.

ئیمان دەڵێت "یەکێک هەر هاواری دەکرد دەیگوت ئەڵڵاهوئەکبەر، کە چوومە دەرەوە بینیم ئەوە براکەمە و لەبەر دەرگا لەسەردەم کەوتووە، هەوڵی دەدا بێتە ژوورەوە، بەڵام هەر لەوێ گیانی دەرچوو".

دوای کوژرانی کارمەند دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە برا بچوکەکەی کوشتوویەتی، هەرچەندە ئیمان ئەو دەنگۆیانەی رەتکردنەوە، بەڵام 28 کاژێر دوای رووداوەکە، پۆلیس برا بچووکەکەی کارمەندی دەستگیر کرد و لەلای

پۆلیسیش دانی بە تاوانەکەدا نا.

ئیمان دەڵێت "ناخۆشیمان لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە و نازانین کێ براکەمی کوشتووە، ئێمە بۆ یاسامان هەڵگرتووە و دەمانەوێت یاسا بکوژەکەی بدۆزێتەوە، ئەوەش راست نییە کە دەگوترێ برا بچووکەم ئەو کارەی کردبێت". گوتیشی "براکەم هەر لە ماڵ نەبوو لە سەفەر بوو، جگە لەوەش زۆر یارمەتی کارمەندی دەدا، تەنانەت ئۆتۆمبێلی خۆی بۆ فرۆشت، تاوەکو کارمەند قەرزەکانی پێبداتەوە".

کارمەند، خاوەنی کافتریایەک بوو لەناو بازاڕی رانیە بەناوی (کارمەند کۆفی)، جگە لەوەش کاری مامەڵەکردنی ئۆتۆمبیلی دەکرد، ئۆتۆمبیلی بە ماوە دەکڕین و دەفرۆشتن، بەهۆی ئەو کارەشەوە بڕێک پارە قەرزدار بووە، ئیمان گوتی "براکەم نزیکەی 16 هەزار دۆلار قەرزدار بوو، ئۆتۆمبیلی کڕیبوون بەماوە و بە هەمان شێوەش فرۆشتبوونی و خۆشی پارەی لای خەڵک بوو، بەڵام پارەکەیان نەدەدایە و خاوەنی قەرزەکانیش لەسەری نەدەوەستان، ئێمە بۆ چارەسەری گرفتەکەی بڕیارماندا خانوویەکی بۆ بفرۆشین، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون تا 3 رۆژیش بوەستن دەیانگوت ئێستا پارەکەمان دەوێتەوە".

نەقیب مستەفا محەممەد، لێپرسراوی راگەیاندنی پۆلیسی قەزای رانیە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو گەنجە لەبەردەم ماڵی خۆیان دەستڕێژی گوللەی لێکراوە بە کلاشنکۆف و کوژراوە و گوللەکان بەر پشت و شان و ملی و سەری کەوتوون". گوتیشی "پۆلیس دەستبەجێ گەیشتووەتە شوێنی رووداوەکە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە".

ئەو بەرپرسەی پۆلیس ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە کەسوکارەکەی پەنجەی تۆمەتیان بۆ هیچ کەسێک رانەکێشاوە، بەڵام پۆلیس برایەکی کارمەندی دەستگیر کردووە. نەقیب مستەفا گوتی "ئەو برایەی کارمەند لە یەکێک لە ماڵەکانی گەڕەکی نەورۆز لە رانیە خۆی حەشاردابوو، پۆلیس دەستگیری کرد، دواتر دادوەری لێکۆڵینەوە وتەی لێوەرگرت، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بە تاوانەکەدا نا".

کارمەند، رۆژی 2013/2/15 کچێکی شاری رانیەی بەناوی (باخان) مارە کردبوو، بەقسەی کەسوکاری، بڕیار بوو هەینی داهاتوو بیگوازێتەوە، خوشکەکەشی دەڵێت "براکەم کچێکی مارە کردبوو، ماڵمان بۆ داناوە و کەلوپەلەکانمان بۆ کڕیبوون و بڕیار بوو رۆژی هەینی بۆی بگوازینەوە، ئێستاش دەستگیرانەکەی باری دەروونی و تەندروستی تێکچووە دوای رووداوەکە". (رووداو) هەوڵیدا قسە لەگەڵ دەستگیرانەکەی بکات، بەڵام بەهۆی کاریگەری رووداوەکە نەیتوانی قسە بکات.

ئیمان هەرچەندە بیری لێدەکاتەوە، هۆکارێک شک نابات کە بووبێتە هۆی کوشتنی براکەی و دەڵێت کەسێکی زۆر بە دین بوو، تەنانەت ئەو رۆژە بە رۆژوو بوو، ساڵی رابردوو حەجیشی کردبوو، کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، هەر خەریکی کاسبی خۆی بوو".

تامان شاکر- قاهیرە
tamanshakir@yahoo.de



# مامۆستاکەمان وای گوت

**نازانین کورد چیان لە عێراق دەوێ؟**

لە پۆلێکی 110 قوتابی کە 109 یان عەرەبی رەسەنی گشت وڵاتانی عەرەبین و تەنها بەندە لە نێوانیاندا کوردە، ئەگەرچی جیاوازی لە نێوان شێوازی قسەکردن و جل و بەرگیان هەیە، بەڵام بیرکردنەوەیان بەرامبەر بە کورد هیچ جیاوازیەکی نییە، لە نێو ئەوانیشدا زۆربەی فەلەستینیەکان دوژمنی سەرسەختی کوردن و بە هۆکاری لەناو چوونی (رمز العروبە ×دام حسین)ی دادەنێن.

لە وانەی میدیاو سیاسەتدا، مامۆستاکەمان بەشێکی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەو کەمینانەی لە وڵاتانی عەرەبیدا دەژین، لەوانەش کورد لە عێراق وسووریا، مامۆستاکەمان کابرایەکی ناسرییەو خەون بە وەحدەی عەرەبییەوە دەبینێ. ناوەرۆکی کتێبەکەی بەتایبەتی ئەو بەشەی لەسەر کورد نووسیویەتی، لە بیرکردنەوەی مامۆستایەکی زانکۆ ناچێت. پڕە لە هەڵەی زانستی و مێژوویی، باس لە پەیمانی سیڤەرو لۆزان و دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی بە دەوڵەتی عێراقەوە ناکات، دوای ئەوەی زانیارییە هەڵەکانی هەڵڕشت ئینجا گوتی ئێمە نازانین کورد چیان لە عێراق دەوێ، ئەو لە بیری ئەوەدا نەبوو کوردێک لەو ناوەدا هەبێت، دەستم هەڵبڕی و گوتم مامۆستا ئەم زانیاریانەی لەم کتێبەدان دەربارەی کورد هەڵەن، کورد دانیشتووی رەسەنی کوردستانن و عەرەبەکان لە جەزیرەوە لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامی هاتنە عێراق و بە زەبری شمشێرەکانیان ئەو ناوچانەیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەوەی موسڵمان نەبوو کوشتیان، تەنانەت بەشێک لە کورد چوونە سەر چیاکان و بەڵگەی مێژوویی هەیە بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە. ئەو کتێبەی جەنابت پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە. بەم قسانە دەرگای دۆزەخم لەسەر خۆم کردەوە، هەریەکەو لە شوێنی خۆیەوە قسەی دەکرد و تەعبیری لە هەموو ئەو رقە رەشە دەکرد کە بەرامبەر بە کورد لەدڵیدا هەڵیگرتووە، وەک ئەوەی لەبەرنامەی (اتجاە المعاکس) بین، هێرشەکان تەنها لەسەر من نەوەستایەوە. چڕکرایەوە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کەسێکی جوداخوازەو دەیەوێ بەیارمەتی تورکیاو ئەوروپا و ئیسرائیل ئێراق دابەش بکات. کاتێکیش بە فەلەستینیەکانم گوت سەرۆک بارزانی وەک یاسر عەرەفات دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی بەدەستبێنێ، بەزمەکە گەرمتر بوو. مامۆستاکەمان بۆ ئەوەی کۆتایی بەم ئاژاوەیە بێنێ ناچار بوو بە من بڵێ بچۆرە دەرەوە، کوردیش کە دایە کەللەرەقی کێشەیە، گوتم من پارەم داوە بۆ بچمە دەرەوە، بۆیە ناچار بوو کۆتایی بە وانەکە بهێنێ و منیش لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە نەوەک کەسێک هێرشم بکاتە سەر.

عەرەبە عێراقیەکانیش کە یەکێکیان لە هۆڵەندەوە هاتووە کەمێک کاریگەری کولتووری ئەوروپی بەسەرەوەیە، بەڵام دوانەکەی دی کە لە بەعسیە راکردووەکانن، دەڵێن ئەوە سەدام نەبوو هەڵەبجەی کیمابارن کرد ئەوە ئێران بوو، وێنەکانی ئەنفال دروستکراوە و چیای جودیش لە نەجەفە، عەرەب دیالۆگ نازانێ هەر هاوار دەکەن و خۆیان بە خاوەن حەق و مەزلوم دەبینن، ئیستعماریش بەرپرسە لە دواکەوتنیان، بەڵام رۆژێک بە دوای هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆیاندا ناگەڕێن. عەرەب بەگشتی خاکی کوردستان بە موڵک و خاکی عەرەب دادەنێن و ئەوەندەی سەروەری و یەک پارچەیی خاکی عێراقیان بەلاوە گرنگە، مافی مرۆڤی کوردیان بەلاوە گرنگ نییە، بەشێک لە نووسەرەکانیان ئەو بۆچوونە بە ئاشکرا لە رۆژنامەکان دەردەبڕن، ئەوە بەدبەختی کوردە تووشی بووە بە تووشی میللەتێکی نەخوێندەوار و دەمارگیرەوە، سیاسەتمەدارانی کورد ئەو راستیە باش دەزانن، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن درز نەخاتە نێو پرۆسەی سیاسی و پەرە بە ناکۆکیەکانی نێوخۆیان نەدەن، لە کۆتاییدا هەر هەڵەیەک بە زەرەری کورد تەواو دەبێت و دوژمنەکانیشمان نەزانن. راگەیاندنی کوردیش لەبەر ئەوەی تەنها لەگەڵ خۆی و بۆ خۆی قسە دەکات و جوانترین بەرنامەی شکاندنی پەنجەکانی خۆیەتی، بۆیە نەیتوانیوە ئەو وێنە ناشیرنەی عەرەبە شۆڤینیەکان دروستیان کردووە لە نێو عەقڵی عەرەبدا بیگۆڕێ.

مامۆستایانی ئایینی ئاگاداری بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقاف نین

# "نابێ بە بێ ئەنجامی پشکنینی خوێن ژن مارە بکرێت"

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

زیاتر لە ساڵێکە وەزارەتی ئەوقاف بڕیارێکی دەرکردووە کە نابێت هیچ مامۆستایەکی ئایینی بێ پشکنینی خوێن کچ و کوڕ لە یەکدی مارە بکەن، بەڵام سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەڵێت "ئاگامان لەو بڕیارە نییە"، مەلایەکیش دەڵێت "ئەگەر مەلاکان ئەوەیان نەبیستبێت، گەنجان لە کوێ دەزانن؟".

وەزارەتی ئەوقاف لە ئاگاداریەکدا داوا لەو کچ و کوڕانە دەکات کە بە نیازی هاوسەرگیرین، بەرلەوەی بڕۆنە لای مامۆستای ئایینی بۆ مارەبڕینی شەرعی "سەردانی نەخۆشخانە بکەن و پشکنینی خوێن بکەن، بۆ کاتی مارەکردنەکە پسولەی ئەنجامی پشکنینەکانتان پێبێت، چونکە مامۆستایانی ئایینی بێ ئەو پسولەیە مارەبڕینەکە ناکەن".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە (رووداو)ی گوت ئەو بڕیارە زیاتر لە ساڵێکە دەرچووەو مامۆستایانی ئایینی جێبەجێی دەکەن، بەڵام "گەنجان ئەو زانیاریەیان نییەو دەچنە لای مامۆستایانی ئایینی بێ ئەوەی پشکنینی خوێنیان کردبێ".

بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت بڕیارەکە ئیجباری نییە بۆیە کەس لەسەر جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە سزا نەدراوە.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقاف، لەسەر پێشنیازی کۆمەڵەی تالاسیمای کوردستان بووکە بۆبنبڕکردنی نەخۆشییەکانی کەمخوێنی بووە، نەقشبەندی دەڵێت "وەزارەتی تەندروستی هەمان پێشنیازی کرد، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیش پشتگیری بڕیارەکەی کرد، چونکە ئەو پشکنینی خوێنە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نەخۆشی کەمخوێنی و لە دایکبوونی منداڵی شێواو".

دانا سەمیر، 28 ساڵ، کاسب، ماوەی مانگێکە لە هەولێر ژنی مارەکردووە، ئەو دەڵێت "لە کاتی مارەکردنەکە کەس باسی پشکنینی خوێنی نەکرد، مەلاش ئەوەی باس نەکرد، بەس شایەت و وەلی ئەمرو رەزامەندی من و کچەکەی پرسی".

دانا باسی هاوڕێیەکی دەکات کە بە هۆی نەبوونی پشکنینی خوێن کێشەی بۆ دروستبوو "هاوڕێیەکم ژنی مارەکرد، کە پشکنینی خوێنی کرد، دکتۆر پێیگوتبوو منداڵەکانتان تووشی نەخۆشی تالاسیما دەبن، بۆیە لە کچەکە جیابووەوە، زۆریش یەکدییان خۆشدەویست".

مەلا نیاز دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی، رایگەیاند تا ئێستا ئەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقافیان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام گوتی "ئەو بڕیارە ئەگەر هەبێت بۆ قازانجی خەڵکە، چونکە لە هاوسەرگیری مرۆڤ بەرهەم دێت و ئەگەر کێشەی تەندروستی هەبێت منداڵەکەش کێشەی دەبێت". گوتیشی "ئەو کارە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەیە، چونکە کە گەنجان دەچنە لای مامۆستایەک، ئەو مامۆستایانە تووشی ئیحراجی دەبن، ئەگەر داوای پشکنینی خوێن بکەن".

مەلا نیاز دەڵێت، کوڕێکی هەیە نەخۆشی خوێنی هەیە، دکتۆر پێیگوتووە، ئەگەر ژنت بۆی هێنا دەبێت سەرەتا پشکنینی خوێن بۆ کچەکە بکرێت "چونکە دکتۆر گوتی ئەگەر کچێک هەمان نەخۆشی هەبێت ئەوا منداڵیان تووشی نەخۆشی تالاسیما دەبێت، منیش 100% بەر لەوەی ژن بۆ کوڕەکەم مارە بکەم پشکنین بۆ هەردووکیان دەکەم".



مەلا ئیدریس کاریتانی، وتارخوێنی مزگەوتی ئەڵڵاهو ئەکبەر لە هەولێر، لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری ئەو بڕیارە نییە، بەڵام گوتی ئەو بڕیارە لە خزمەتی خەڵکدایەو شەریعەتیش پشتگیری لەو بڕیارە دەکات "زۆر کێشە لە کۆڵ مەلاکانیش دەکاتەوە، هەبووە لای مەلا مارە کراوە کەچی دەرکەوتووە ئەو دوو کەسە خوێنیان بۆ یەکدی نابێت، ناچار تەڵاق دراون و تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و حوکمی شەرعی بوونە".

بەڵام مەلا ئیدریس دەڵێت ئەوان پێشنیازێکی دیکەیان کردووە، کە هەر لەناو دادگا چەند ژوورێک هەبێت و دوو مامۆستای ئایینی لەوێ بن و هەر لەوێ ژن مارە بکەن و دادگاش پشتڕاستی بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامی پێشنیازەکەیان نەدراوەتەوە.

# بڕیارا سێدارێ بۆ ئەبو قودو دەرچوو



(گرافیک: هونەر مەرجان)

**کاروان عەلی**
**رووداو- دهوک**

پشتی ل دوماهیا سالا بوری ل نیڤا بازارێ دهۆکێ گەنجەک هاتیە کوشتن و ئێک هاتی بریندارکرن، ل رۆژا چوارشەمبیێ 2013/5/15 روونشتنا دوماهیا یا دادگەها وان برێڤەچوو، دادگەها تاوانان بڕیارا سێدارێ بۆ بکوژی دەرکر و کەس و کارێن کوشتی ژی خوشحالن هەمبەر وێ بڕیارێ.

ل رۆژا 2012/11/1 کەسەکی کو یێ بەرنیاسە ب ئەبو قودو ل ناڤ بازارێ دهۆکێ ل نێزیک بنگەهێ گشتی یێ پۆلیسێن دهۆکێ، هێرشکریە سەر دوو گەنجان، گەنجەک بناڤێ (ژیوار کەمال) ب شەفرەیی کوشت و کەسەکێ دیتر ژی بریندار کر، پشتی بکوژێ ژیوار هاتیە دەستەسەرکرن، بۆ ماوێ 7 هەیڤ و 15 رۆژا چاڤەرێ بڕیارا دوماهیا چارەنڤیسێ خۆ دکر، ل رۆژا چوارشەمبیا بۆری دادگەها بکوژێ ژیواری برێڤەچوو.



کەمال حەجی

کەمال حەجی، بابێ ژیوار ل بەر دەرگەهێ هولا دادگەها تاوانا ئامادەبیوو داکو چارەنڤیسێ بکوژێ کوڕێ خوە بزانیت، کەمال بۆ (رووداو) گۆت "چەندین جارا کەس و کارێن (ن، س) یێ بەرنیاس بناڤێ ئەبۆ (دووقو)، هەولدایە برێکێن عەشائیری سەرەدانا مالا من بکەن بۆ وێ چەندێ داکو ئەز ل بکوژێ خوش ببم، بەلێ ئەز نەشیام قەبیل بکەم ئەو بهێنە مالا من، چونکی ئەم خودان مرۆڤ و بنەمالین، ل سەر بڕیارا هەمی زەلامێن مالا مە، مە بڕیاردا ژێ نەبوورین و ئەو بکوژ بگەهیتە مافێ خۆ، چونکی کوڕێ من بێ ئەگەر کوشت و مەچ ئاریشە دگەل کەسێ نەبوون، نەکو هەر کەسەکێ ڤیا ئێکێ ل سەر جادێ بکوژیت و بلا مافێ ژیواری نەهێتە خوارن، هەر چەندە چەندین کەسایەتیێن سیاسی و ئاینی هەولدان کرن کو ئاریشە بهێتە چارەسەرکرن، بەلێ ل دوماهیێ مە بڕیار بۆ دادگەهێ یا هێلای".

کەمال حەجی بابێ ژیواری زێدەتر گوت "ئەو جهێ ژیوار لێ هاتیە کوشتن گەلەک نێزیکی بنگەهێ سەرەکی یێن پۆلیسێن دهۆکێ بوویە، بەلێ کوڕێ من ژلایێ وەلاتیان ب کوشتی دناڤ دەستێن بکوژیدا ئینایە ژ دەرڤە".

ئامینا حەسەن دایکا ژیوای بۆ (رووداو) گوت" ئەڤرۆ خۆشترین روژە د ژیانا مندا کو بڕیارا سێدارەدانێ بۆ بکوژێ ژیواری دەرچووی، چونکو بلا کەس ب دەستێن کوڕێن من نەهێتە کوشتن و هەردەم ترسا من ل وێ یەکێ بوو، بەس کوڕێن من برایێن ژیواری چ ئاریشا دورست نەکەن بۆ تولڤەکرنا برایێ خۆ، لەورا باش بوو ئەڤ کارە ب رێکا حکومەتێ بهێتە ئێکلاکرن، داکو هەر کەس بگەهیتە مافێ خۆ".

ل دیڤ بڕیارا دادگەها تاوانان ل دهۆکێ ل گوڕەی مادێ 406 ژ یاسا سزایان توومەتبار "ئەبو دوقو" بڕیارا ل سێدارەدانێ بۆ دەرچوو، ئەڤ بڕیارا دادوەری ل دیڤ وێ یەکێ دهێت کو تاوانبار (ن،س) چەندین کێشێن کارێن دی یێن دەرڤەی یاسایێ یێن ئەنجامدای.

ئاو قەرزداری کارەبایە

# حکومەت لە سلێمانی 8 ملیار دینار قەرزی کارەبای لەلایە


(فۆتۆ: ڕووداو)

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سلێمانی نیگەرانە لە بێباکیی خەڵک و فەرمانگەکانی حکومەت بەرامبەر قەرزەکانی کارەبا و دەڵێ ئێستا داوودەزگاکانی حکومەتیش وەک هاووڵاتیان گوێ نادەنە پارەی کارەبا.

هیوا عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سلێمانی ڕایگەیاند، پشتگوێخستنی پارەی کارەبا لەلایەن خەڵک و داو و دەزگا حکومییەکانەوە زیادی کردووە "زیاتر لە 27 ملیار دینارمان وەک قەرز لای حکومەت و خەڵکە، 8 ملیار و 500 ملیۆن دینار لەو پارەیە لای فەرمانگەکانی حکومەتە". گوتیشی "تەنیا فەرمانگەکانی تەندروستی هاوکاریمان دەکەن و قەرزدارمان نین".

لەدوای 2012/10/31، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لەپارەی کارەبای پڕۆژە گەورەکانی ئاو و کارەبای ڕووناککردنەوەی شەقامەکان خۆشبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی کارەبای سلێمانییە، لە دوای ئەو بڕیارەش دامەزراوە حکومییەکان هیچ هاوکاری کارەبای سلێمانی ناکەن.

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سلێمانی، ناوی ئەو داوودەزگایانەی حکومەتی ئاشکرا کرد لە سلێمانی کە قەرزداری کارەبان و گوتی "فەرمانگەی ئاو زۆرترین قەرزی لایە کە بڕەکەی 2 ملیار و 910 ملیۆن دینارە، پاشان ئەوقاف کە یەک ملیار و 32 ملیۆن دینار قەرزدارە، وەزارەتی ناوخۆ 59 ملیۆن دینار و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی 272 ملیۆن دینار و کاروباری مەسیحییەکانیش 52 ملیۆن دیناریان لایە".

فەرهاد محەممەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی سلێمانی، نکۆڵی لەوە نەکرد کە ئەو بڕە پارەیە قەرزدارن، بەڵام گوتی "لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە پارەی کارەبای پڕۆژە گەورەکان بەخشراوین و ئامادەشین پارەی کارەبای فەرمانگەکانمان بدەین".

بەڵام هیوا عەبدوڵڵا، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی بڕیاری بەخشینی پارەی پڕۆژە گەورەکانی ئاو، گوتی هێشتا ئەوان هەر قەرزدارن "چونکە پارەی ناو فەرمانگەکانیان لایە".

هەرچەندە بەشێک لە دامەزراوە حکومیەکان هۆکاری قەرزدارییەکەیان دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی بودجەی تایبەت بە بەکارهێنانی کارەبا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەتا عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی سلێمانی، ڕایگەیاند "1 ملیار و 32 ملیۆن و 756 هەزار دیناری کارەبای سلێمانی قەرزدارین".

ناوبراو، باسی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە بڕیاریداوە بە دابینکردنی بودجەی تایبەت بە بەکارهێنانی کارەبا بۆ مزگەوتەکان و شوێنە ئاینییەکان و گوتی "هەرکاتێک ئەو بودجەیەمان بۆ دابینکرا، ئێمەش ئەو پارەیە دەگێڕینەوە بۆ کارەبای سلێمانی".

239 هەزار و 655 بەشداربووی هێڵی کارەبا لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا هەن بەبێ هەڵەبجە و گەرمیان و پێنجوێن. تاکە ڕێگای سزادانی ئەوانەی پارەی کارەبا نادەن، بڕینی هێڵی کارەباکەیانە. تاوەکو ئێستا ژمارەیەک هاووڵاتی هێڵەکانیان بڕاوە. فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبا لە سەرەتاوە قەرزدارەکە ئاگادار دەکاتەوە و ماوەیەکی بۆ دیاری دەکات، ئەگەر لەو ماوەیە پارەکەی نەبرد، کارەباکەی لەسەر دەبڕێت.

هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی دەڵێ بەلامەوە سەیرە حکومەت خۆی پارەی حکومەت نادات، ڕەفیق ئەحمەد، هەروەها گوتی ئێمەی هاووڵاتی چەند سەد هەزار دینارێکمان لابێ، یەکسەر کارەباکەمان دەبڕدرێ "ئەی خوێندکارەکانی ئێمەش هاووڵاتی ئەم وڵاتە نین کە کارەبایان لێدەبڕن؟". بەڵام بەلای محەممەد حەسەنەوە، کێشە نییە هەر کەس پارەی کارەبا نەدا کارەباکەی ببڕن "بەڵام حکومەت پارە نەدات، جێگەی پێکەنینە".

هیوا عەبدوڵلا، هۆکاری نەبڕینی کارەبای دامەزراوە حکومیەکان بەهۆی نەدانی پارە کارەبا، دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی زۆری ئەو دامەزراوانە پەیوەندییان بە بەڕێکردنی ئیشوکاری خەڵکەوە هەیە "بۆ نموونە ئەوقاف پارەیەکی زۆری مزگەوتەکان قەرزدارن، مزگەوتەکانیش پێوەندییان بە خەڵکەوە هەیە، بۆیە ناتوانین کارەبای مزگەوتەکان ببڕین".

عەبدولقادر فەرەج، جێگری بەڕێوەبەری دابەشکردنی وزەی کارەبا لە سلێمانی دەڵێت قەرزەکانی کارەبای سلێمانی زۆرتر لەلای هاووڵاتیانن، کە 13 ملیار و 149 ملیۆن و 528 هەزار دینارە، پڕۆژە بازرگانییەکانیش 3 ملیار و 219 ملیۆن و 93 هەزار دینار قەرزیان لایە، لەگەڵ ملیارێک و 71 ملیۆن و 998 هەزار دیناری قەرزی پیشەسازی.



**هەڵبەست سەلاح**

## ئەو دیمەنەی منی گریاند

### پێشنیازێکی هونەریی نەتەوەیی

**وێنە یەک:**

بەیانی زووبوو لە خەو هەڵسام و دوای خۆئامادەکردنم لە ماڵ بەدەرکەوتم و سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم بۆ ئەوەی بەڕێکەوم بۆ شوێنی دەوامی ڕۆژانەم و وەک پیشەی هەمیشەییم میلی رادیۆکەم خستە سەر شەپۆلی یەکێک لە رادیۆکان و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوێم لە یەکێک لە رادیۆکان بوو و سەرنجمدا بزانم دنیا چ باسە، بەدەم ڕێگەوە لەپڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی، ڕەشماڵێکی بچووک هاتە بەرچاوم و لەبەردەم ڕەشماڵەکە باوکێک منداڵێکی چکۆڵانەی ژیکەڵەی لەسەر کۆشی خۆی دانابوو و دەفتەرێک لەبەردەستیان بوو هێدی هێدی دیاربوو وانەی بەجگەرگۆشەکەی دەگوت.

ئەو دیمەنە ناچاری کردم بوەستم و ماوەیەک لێیان ڕامام و چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک! لەلایەک هەستی باوکانەو دڵسۆزی ئەو بۆ منداڵە ژیکەڵانەکەی لەو کەشە ئاوارەییە و لەلایەکی دیکەش ئەو منداڵە جوان و ناسکە قژ زەرد و ڕوومەت سێوە لاسورەی وەک پەری دانیشتبوو.

بەپەلە مۆبیلەکەم دەرهێنا و لە دوورەوە لەناو ئوتومبێلەکەم ئیستێکم کرد و بەپەلە چەند وێنەیەکم گرتن، وەک ئەو ڕاوچییەی هەناسە لەخۆی دەبڕێت و خۆی مەڵاس دەدات بۆ نێچیرەکەی، چونکە بەڕاستی ئەوکات هەستێکی وام لەلادروستبوو وەک ئەوەی وێنەگربم و خۆم وەک ئەو وێنەگرانە هاتە پێش چاو کە دەیانەوێ جوانترین و پڕ واتاترین و دانسقەترین وێنە بگرن و ئەو دیمەنە دەگمەن و ناوازانە تۆماربکەن کە دووبارەبوونەوەیان ئەستەمە.

لە ئۆتۆمبێلەکەم دابەزیم و لێیان نزیکبوومەوە و سڵاوێکی گەرمم لێکردن و ئەوانیش سەریان هەڵبڕی و، باوکەکە بەوپەڕی بەرائەتەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: سەرچاڤا برا.

کەوتینە ئاخاوتنێکی سەرپێیی و پێمگوتن ماڵمان لەو نزیکانەیە و سەیربوو بەلامەوە چونکە ئەمە ڕێگەی ڕۆژانەی منە و یەکەم جارمە ئێوە لێرە ببینم و جێگەکەتان زۆر نارەحەتە، وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ برا ئەم شەڤا دی هاتینە ڤێرێ، ژبەرکوو چ جهێ مە نینە.

منیش ئامادەیی خۆم نیشاندا و لە دوورەوە بەئامارەژە ماڵی خۆمانم نیشاندان بۆ هەر پێویستییەک، ئەویش زۆر سوپاسی کردم. پاشان لە دوای گفتوگۆیەکی کورت زانیم خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و باژێری قامشلۆی ئازیزن. دوای ئەوە ڕۆیشتم و بەدەم ڕێگەوە کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ.

**پێشنیازێک:**

دوای ئەوەی لەلای ئەو باوکە دڵسۆز و منداڵە ئازیزەکەی ڕۆیشتم، کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بیرم لەوە دەکردەوە ئێمە چ میللەتێکی بەدبەختی، هەمیشە وەک نەتەوەی کورد بەشی هەرە زۆری ژیانمان ناخۆشی و چەرمەسەری و نەهامەتی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک نموونەی ئەو باوکە دڵسۆزە کە لەم بارودۆخە ناهەموارەی ژیاندان، کەچی وانەی ژیان و زمانی دایک فێری جگەرگۆشەکەی دەکات و بەوپەڕی خۆڕاگری و بڕوای بەتین بۆ ئایندە، کورد گوتەنی: (مشتێک نموونەی خەروارێکە)، هەروەک چۆن لە دێر زەمانەوە چارەنووسمان بەدبەختی و چەوسانەوە و ژێردەستی و ئاوارەیی بووە، هەمیشەش بێ هیوانەبووین و ئەو ناخۆشیانەمان تێپەڕکردوون و ئاسۆی گەشی ئایندە هەمیشە لە ناخماندا بووە و وەک سێبەر لەگەڵماندا بووە.

لێرەوە لە سۆنگەی ئەمەکی ئینسانی و نەتەوەیی و ئەرکی سەرشانی هەمووڵایەک پێشنیازێکی هونەری نەتەوەیی نیشتیمانی خێرخوازی بۆ خوشک و برایان و ئازیزانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە میوانێکی قەدرگران و خانەخوێن و ئەمڕۆ لێیان قەوماوە و پشت بەخوا لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوانیش بە ئازادی خاک و نیشتیمان و ئاسوودەیی یەکجارەکیان شاد دەبن، ئێستا کە لەم کەشە ناهەموارەدا دەژین کە ژیانێکی کاتییە و ئەرکی هەمووانە بەوپەڕی هەستی کوردانەوە دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکەین.

بۆیە لێرەوە بەوپەڕی هەستی نەتەوەیی و دڵسۆزییەوە وەک هونەرمەندێک خۆبەخشانە ئەم پڕۆژە هونەرییە خێرخوازییە نەتەوەییە دەخەمە بەردیدی هونەرمەندانی بە ئەمەک و نیشتیمانپەروەری هەرچوارپارچەی کوردستان و هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کە هەروەک چۆن هونەرمەندان هەمیشە وەک توێژێکی کاریگەر و پێشەنگ و خاوەن هەڵوێستی بەرزی جوامێرانە و نەتەوەییانە لە هەر پێشهاتێکی گرنگی نەتەوەیی بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون و ئامادەیی بەرچاویان هەبووە، لێرەوە بانگەوازەکەم بۆ سازدانی کۆنسێرتی گەورەی (هونەری خێرخوازیی نەتەوەیی) و بەشداریکردنی ئۆرکێسترایەکی موزیکی گەورەی پێکهاتوو لەسەرجەم ژەنیار و موزیکژەنە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی سەرجەم شارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی خۆبەخشانەو بەوپەڕی هەستی بەرزی ئینسانی و نەتەوەییانەوە بێنەمەیدان بۆ سازدانی ئەم کۆنسێرتانە لە شارەکانی: (هەولێر،سلێمانی، دهۆک) و بە شێوازێکی پرۆفیشناڵ و کوالێتی بەرز و تەکنیکی پێشکەوتووەوە، داهاتی ئەم کۆنسێرتانە بکرێتە نێو (سندوقی کۆمەکی ئازیزان)ەوە و بدرێتە خێزانە ئاوارەکانی بەشێک لە جەستەی نیشتمان کە دڵنیام هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە دەکەن و دەبێتە تروسکاییەکی خۆشگوزەرانی بۆیان لەم کات و ساتەی ژیانی ئێستایاندا.

لە هەمانکاتدا داوا لە سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت دەکەم دڵسۆزانە و خەمخۆرانە بێنە پێشەوە و بەشداربن لەم پڕۆژە خێرخوازییە نەتەوەییە و بە ئەرکی سەرشانیان هەستن و ببنە سپۆنسەری سەرەکی بەڕێوەچوونی ئەم هەنگاوە ئینسانییە هونەرییە نەتەوەییە.

لەم ڕوانگەیەشەوە بە پێویستی دەزانم ڕووی داوام بکەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەروەک چۆن هەمیشە پاڵپشت و خۆ بە خاوەن زانی سەرجەم پڕۆژە خێرخوازی و نەتەوەییەکانە و ئەم جۆرە کارانە بەستراتیژی لە پێشینەی کارەکانی خۆی دەزانێت.

ئەگەر وەک پاڵپشتی مەعنەویش بێت هاوکار و هاوئاهەنگ بێت بۆ سەرخستن و ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە پیرۆز و نەتەوەییەمان و ببێتە (سەیوانی ئەم پڕۆژە) یە.

بۆ ئەم مەبەستە بەهیوام دوای بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەی ئەم پێشنیازە نەتەوەیی و هونەری و خێرخوازییە، بەزووترین کات ڕایەڵی پەیوەندی دروستببێ و هەمووان دڵسۆزانە و خۆبەخشانە بێینە مەیدان و بەزووترین کات دەستبکەین بە ئامادەکاری بۆ سازدانی ئەم پڕۆژەیە بە باشترین شێوە و زۆرترین بەشداری. کە دڵنیام ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە دەبێتە هەنگاوێکی مێژوویی دیکەی کوردانە و ڕۆحی هاوکاری و نەتەوەیی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستانی دایک بەتینتر دەکات و نەوەی ئێستا و ئایندەشمان شانازی زیاتر و ڕۆحی ئینتیما بوونیان زیاتر دەگەشێتەوەو بەر لە هەر کوردێکیش ئاسوودەیی دەبەخشرێتە دەروونی ئەو باوک و کچە بچکۆلە ژیکەلانەی پەری ئاسا دەیڕوانییە ئایندە.

Halbast80@hotmail.com

تەمەنی 126 ساڵە و دەڵێت یەکجار سەردانی پزیشکی کردووە

## ژنێکی کورد لە شنگال 90 نەوەی هەیە



**بەرەکات عیسا**
**ڕووداو- شنگال**

لە کۆمەڵگەیەکی دەڤەری شنگال ژنێکی کوردی ئێزدی تەمەنی گەیشتووەتە 126 ساڵ و هێشتا تەندروستی جێگیرە. ئەو ژنە دەڵێت لە ژیانیدا یەکجار چووەتە لای پزیشک ئەویش بۆ پشکنینی چاوەکانی بووە.

ڕەوشێ قاسم حوسێن، دانیشتووی کۆمەڵگەی دووگورێی سەر بە ناحیەی سنوونێیە لە قەزای شنگال. بەپێی ناسنامەی باری شارستانییەکەی، لە 1887/7/1 لە دایکبووە و دایکی 15 کوڕ و کچانە. ڕەوشێ هەندێک لەو ڕووداوانەی لە یادن کە 90 ساڵ لەمەوبەر ڕوویانداوە.

لەو تەمەنەدا هەموو جۆرە خواردنێک دەخوات و تەنانەت جگەرەش دەکێشێ، تەنیا خۆی لە خواردنی گۆشتی سوور بەدوور گرتووە.

(دایە ڕەوشێ) وەک خەڵکی ناوچەکە بەو ناوە بانگی دەکەن، ئەو کاتەی (ڕووداو) سەردانی کرد لە ماڵ نەبوو، زۆری پێنەچوو هاتەوەو گوتی "من ڕۆژانە سەردانی خزم و کەسوکار و ناسیاوەکانم دەکەم، ئەگەر چاوەکانم کز نەبوونایە بەپێ دەچوومە سنوونێ".

ئێستا ڕەوشێ لەلای قاسمی کوڕە بچووکەکەیەتی کە کرێکارە، قاسم باسی ڕەوشی ژیانی خۆی و دایکی دەکات و دەڵێت "من هیچ مووچەیەکم نییە و کرێکاری دەکەم، دایکیشم 150 هەزار دینار مووچەی چاودێری خێزان وەردەگرێ".

ڕەوشێ زۆر لە تەندروستی خۆی ڕازییە و دەڵێت "ئەوە 37 ساڵە جگەرە دەکێشم، لە ژیانمدا یەکجار سەردانی پزیشکم کردووە ئەویش بۆ پشکنینی چاوەکانم بوو". ڕەوشێ گوتیشی "هەموو شتێک دەخۆم تەنیا گۆشتی سوور نەبێ".

هەرچەندە دەڵێت تەندروستی زۆر جێگیرەو تەنیا چاوەکانی بە باشی نابینن، بەڵام گوتی کە حەز دەکات سەردانێکی پزیشک بکات، ئەگەر پارەی پزیشکی هەبێت.

ڕەوشێ دووجار شووی کردووە، 9 کوڕ و کچی لە ژیاندا نەماون، ئێستا 6 لە کوڕ و کچەکانی زیندوون و 90 نەوە و نەتیجە و نەدیدەی هەیە.

## بەنزینی "خراپ" بازاڕی فیتپەمپی گەرم کردووە


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**نەبەرد حوسێن**
**ڕووداو- هەولێر**

دووکانەکەی وەستا ستاری فیتپەمپچی جمەی دێت لەو هاووڵاتیانەی کە ئۆتۆمبێلەکانیان پەکیکەوتووە و هاتوون تاوەکو وەستا ستار فریایان بکەوێت.

وەستا ستار لەنێو دووکانە بچووکەکەی لە ناوچەی پیشەسازی باکوور لە هەولێر، بەدەم گۆڕینی فیت پەمپی ئۆتۆمبێلێکەوە گوتی "بەڕاستی ئەم بەنزینەی ئێستا دەفرۆشرێت لە بەنزینخانەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بێکەڵکە و دەبێتە هۆی تێکچوونی فیتپەمپ و نۆزڵی ئۆتۆمبیل".

خراپی جۆری ئەو بەنزینەی کە لە بەنزینخانە ئەهلی و حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، نیگەرانی شۆفێرانی لێکەوتووەتەوەو ڕۆژانەش چەندین فیتپەمپ و نۆزڵی ئۆتۆمبیل تێکدەچن. لە نێو دووکانەکەی وەستا ستار چەندین فیتپەمپی لەکارکەوتوو کەوتبوون.

مەلیک محەممەد، 60 ساڵ، لە دووکانەکەی وەستا ستار، ئەوبەنزینەی لە ئۆتۆمبێلەکەی بەتاڵ دەکرد کە لە یەکێک لە بەنزینخانە حکومییەکان تێیکردبوو. مەلیک کە ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری BMW700 بوو، گوتی "من ئەم ئۆتۆمبیلە زۆر بەهێز و خۆڕاگرە بەرامبەر بەنزینی خراپ، بەڵام کە بەنزینی بەنزینخانەکانی تێدەکەم ناتوانم پێی لێنیم یەکسەر لێیدەدات". پێیوابوو "ئێستا بەنزینی باش لەو وڵاتەدا نەماوە، زۆربەی بەنزینخانەکان بۆ دەستکەوتنی بڕێک پارە فێڵ دەکەن و غەدر لەو میللەتە دەکەن".

لە هەرێمی کوردستان چەند جۆرە بەنزینێک هەن لەوانەش سوپەر، موحەسەن، سوپەری ئێرانی و بێجی، کە بێجی هەرزانترینیانە و سوپەری ئێرانیش گرانترینیانە. لە بەنزینخانە حکومییەکانیش تەنیا بەنزینی بێجی دەدرێتە شوفێران، کە نرخی لیترێکی 500 دینارە.

ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ بەنزین هەیە بە تایبەتی وەستایانی فیتپەمپ و نۆزلی ئۆتۆمبێل، دەڵێن ئەو بەنزینەی ئێستا لە کوردستان هەیە "خراپترین" بەنزینە لە ژیانی خۆیاندا بینیبێتیان.

وەستا قادر حەمەد، کە کاری گۆڕینی فیتپەمپ دەکات دەڵێت "تا ئێستا بەنزینی وا خراپمان نەبینیوە، تەنانەت لەکاتی ئیشکردنیشدا ناتوانین دەست لەو بەنزینە بدەین، پێستی دەستمان هەموو تێکچووە".

ئەوەی زیاتر بازاڕی گۆڕینی فیتپەمپی خۆش کردووە، شۆفێرانن، چونکە زۆربەیان هەرزانترین بەنزینیان دەوێ، بەبێ گوێدانە کوالێتییەکەی.

هارون نەجیب، کە لە بەنزینخانەیەکی شاری هەولێر کار دەکات دەڵێت "زۆربەی خەڵک کە دێن بۆ بەنزین تێکردن یەکەم پرسیاریان دەربارەی نرخی بەنزینەکەیە، کام بەنزین هەرزان بێت ئەوە دەکڕن". لەو بەنزینخانەیەی کە هارون کاری لێدەکات بەنزینی موحەسەن و سووپەریش هەیە، بەڵام ئەو دەڵێت "لەبەر گرانی نرخەکەی هەموو کەس ناتوانێت بیکڕێت بە تایبەتی خاوەن تاکسییەکان، چونکە بۆیان دەرناهێنێت".

لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما تێکچوونی فیتپەمپ زیاد دەبێت، وەستا قادر هۆکارەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "لەبەر ئەوەی وەرزی گەرما شۆفێران سارد (تەبرید)ی ئۆتۆمبێلەکانیان هەڵدەکەن، گوشارێکی زۆر لەسەر ئۆتۆمبیلەکە دروست دەبێت دواتریش فیتپەمپەکەی تێکدەچێ".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە نورەدین حامید، بەرپرسی دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر، بەڵام گوتی کاتی نییە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات.

وەستا ستار دەڵێت چەندین جار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باسی خراپی جۆری بەنزین کراوە "بەڵام نازانین بۆچی تائێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە".

## لۆلان دەبێتە پەری



**رووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەری کورد لۆلان ئازاد، ئێستا سەرقاڵی بەشداریکردنە لە فیلمێکی سینەمایی، کە رۆڵی سەرەکی فیلمەکەی دراوەتێ.

لۆلان ئازاد، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم فیلمە دوای تەواوبوونی کارەکانی لەداهاتوویەکی نزیکدا، بەشداری زۆربەی فێستیڤاڵە جیهانییەکانی فیلمی سینەمایی دەکات، لەو فیلمەدا رۆڵی کارەکتەرێک دەبینم بەناوی پەری کە کارەکتەری سەرەکیە". ناوبراو دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە گوتی کە باس لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات.

ئەو فیلمە لە نووسینی ئیسماعیل هاژانی و سیناریۆ و دەرهێنانی محەممەد جانۆیە. لۆلان ئازاد قوتابی بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرە و لەچەند بەرهەمێکدا رۆڵی بینیوە.

# شێرکۆ بێکەس بۆ خەڵاتی ئاشتی کاندید دەکرێ



**شاخەوان شێخانی**
**رووداو-هەولێر**

هۆزان مەحمود، یەکێک لەدادوەرانی بەخشینی خەڵاتی ئاشتی ئیپێر لە بەلجیکا، شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە کاندید دەکات.

هۆزان لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمساڵ کۆمەڵێک کەسایەتی جیهانی و بەلجیکی کۆبووینەوە بۆ ئەوەی پێنج کەسایەتی و رێکخراو کاندید بکەین بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی شاری ئیپێری بەلجیکا، من وەک کوردێک شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسم کاندید کرد".

هۆزان گوتیشی "لە سەرەتای خوێندنی ساڵی 2014 لەنێو خوێندکارانی شاری ئیپێر و ناوچەی فلاندەرس توێژینەوە دەکرێت لەسەر ئەو پێنج کەسایەتیەی کاندیدکراون، دواتر یەکێک لەو کەسایەتیانە خەڵاتی ئاشتی پێدەبەخشرێت".

خەڵاتی ئاشتی ئیپێر ساڵی 2002 دامەزراوەو سێ ساڵ جارێک کەسایەتییەک یان رێکخراوێک خەڵات دەکات کە رۆڵی هەبووە لەبنیاتنانی ئاشتی، بەهای خەڵاتەش 5000 یۆرۆیە

# ئامانج غازی ئۆپێرای کوردی دەنووسێتەوە

**میوا سەلاح خەیری**
**رووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لە کوردستان، میوزیکژەنێکی کورد ئۆپێرا بە دەقی خۆماڵی دەنووسێتەوەو پەرواز حوسێن، بەشداربووی بەرنامەی عەرەب ئایدڵیش، یەکێک دەبێت لە بەشداربووانی ئۆپێراکە.



میوزیکژەنی کورد ئامانج غازی بە (رووداو)ی راگەیاند کە سەرقاڵی نووسینەوەی ئۆپێرایەکی کوردییە "من وەک یەکەمین میوزیکژەن لە کوردستان توانیم یەکەمین ئۆپێرای کوردی بە دەقی خۆماڵی و بە سوودوەرگرتن لە دەنگی ئافرەتان و پیاوان (درێخا نیشتیمانەکەم، درێخا) لە ئاوازی خۆم و تێکستی (قوبادی جەلی زادە) بەرجەستە بکەم کە بڕیار وایە لە فێستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی لە مانگی 9ی ئەمساڵ نمایش بکرێت".

هەروەها ئاشکرای کرد، لەبەر دەنگخۆشی و لێهاتوویی پەرواز حوسێن بەشداربووی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، کە لە هەمانکاتدا قوتابی خۆیەتی لە کۆلیژی هونەر، دەبێتە یەکێک لە دەنگەکانی ئۆپێراکە.

ئۆپێرا فۆرمێکی میوزیکە لەگەڵ نمایشی شانۆیی بەڕێوەدەچێت.

# رۆلا بە ستایلی عێراقی گۆرانی دەڵێت



**رووداو-هەولێر**

هونەرمەند رۆلا سەعد لەلاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە سەرقاڵی کارکردنە بۆ نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی (یا مجنونە). رۆلا دەڵێت "لەکۆتایی مانگی رابردوو دەستم بەکاری کلیپکردن کردووە، بەهاوکاری دەرهێنەر سەفوان نەعمو، ئەو وێنانەی بڵاوم کردوونەتەوە وێنەی تایبەتی کلیپی ئەو بەرهەمە نوێیەن، کلیپی بەرهەمەکەم بەشێوەی دراماییەو چەند ئەکتەرێک تێیدا دەردەکەون کە یەکێک لەهاوکارانم هونەرمەندی کۆمیدی رەزوان قەنتارە". هەروەها دەڵێت "ئەو بەرهەمە بەشێوەزاری عێراقییە".

# عەدنان کەریم هاوکاری سیڤان دەکات






**رووداو-هەولێر**

هونەرمەندی لاو سیڤان عەباس دەربارەی بەرهەم و کاری نوێی خۆی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەنیازی بڵاوکردنەوەی سێدییەکی نوێم کە لە حەوت تراک پێکهاتووە و چواریان خۆم ئاوازم بۆ داناون و دووی دیکەیان خاڵی خۆشەویستم عەدنان کەریم ئاوازی بۆ داناون و کلیپم بۆ کردوون".

بەرهەمەکەی دیکەش بەرهەمێکی هونەرمەند سابیر کوردستانییە، سیڤان هەروەها کارێکی لەگەڵ هونەرمەند تارا جاف کردووە کە لە ئاوازی خۆیەتی و هۆنراوەکەشی هۆنراوەی شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێوە. سیڤان گوتی "عەدنان کەریم لەکاتی تۆمارکردنی دەنگ لەستۆدیۆ لەگەڵمدایەو زانیاریم دەداتێ و ئاگادارم دەکاتەوە لە شتەکان ئەگەر هەڵەیەک بکەم".

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



## بەختی رووداو

**کاوڕ**
هەست دەکەن لەبەختەوەری نزیک دەبنەوە، دەتوانن بیر لەئەنجامدانی کاری نوێ بکەنەوە و پێداچوونەوە بە بڕیارەکانتاندا بکەن، هێمنی خۆتان لەهەموو کاتێک زیاتر بپارێزن. هەوڵەکانتان بەگەڕبخەن بۆ رێکخستنەوەی کارەکان بەشێوەیەک هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبنەوە.

**گا**
بەئاگادارییەکی زۆرەوە کارەکانتان رێکبخەن و ئاگاداری مامەڵەکانتان بن لەگەڵ کەسانی بەرامبەرتان. پێویست دەبێت کارە کەڵەکەبووەکانی ئەم ماوەیە قەرەبوو بکەنەوە. چالاکییەکانتان لەهەردوو لایەنی جەستەیی و فکرییەوە بەهێز دەبێت. بەهۆی زۆری کارەکان گرنگیدانتان بەلایەنی سۆزداری کەم دەکەنەوە.

**جمک**
پەیوەندیەکانتان بەکۆمەڵ و چواردەورەوە زیاد دەکات، ئێوە بەدۆخە تازەکان سەرسام دەبن. کاتێکی باشە بۆئەوەی کەمێک بحەوێنەوە پاش ماندووبوونی رابردووتان و بەبیرو چالاکییەکی نوێ سەرجەم ئەو کارانە رێکبخەن کە بەنیازن ئەنجامیان بدەن. دیداری کەسانی پلەبەرز دەکەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن.

**قرژاڵ**
کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کارەکانتان، بەڵام دەبێت بەهێزبن چونکە هەموویان پێکەوە پێویستیان بەگرنگیپێدان هەیە، لەم کاتەدا دەتوانن لە دوو کاری جیاوازدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن کە هەردووکیان دەبنە بنەما بۆ سەرکەوتنی زیاتر. باری دەسکەوت و دەرامەت باشتر دەبێت.

**شێر**
هەرچەندە کەمێک راڕان، بەڵام دەتوانن بەڕێگەی ئاسان سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنن، چەند بەرنامەیەکی چارەسەری باشتان بۆ گرفتەکان دیاری کردووە، کات گونجاوە بۆ پێشنیازکردنیان. خۆڕاگری وانەیەکی گرنگی ژیانتان فێردەکات بۆ ئەوەی بەردەوامی بە هەنگاوەکان بدەن.

**گوڵەگەنم**
هەست دەکەن کەسایەتیتان کاریگەر و بەهێزتر دەبێت و دەتوانن هەنگاوی نوێ بنێن. خۆتان لە راڕایی بەدوور بگرن. کارەکان رێچکەیەکی باشیان وەرگرتووە و هەنگاوی گەورە دەنێن وەک ئەوەی پێشبینی دەکەن، بەڵام لەم مانگەدا زیاتر پشت بەتوانای خۆتان ببەستن وەک لەبەخت.

**تەرازوو**
هەرچەند بەماوەیەکی قورسی دەزانن، بەڵام بەئاسانی تێیدەپەڕێنن. لەکارکردن بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانتان بەردەوام دەبن، ئاگاداری بڕیارە خێرا و کتوپڕەکانتان بن. پاش ئەوەی دەتوانن هەنگاو بەسەر بەربەستەکاندا بنێن، سەرکەوتنێکی گەورە چاوەڕوانتانە.

**دووپشک**
ناتوانن لەسەر کەللەڕەقی بەردەوامبن، هەوڵ بدەن زیاتر خۆتان بگونجێنن، ئێوە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیتان هەیە. پەیوەندی و دیدارتان زۆر دەبێت، بەڵام ئەو بابەتانەتان لەگەڵ باس ناکەن کە ئێوە چاوەڕوانی دەکەن. لەنێو کۆمەڵ خۆشەویست و سەرنجراکێش دەبن و دەتوانن پشت بەبەخت ببەستن.

**کەوان**
دەرگاکانی بەختەوەری پێکەوە دەکرێنەوە، بەچەند هەوڵێکی کەمتر لەجاران دەتوانن ئەنجامی باش تۆمار بکەن، هەندێک لەو کارانەی راڕای کردبوون ئێستا بە جۆرێکی دیکە بەقازانجتان دەشکێتەوە. بۆگەنجان کاتێکی باشی سۆزدارییە و کاریگەری دەخەنە سەر چواردەورەکەتان.

**کارژۆلە**
کاتی دەستپێکردنەوەی ئەو کارانەیە کە پێشتر تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، گرنگییەکی زیاتر بەخۆتان دەدەن و چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکان دەبیننەوە. دیداری کەسێکی گرنگ دەکەن یان لەجێگەیەکی نوێ دەستبەکار دەبن. کارەکان بەرفراوان بوون، بەڵام ئاسانتر بەڕێوە دەچێت لەوەی چاوەڕوانی دەکەن.


**سەتڵ**
دیدارەکانتان زۆر دەبن، هەندێکیشیان بەو شێوەیە دەبێت کە ئێوە دەیخوازن. پشتتان لەکارەکانتان سارد نەبێتەوە، لەهەوڵەکانتان بەردەوام بن. خۆتان لەگەڵ ئەو بارودۆخە بگونجێنن کەبەدڵتان نییە. رێکخستنێکی باش لەکارەکانتان بکەن و ئەرکەکانی سەرشانتان سوک بکەن.

**نەهەنگ**
ئەوانەی رەخنەتان لێدەگرن دڵسۆزتانن، هەوڵ بدەن زیاتر لە مەبەستەکانیان تێبگەن. ماڵ و خێزان پێویستی بەگرنگیدان و هاوکاری ئێوە هەیە. ئەو کارانەی تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشێ. پێویستە بڕوایەکی زیاترتان بەخۆتان و تواناتان هەبێت.

**بەگشتی:**

زۆرکات تەنیا متمانە بەخۆمان دەکەین لەبیرکردنەوە و بڕیاردان، لەئەنجامدا دەگەینە چەند راستییەک، رەنگە ماوەیەک داکۆکی لەبۆچوونی خۆمان بکەین، بەڵام کاتێک گوێ لە کەسانی دیکە دەگرین، سەرسام دەبین کە دەبینین گوتە و شیکردنەوەکان سوودێکی زۆرمان پێدەگەیەنن، مانگی رابردوو لەو جۆرە لەخۆڕازیبوونەدا بزر بووین، بەڵام ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو دێتە بورجی دووانە و حەز بەگوێگرتن لەبیروڕای چواردەورمان دەکەین. بەدیقەتێکی زیاترەوە لەشتەکان دەڕوانین و هەندێک لایەنی شاراوە یان جوانکاری دەبینین کە پێشتر هەستمان پێنەکردووە. هەندێک دوودڵیمان زیاد دەکات بەڵام بەهۆی وردبوونەوەیە لەکارەکان و هەوڵدان بۆ کاری باشتر، بێگومان سەرەتای هەموو کارێک قورسە چونکە ئەنجامەکەی دیارنییە.

# ریال مەدرید و بەرشلۆنە لە هەولێرەوە دەچنە ئەڵمانیا




**رووداو-هەولێر**

فیلمی دۆکیومێنتاری ریال مەدرید و بەرشلۆنە بۆ بەشداریکردن لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بلاک لەهەولێرەوە دەچێتە ئەڵمانیا.

تۆفان ئەبوبەکر دەرهێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی گوت "فیلمەکە بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکات". لەو فیستیڤاڵەدا بەرهەمی هونەری 50 وڵاتی جیهانی پێشبڕکێی بەدەسهێنانی پلەی یەکەم و خەڵات دەکەن. فیلمی دۆکیومێنتاری ریال مەدرید و بەرشەلۆنە لە ساڵی 2012 بەرهەمهێنراوە و بەشداری چەند فێستیڤاڵێکی کردووە. لەسەر ئاستی کوردستان خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە و لە فیستیڤاڵی دۆکیومێنتاری چرا لەسەر ئاستی چوار پارچەی کوردستان خەڵاتی باشترین فیلمی وەرگرتووە.

# کوردێک لە فینلەندا داوای دەنگ دەکات

**رووداو-فنلەندا**

کوڕە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری لە بەرنامەی کید سینگ دەکات لە فیلەندا کە تایبەتە بە گۆرانی منداڵان و لە کەناڵی ئێم تیڤی 3 پێشکەش دەکرێت.

بەشداربووانی ئەو بەرنامەیە تەمەنیان لەنێوان 8 تا 13 ساڵیدایەو پێشبڕکێی گۆرانیگوتن دەکەن، یەکێک لەبەشداربووان کوڕە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە بەناوی رائید ئەمیری. ناوبراو دەربارەی ئەو بەرنامەیەو بەشداریکردن و سەرکەوتنی بۆ بەرنامەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی بەشداریم لەو بەرنامەیە کردو گۆرانیم گوت، دەنگم بەدڵی ئامادەبووان و سەرپەرشتیارانی بەرنامەکە بوو، بۆیە ئێستا هەڵبژێردراوم بۆ قۆناخی دووەمی بەرنامەکە، ئێستا پێویستم بە پاڵپشتی کوردانی فینلەندا هەیە و لە رێگەی دەنگدانیان بەو ژمارەیەی بۆم دانراوە دەتوانن بمگەیەننە فینالی بەرنامە".





# خۆپیشاندەرانی سوننە لە هەولێر کۆنگرە دەبەستن



خۆپیشاندانێکی سوننەکانی عێراق

(فۆتۆ: AFP)

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی لیژنەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی ئەنبار ئاشکرای کرد کە بڕیارە کۆنگرەی (ئەهلی سوننە و جەماعە)ی خۆپیشاندەرانی سوننەی عێراق لە 25ی ئەم مانگە بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەری شێخ عەبدولمەلیک سەعدی و ئەحمەد ئەبو ریشە لە هەولێر بەڕێوەبچێ.

شێخ قاسم کەربولی، ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی پارێزگای ئەنبار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆنگرەی (ئەهلی سوننەو جەماعە)ی خۆپیشاندەرانی سوننەی عێراق ڕۆژی 25ی ئەم مانگە لە هەولێر سازدەکرێ"، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەری عەبدولمەلیک سەعدی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکان و کەسایەتییەکانی سوننە لە عێراق بەڕێوەدەچێ.

گوتیشی "دیارترین کەسایەتییەکانی سوننە کە بڕیارە ئامادەی کۆنگرەکەی هەولێر بن بریتین لە نوێنەری شێخ عەبدولمەلیک سەعدی ئەگەر سەعدی بەخۆی ئامادەنەبێ، هەروەها شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە، سەرۆکی پێشووی هێزەکانی سەحوە لە عێراق و شێخ عەلی حاتەم، سەرۆکی هۆزەکانی دلێم و ئەحمەد عەلوانی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ڕافیع عیساوی، وەزیری پێشووی دارایی عێراق و دکتۆر محەممەد عەیاش و شێخ ئەحمەد تەها و زۆر لە پیاوانی ئاینیی سوننەو شێخی هۆزەکانی سوننە لە عێراق، هاوکات ئەگەری ئەوە هەیە یوسف قەرەزاوی، پیاوی ئاینی ناسراوی سوننەش ئامادەی کۆنگرەکە بێ".

کەربولی باسی لەوەش کرد کە "بڕیار بوو سەرەتای ئەم مانگە کۆنگرەی (ئەهلی سوننەو جەماعە) سازبکرێ، بەڵام کۆچی دوایی خوشکە گەورەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆنگرەکەی دواخست"، ئاماژەشی کرد کە "ئامانج لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە یەکخستنی هەڵوێستی سوننەیە لە ئاستی هەموو پێشهات و ڕووداو و ئەگەرەکانی داهاتووی عێراق".

لەلایەن خۆیەوە غازی فەیسەڵ، گوتەبێژی فەرمی ڕاپەڕینی ئازادیخوازانی عێراق کە نوێنەرایەتی زۆر لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندەرانی سوننە دەکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە پاڵپشتی لە هەموو هەوڵێک دەکەین بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی ڕۆڵەکانی عێراق، هاوکات دژی هەر داوایەکین بۆ دروستکردنی هەرێمی سەربەخۆ بۆ سوننە لە عێراق و سازدانی هەر کۆنگرەیەک بە ناونیشانی تایەفەگەری کە کار بۆ فیدرالیەت و دابەشکردنی عێراق دەکات ڕەتدەکەینەوە، چونکە ئامانجی ئێمە یەکخستنی عێراق و ڕزگارکردنیەتی لە دەستی نوری مالیکی و دارودەستەکەی".

غازی فەیسەڵ هەروەها گوتی "وەک ڕاپەڕینی ئازادیخوازانی عێراق هیچ داوەتنامەیەکمان پێنەگەیشتووە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی (ئەهلی سوننەو جەماعە)، هاوکات ئامادە نین بەشداری لەو کۆنگرەیە بکەین"، بەبڕوای ئەو، کۆنگرەکە بەو ئامانجەیە کە سوننە پردی دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی بکاتەوە، بۆیە گوتی "ڕۆژێک دێت ئەو کەسانەی داوای دانوستاندن دەکەن لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی، دەگەنە ئەو ڕاستیەی کە ئامانجی ئەو حکومەتە جێبەجێکردنی داوای خۆپیشاندەران نییە، بەڵکو سەرکوتکردنی ئەوان و هەموو سوننەیە لە عێراق".

غازی فەیسەڵ هەڕەشەی کرد کە ئەوان شانبەشانی سوپای نەقشبەندی شەڕ لە دژی دەسەڵاتی ئێستای بەغدا دەکەن و گوتیشی "تەنیا ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش خەباتی سەربازییە".

لەبارەی کۆنگرەکە، سەرچاوەیەکی بەرپرس و ئاگادار لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەوڵێک هەیە بۆ بەستنی کۆنگرەی ئەهلی سوننە لە هەولێر"، بەڵام بەبێ ئەوەی وادەی بەستنی ئەو کۆنگرەیە ئاشکرا بکات.

گوتیشی "بە بۆچوونی من مەبەستی سوننە لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە لە هەولێر ناردنی پەیامێکە بۆ شیعە لە عێراق کە گوایە کورد و سوننە جیاوازییە نەتەواییەکانیان داوەتە لاوەو لە بەرەیەکی سوننیدا یەکیانگرتووە".

ئەمە لەکاتێکدایە عەبدولمەلیک سەعدی، پیاوی ئایینی ناسراوی سوننەو نوێنەری فەرمی خۆپیشاندەرانی پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی بە دەستی (ڕووداو) گەیشتووە، ڕایگەیاند دەستبەرداری ئەو دەستپێشخەرییە بووە کە پێشتر بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لەنێوان خۆپیشاندەران و حکومەتی عێراق خستیەڕوو، بەهۆی ئەوەی وەک بەیاننامەکە دەڵێت "حکومەتی عێراق ماوەی دوو ڕۆژە لە ئەنبار دەستی بە خوێنڕشتن کردووە"، هاوکات هۆشداری دا لەئەگەری "ناچارکردنی خۆپیشاندەران بۆ گرتنەبەری چەند ڕێگەیەک کە ڕەوشی عێراق بەرەو ئەنجامی چاوەڕواننەکراو دەبەن".

لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا، لە گەڕەکەکانی زوبات و مەلعەب و شەقامی 60ی باشووری شاری ڕومادی سەنتەری پارێزگای ئەنبار پێکدادان لە نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی هۆزەکانی ئەو پارێزگایە ڕوویداو ژمارەیەک کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.

ئەم پێشهاتانە لە کاتێکدایە نوێنەرانی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندەران لە پارێزگا سوننەنشینەکان شەممەی ڕابردوو کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆپیشاندەران و هۆزەکانی پارێزگا سوننەنشینەکان، هاوکات پێنج ڕۆژ مۆڵەتیان دایە پیاوانی ئاینی و سیاسەتمەداران و سەرۆک هۆزەکان بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوێستی کۆتایی خۆیان یان بە پاڵپشتیکردنی پێکهێنانی هەرێمێکی تایبەت بە سوننە لە عێراق یاخود پەنا بردن بۆ توندوتیژی.

# عاجیلجیلەر دەرکەوتنەوە

**دلبخوین دارا**
**ڕووداو-هەولێر**

دوای 30 ساڵ، جارێکی دیکە ناوی بزووتنەوەی عاجیلجیلەر (خێراکەران) کەوتەوە نێو ناوان. بەڵام ئەمجارە لە سووریا نەک تورکیا. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵانی هەشتاکاندا هەر یەکەیان بە لایەکدا چوون و شتێک نەما بەناوی ئەو ڕێکخراوە.

دوای کۆمەڵکوژییەکەی شاری بانیاس، جارێکی دیکە ناوی عاجیلجیلەر (THKP-C) هاتەوە گۆڕێ. بەتایبەت دوای ئەوەی میهراچ ئۆرال، سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە بە جلی سەربازی و لەناو سەربازاندا هەڕەشەی لە خەڵکی مەدەنی دەکرد و بە زمانێکی عەرەبیی ڕەوان هەڕەشەی لە نەیارانی ڕژێمی ئەسەد کرد و گوتی یەک بە یەکیان دەکوژێت.

ئەنگین ئەرکنەر، نووسەری ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا، کە پێشتر بەرپرسیارێتی لە نێو ئەو بزووتنەوەیەدا هەبووە و ئێستا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی دەژیت، لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا باسی میهراچ دەکات و دەنووسێت "میهراچ ئورال سیخوڕێکی نێودەوڵەتییە. لە یەککاتدا لەگەڵ دەزگای سیخوڕیی (میت) و موخابەراتی سووریا کاردەکات، ئەمە بە بەڵگە ئاشکرا بووە. ئورال ئەمە ڕەتناکاتەوە، ئەو دەڵێت خۆی بزووتنەوەی (مقاوەمە)ی دامەزراندووە بۆ پارێزگاریکردن لە سووریا".

ئەنگین هەروەها دەڵێت میهراچ گوندی بایادای سوننی سەر بە بانیاسی پاککردووەتەوە، بە سەتان کەسی تێیدا کوژراوە، تەقینەوەکەی ڕەیحانلیش لە تورکیا ئەو کردوویەتی.



میهراچ ئۆرال لەساڵی 1978 لەلایەن دەزگای میتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێ، ناوبراو بەڵێن بە میت دەدات کە بزووتنەوەکەی هەڵبوەشێنێتەوە. لە ساڵی 1980 میهراچ دەچێتە سووریا و یەکسەر ڕوو لە ماڵی ئەسەد جەمیلی مامی بەشار ئەسەد دەکات. دواتر سکرتێرەکەی جەمیل، کە ناوی مەلەک فازڵە مارە دەکات و ڕەگەزنامەی سووری دەدرێتێ.

ئۆرهان ئۆزتورک، کە نزیکترین هاوڕێی ئۆراڵە دەڵێت "لە ساڵی 1978 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی ئاجیلجیلەر لە ماڵی جەمیل ئەسەد کرا، ئورال گوتی پارەیەکی ئەوەندە زۆرمان لەبەردەستە قەت تەواو نابێت، بەڵام باشترە ئێمە لەگەڵ موخابەرات کاربکەین، بۆ زامنکردنی مانەوەی خۆمان". گوتیشی "دواتر میهراچ بڕیاری دا کە جەمیل ئەسەد ببێتە سەرۆکی فەخری بزووتنەوەی عاجیلجیلەر".

بەپێی وتەی ئۆزتورک، میهراچ بەتەواوی کەوتبووە ناو دەستی دەزگای موخابەراتەوە و لەگەڵیاندا کاری دەکرد. جەمیل ئەسەد هەموو دەرگایەکی بۆ ئەو خستبووە سەر پشت و ساڵی 1987 کۆنگرەی بزووتنەوەکە لە گوندی ئەسەد، لە قەرداحە، لە ماڵی جەمیل ئەسەد سازکرا، لەو کۆنگرەیەدا موخابەراتیش ئامادەبوو. لە دوای کۆنگرەکە ئیتر شتێک بەناوی بزووتنەوەی عاجیلجیلەر نەما. بەڵام میهراچ ئورال پێگەی خۆی پاراست و لە موخابەرات دوورنەکەوتەوە.

ئۆرهان ئوزتورک بەردەوام دەبێت و دەڵێت "میهراچ ئورال ئێستا سەرۆکایەتی زیاتر لە 2 هەزار چەکدار دەکات. لەژێر ناوی بزووتنەوەی مقاوەمەدا لە شاری ئیدلب (نزیک لە سنووری تورکیا) شەڕ لەدژی ئۆپۆزیسیون و سوپای ئازاد دەکات".

هەرچەندە کۆمەڵکوژییەکەی بایادا لە بانیاس و تەقینەوەکانی ناوچەی ڕەیحانلی لە هاتای لە تورکیا کە نزیکەی 50 کەسیان تێدا کوژران و زیاتر لە 100 کەسی دیکە برینداربوون، خراوەتە ئەستۆی میهراچ ئورال، بەڵام ئەو تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە.

ئورال لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕادیکال دەڵێت ئەوە 20 ساڵە بزووتنەوەی عاجیلجیلەر نەماوە، 30 ساڵە لەگەڵ پەلاماردانی سەربازی نەماوە. ئەگەر دادگایەکی ڕاستەقینە هەبێت، ئەو دەگەڕێتەوە تورکیا، هەروەها دەڵێ دەستی ئیسرائیل لە تەقینەوەکانی ڕەیحانلیدا هەیە.

ئورال ڕەتیناکاتەوە کە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی مقاوەمەی سووریا دەکات و دەڵێت کاریان ئەوەیە نەهێڵن کەسێک لەلای لازقیە (شاری بنەماڵەی ئەسەد) بێتە ناو سووریاوە، واتە ئەو هێزەیان بۆ پاراستنی لازقیە دامەزراندووە.



## حەسەن عەلەوی:

# چۆڵبوونی جێگەی تاڵەبانی لەوە زیاتر بە زیانی کوردە

**ڕووداو- هەولێر**

حەسەن عەلەوی سیاسەتمەدار و بیرمەندی عێراقی ڕایگەیاند کە دەبێت کورد خۆی یەکلایی بکاتەوەو جێگرەوەیەک بۆ جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق دیاری بکات، چونکە "چۆڵبوونی جێگەی تاڵەبانی لەوە زیاتر بە زیانی کورد دەشکێتەوە".

حەسەن عەلەوی، ئەندامی سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە بواری سیاسی لە ئاستی هەموو جیهان دوو میکانیزمی با و و ناسراو هەن بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەی وڵات، یەکەمیان لەسەر بنەمای کاریزمای دەسەڵات دەبێت و دووەمیان لەسەر بنەمای کاریزمای میرات کە هیچیان پشت بە دیاریکردنی ماوەی سەرۆکایەتی نابەستن".

گوتیشی "هەڵبژاردنی سەرۆک لەسەر بنەمای کاریزمای دەسەڵات لە مێژووی خەباتی بنەماڵەیەک و خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بۆ نەوەکانی ئەو بنەماڵەیەوە سەرچاوەی گرتووە هاوشێوەی سۆز و متمانەی خەڵک بۆ بنەماڵەی جەواهر لال نەهرۆ، یەکەم سەرۆک وەزیرانی هیندستان لە پاش سەربەخۆیی لە بەریتانیا و بنەماڵەی بۆتۆ لە پاکستان و کێنێدی لە ئەمریکا".

حەسەن عەلەوی گوتی "داواکارم گەلی کورد دەستبەرداری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبێت و جارێکی دیکە لەسەر بنەمای کاریزمای دەسەڵات بە سەرۆک هەڵیبژێرنەوە، بەوپێیەی سێبارە هەڵبژاردنەوەی بارزانی دژی سیستمی دیموکراسی نییە و ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێتەوە".



سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆماریش، ئەو پەرلەمانتارە گوتی "سەرەڕای باشتربوونی تەندروستی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق وەک لە دوو ڕۆژی ڕابردوو بینیمان، بەڵام هەر دەبێ کورد خۆی یەکلایی بکاتەوەو جێگرەوەیەک بۆ تاڵەبانی بدۆزێتەوە، چونکە بەجێهێنانی ئەرکی پۆستێکی وەک سەرۆکایەتی کۆمار ماندووکەر دەبێت بۆ تاڵەبانی، بەتایبەتی دوای ئەم نەخۆشییەی، هاوکات دەبێ ئەو ڕاستیەمان بیر نەچێ کە چۆڵبوونی جێگەی تاڵەبانی لەوە زیاتر بە زیانی کورد دەشکێتەوە".

بەبڕوای ئەو "دەبێ جێگرەوەی تاڵەبانی لە سەرۆکایەتی کۆمار هاوشێوەی تاڵەبانی کراوەو ڕۆشنبیر و لیبراڵی و خاوەن هیچ کێشەیەک نەبێ لەگەڵ عەرەب و لە شۆڕشگێڕانی کوردیش نەبێ".

ماوەی زیاتر لە 150 ڕۆژە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا چارەسەر وەردەگرێ لە ئاکامی تووشبوونی بە جەڵتەیەکی مێشک.

# 4 هەزار تاوەری گەیاندن هەڕەشە لە تەندروستی هاووڵاتیان دەکەن

ڕەنجە جەمال
ڕووداو- هەولێر

هەندێک لێکۆڵینەوە دەریانخستووە، تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت، کە شەپۆلی کارۆموگناتیسییان لێدەردەچێ، کاریگەرییان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ. پسپۆڕێکی بواری ژینگەپارێزی دەڵێت لە هەرێمی کوردستان لە دانانی تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێتدا ڕەچاوی ستاندارده جیهانییەکان نەکراوە.

عەبدولڕەحمان سدیق، وەزیری پێشووتری ژینگەی عێراق کە چەندین لێکۆڵینەوەی سەنتەرە نێودەوڵەتیەکانی لەبارەی زیانی تاوەرەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل خوێندووەتەوە، دەڵێت "شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان لەوانەیە کاریگەری بەرچاویان هەبێت لە تووشبوونی مرۆڤ بە هەندێک لە نەخۆشییەکانی مێشک و نەزۆکی و لە بیرچوونەوەی لەسەرخۆ" بەڵام گوتیشی "تا ئێستا لێکۆڵینەوەکان لەو بوارەدا بەردەوامن بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دڵنیاکەر".

ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین تاوەری مۆبایل و ئینتەرنێت لەسەر زەوی و لەسەربانی ماڵان و شاخ و گردەکان دانراون، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا 11 مەرج هەن بۆ دانانی تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت.

عەبدولڕەحمان سدیق باسی هەندێک لەو مەرجانە دەکات "پێویستە بەرزی ئەو بینایەی تاوەرەکەی لەسەر دادەنرێت لە 15 مەتر کەمتر نەبێت، لە سنووری بازنەیەکدا بێت کە نیوە تیرەکەی لە 10 مەتر کەمترنەبێت و پێویستە سەربانەکە کۆنکرێت بێت و تاوەرەکەش بە بەربەستی کانزایی دەورەدرابێت، هەروەها پێویستە دووری نێوان مرۆڤ و تاوەرەکان لە 12 مەتر کەمتر نەبێت، لە حاڵەتی بوونی قوتابخانە دەبێت دووری نێوان تاوەرەکە و قوتابخانەکە لە 20 مەتر کەمتر نەبێت".

## پرس بە هاووڵاتیان ناکرێت

وەک عەبدولڕەحمان سدیق ئاماژەی پێدا، یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی دانانی تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت، وەرگرتنی ڕەزامەندی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیەیە کە تاوەرەکەی لێدادەنرێت.

عوسمان ساڵح، کە دانیشتووی شاری هەولێرە، دەڵێت تاوەرێکی مۆبایل لەناو باخچەی بەردەم ماڵەکەیان لەسەر زەوی دانراوە، بەبێ ئەوەی پرسیان پێبکرێ "هەر قسەشمان نەکرد، کێ گوێ لە ئێمە رادەگرێ".

تاوەکو ئێستا چەندین جار ناڕەزایی هاووڵاتیان گەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە نادروستی و خراپی دانانی تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت.

هاوڕاز شێخ ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند "ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەدواداچوونمان کردووە، حکومەتمان بە نووسراوی فەرمی ئاگادارکردووەتەوە لە ڕێگای لایەنی پەیوەندیدار کە دەستەی ژینگەیە، لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر میکانیزمی دانانی ئەو تاوەرانە".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "ئێمە تێبینیمان هەیە، چونکە ئەو تاوەرانە لە هەرێمی کوردستان بەدەر لە ستاندارده جیهانییەکان دانراون، بێگومان بەو شێوازەش تاوەرەکان زیانی ژینگەیی و تەندروستییان دەبێ".

ئێستا لە دەستەی گشتی ژینگەی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی ڕێنمایی تایبەت، کار بە یاسا جیهانییەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ژینگەی عێراقی دەکرێت.

عەبدولڕەزاق خەیلانی، بەرپرسی هونەری لە دەستەی گشتی ژینگە ڕایگەیاند "هەندێک لە کۆمپانیاکان بەبێ پرسی دەستەکەمان تاوەرەکانیان داناوە، بۆیە پێویستە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت، چونکە زۆربەی تاوەرەکانیان بە ڕێگایەکی نادروست داناوە کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژینگە و مرۆڤ" بەڵام گوتی "ئێمە دەستەیەکی چاودێرین و ناتوانین لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەین، دەسەڵاتی ئەوەشمان نییە، چونکە دەبێت لە ڕێگای پۆلیسی تایبەت بە ژینگەوە بێت کە نیمانە".

## 4000 تاوەر هەن

بەپێی ئاماری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، ئێستا چوار کۆمپانیای مۆبایل و 27 کۆمپانیای ئینتەرنێت و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ هەن کە بە هەموویان 4000 تاوەریان هەیە.


عەبدولڕەزاق خەیلانی گوتی "تا ئێستا لە کۆمپانیاکانی مۆبایل تەنیا کۆمپانیای (زێن) بەپێی ڕێنماییەکانی ئێمە تاوەرەکانیان داناوە، ئەگینا زۆربەی تاوەرەکانی دیکە بە سەرپێچی و بەدەر لە مەرجەکان دانراون".

فایبەر تو هۆم شوێنی تاوەرەکان دەگرێتەوە

کاروان ڕەزا، بەڕێوەبەری گشتی پۆستە و گەیاندن لە هەولێر ڕایگەیاند 75%ی سیستەمی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تاوەرەکانی گەیاندنەوەیە، ئێستاش لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 4 ملیۆن بەشداربووی مۆبایل و زیاتر لە 600 هەزار بەشداربووی هێڵەکانی ئینتەرنێت هەن".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوە کرد کە دانانی تاوەر ڕوو لە زیادبوونە، بەڵام ئەوانیش بەرنامەیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو تاوەرانە و گوتی "خەریکی جێبەجێکردنی سیستەمی (فایبەر تو هۆم)ین واتە سیستەمی گەیاندنی هێڵی ئینتەرنێت لە ژێر زەوییەوە بۆ ماڵان، بەمەش ژمارەی تاوەرەکانی گەیاندن کەم دەبنەوە".

عەبدولڕەحمان سدیق، وەزیری پێشووتری ژینگەی عێراق دەڵێت ئێستا وڵاتانی پێشکەوتوو سەرقاڵی دروستکردنی تاوەری تازەن بە ناوی تاوەری نەوەی سێیەم کە تیشکدانی کەمترە لەو تاوەرانەی ئێستا.




# خشتەی پزیشکان بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی منداڵ جێی متمانە نییە

سامان بەشارەتی و ئاڵا فەرەج
ڕووداو- سلێمانی

گۆنا محەممەد، 27 ساڵ، دایکی کوڕێک و کچێکە، کوڕەکەی لە ڕێگەی ئەو خشتەیەوە بوو کە دکتۆرێک بۆی دانابوو "دکتۆرەکەم بەرنامەیەکی بۆ داناوم تا منداڵی داهاتووم کوڕ بێت". ئەویش بە دیاریکردنی جۆری خواردن و شێوازی بەکارهێنانی دەرمان و کاتی سێکسکردن.

بەپێی بەرنامەکە دەبوو هەندێک جۆری خواردن زیاد بکات (ماسی، نانی سپی، سەوزەوات، جۆرەکانی چەرەسات) و هەندێکی دی بەکارنەهێنێت (نانی جۆ یان بۆر، بەرهەمەکانی شیر). بەپێی بەرنامەکە دەبێت لە کەوتنە سووڕی مانگانەوە تا تێپەڕبوونی 12 ڕۆژ سێکس نەکات.

دیاریکردنی ڕەگەزی منداڵ لە زانستی پزیشکیدا دەبێ لە تاقیگەی پێشکەوتوودا ئەنجام بدرێت، بەجۆرێک سپێرمی هەڵگری کرۆمۆسۆمی نێر لەگەڵ هێلکەدا جووت بکرێ و دواتر لە منداڵدانی دایکدا بچێنرێ.

بەڵام هەندێک بیردۆز هەیە کە دەڵێن بە دیاریکردنی کاتی سێکسکردن لە چوارچێوەی سوڕی دابەزینی هێلکەدا دەتوانرێت ڕەگەزی منداڵ دیاری بکرێت. گرنگترینیان نەخشەکەی زانای بایۆلۆجی لاندەرم بریور شێتلزە کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دیاری کردو ساڵی 1971 لە کتێبێکدا چاپی کرد و چەندین جاری دی بڵاوکرایەوە.

بەپێی ئەو نەخشەیە، ئەو تۆوانەی هەڵگری کرۆمۆسۆمی نێرن (Y) خێراتر دەڕۆن، بەڵام زووتر دەمرن بە پێچەوانەی ئەو تۆوانەی هەڵگری ڕەگەزی مێن (X). بۆیە ئەگەر ماوەیەکی کورت دوای دابەزینی هێلکە سێکس بکرێ، ئەوا تۆوەکانی هەڵگری ڕەگەزی نێر خێرا پێی دەگەن و دەیپیتێنن. بەڵام ئەگەر زۆر زووتر یان زۆر دواتر لە دابەزینی هێلکەکە سێکس بکرێ، ئەوا تۆوەکانی هەڵگری کرۆمۆسۆمی نێر دەمرن و مێیەکان دەمێننەوە و دەیپیتێنن.

دکتۆرە مەهاباد ساڵح دەلۆیی پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان ئەو خشتەیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "زانستی پزیشکی نەیتوانیوە ئەوە بسەلمێنێ کە ژن دەتوانێت لە ڕێگەی چۆنیەتی نانخواردن و سێکسکردنی لەگەڵ مێردەکەی ڕەگەزی منداڵەکەی بگۆڕێت".

ئەو پزیشکە باوەڕی بەو کارە نییە و بۆ نەخۆشەکانی خۆی نەکردووە. لەبارەی دیاریکردنی ڕەگەزی منداڵەوە گوتی "لەبەر ئەوەی تۆو لەلای پیاوەوە دێت، ناتوانرێت لە ڕێگەی ژنەوە ڕەگەزی منداڵ دیاری بکرێت".

شیرین عەلی، 30 ساڵ، ماوەی 10 ساڵە شووی کردووە و دوو کچی هەیە و سەردانی پزیشکی کردووە بۆ ئەوەی کوڕێکی ببێت. پزیشکەکە داوای لێکردووە ئەو ماوەیە بەرهەمە شیرییەکان و چەرەس نەخوات، هەوەها لە دوای 13 ڕۆژی کەوتنە سووڕی مانگانەوە سێکس بکات، چونکە ئەوکاتە هێلکە دێتە خوارەوە.

شیرین گوتیشی "کاتێک ئەو نەخشانەم وەک خۆی لە ژێر چاودێری دکتۆر جێبەجێ کرد، کوڕم بوو".

دکتۆرە عەتیە حەمە سەعید، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت "باشترین کات بۆ ئەوەی ژن کوڕی ببێت، 13 ڕۆژ دوای سووڕی مانگانەیە، چونکە لەو کاتەدا هێلکە دێتە خوارەوە و سپێرمەکانی پیاو دەدات لە هێلکە و منداڵ دروست دەکات، هێلکەی ژن (XX)ە، بەڵام تۆوی پیاو (XY)ە، بۆیە ئەو کاتە دادەنرێت بۆ ئەوەی (Y) خێرا بدات لە هێلکەدان، چونکە ئەو تۆوە زوو دەمرێت".

بەپێی زانستی بۆماوەزانی، ئەگەر کرۆمۆسۆمی (Y)ی پیاو لەگەڵ هێلکەی ژن (X) پیتا، ئەوە منداڵەکە کوڕ دەبێت، بەڵام ئەگەر کرۆمۆسۆمی (X)ی پیاو لەگەڵ هێلکەی ژن (X) پیتا، ئەوە منداڵەکەیان کچ دەبێت.

## پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی ژنان: خۆم تاقیمکردەوە و وا دەرنەچوو

دکتۆرە عەتیە پێیوانییە کە ژنان بەو خشتەیە کوڕیان ببێت، چونکە خۆی تاقیکردووەتەوە و کوڕیش دەرنەچووە، بۆیە دەڵێت "ئەو کارە لە زانستی پزیشکیدا جێگەی متمانە نییە".

لە هەرێمی کوردستانیش هەندێک لە پزیشکان ئەو خشتەیە دەدەنە ژنان تا جێبەجێی بکەن، بەڵام ئامادە نین لەو بارەیەوە زانیاری و لێدوان بدەنە میدیا.



# دەرزی ئاژنینەکەی سلێمانی بێ مۆڵەتە



سامان بەشارەتی و سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

گەردە، بۆ ئازاری پشتی سەردانی چەندین پزیشکی کردووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بێجگە لە نەشتەرگەری هیچ چارەسەرێکی دیکەیان نەبووە بۆی، بۆیە ناچار ڕووی لە سەنتەری چارەسەرکردنی سروشتی بە دەرزی ئاژنین کردووە، بەڵام ئەو سەنتەرە هیچ مۆڵەتێکی کارکردنی نییە.

گەردە، تەمەن 52 ساڵ، کە لە سلێمانی دادەنیشێ، ئازار لە بڕبڕەکانی پشتیدا هەیە و دەڵێت "تەنیا ئەو کاتەی دەرزی ئاژنینەکەم بۆ دەکەن ئازارم کەمدەبێتەوەو دواتر وەک خۆم لێدێتەوە".

سەنتەری چارەسەرکردنی سروشتی دەرزی ئاژنینی چینی، ماوەی چەند مانگێکە لە شاری سلێمانی کراوەتەوە. ئەگەرچی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەڵێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە، بەڵام د.خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "ئێمە بەهیچ شێوەیەک مۆڵەت بە کردنەوەی سەنتەری لەو جۆرە نادەین، چونکە لەگەڵ زانستی پزیشکیدا ناگونجێت".

بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی ڕەتیدەکەنەوە مۆڵەتدان بەو سەنتەرە پەیوەندی بەوانەوە هەبێت.

لەبارەی مۆڵەتپێدان و بەدواداچوونی کارەکانی ئەم سەنتەرە، دکتۆر دانا ئەحمەد، لە لقی سلێمانی سەندیکای پزیشکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە تەنیا پەیوەندیمان بەو پزیشکانەوە هەیە کە ئەندامی سەندیکان".

دەرزی ئاژنین بەشێکی گرنگە لە بواری پزیشکی کلاسیکی چینی (Traditional Chinese Medicine)، سەدان ساڵە لەو وڵاتە وەک چارەسەر بەکاردێت و ئێستا پەلی بۆ زۆر وڵاتی دیکەی جیهانیش هاویشتوە.

دەرزی ئاژنین لەسەر بنەمای ئەو وزەیە کار دەکات کە بە چینی پێیدەگوترێت چی-Chi، چی لە جەستەدا بە چەند ڕاڕەوێکدا هاتوچۆ دەکات کە بە مێریدیان-Meridian ناودەبرێن. وەک چینییەکان دەڵێن لە مرۆڤدا لە ئەنجامی شێوان لە وزەکە و ڕاڕەوەکانیدا نەخۆشی ڕوودەدات، دەرزی ئاژنین باڵانس و ڕێکوپێکی بۆ ئەو وزەیە دەگەڕێنێتەوە.

سەنتەری دەرزی ئاژنین بۆ هەر نۆرەیەکی چارەسەر بڕی 25 هەزار دینار لە نەخۆش وەردەگرێت، بەپێی حاڵەتەکانیش ژمارەی نۆرەی چارەسەرەکان دەگۆڕێت.

ئەو کچە چینییەی سەنتەرەکە بەڕێوەدەبات، بە (ڕووداو) گوت "ئامانجی کردنەوەی ئەم سەنتەرە بۆ ئەوە بووە کە نەخۆش ڕووبکەنە چارەسەری سروشتی و لە دەرمانی کیمیایی دوور بکەونەوە".

بە زمانی چینی ستایشی سەنتەرەکەی کرد، کە بەگوێرەی وەرگێڕەکەی دەڵێت "ئەوانەی لەو سەنتەرە چارەسەری نەخۆش دەکەن، هەموویان خاوەنی بڕوانامەن و لە وڵاتی چین ناودارن".

بەرپرسانی ئەو سەنتەرە چارەسەری سروشتی دەرزی ئاژنین بۆ ئەوانەی ئازاری درێژخایەنی پشتیان هەیە بە باشترین چارەسەر دەزانن و دەڵێن "لە چین هەر نەخۆشێک نەشتەرگەری بکات دەبێت پێشتر چارەسەری سروشتی وەرگرتبێت".

وەک ئەوان دەڵێن، ئەو نەخۆشانەی چەوری لە خوێنیان هەیە دەبێت ماوەی چارەسەرکردنەکەیان درێژتر بێت لەو کەسانەی نیانە، چارەسەر بۆ نەخۆشێکیش ناکەن کە پێشتر نەشتەرگەری کردبێت.

ژیان عەبدولباقی، 54 ساڵ، ماوەیەکە بە بەردەوامی لەلایەن شارەزا چینییەکانەوە دەرزیئاژنینی بۆ دەکرێت، ژیان دەڵێت "ئەو کاتەی چارەسەرەکەم بۆ دەکرێت تا دوو ڕۆژ باشم، بەڵام دواتر وەک خۆم لێدێتەوە".

ژیان ماوەی بیست ساڵە نەخۆشی بڕبڕەی مل و پشتی هەیە، چارەسەری پزیشکی وەرگرتووە و چەند جارێک داوای لێکراوە نەشتەرگەری بکات، بەڵام ئامادە نەبووە بیکات، هەر بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی دەرزی ئاژنینەوە چارەسەری خۆی بکات.

ئەوانەی لایەنگری بەکارهێنانی ئەم جۆرە چارەسەرییەن، دەڵێن بۆ کەمکردنەوەی ئازاری درێژخایەن و ورووژانی ڕیخۆڵەکان و خەمۆکی و چەند حاڵەتێکی دیکە کاریگەرە، بەڵام ئەوانەی دژی ئەم ڕێگایەن دەڵێن چارەسەرەکە وەهمییە و باوەڕ بۆ نەخۆش دروستدەکات کە باشبووە، بەڵام نەخۆشییەکەی هەر دەمێنێ.

دکتۆر هێمن محەممەد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو لە بارەی دەرزی ئاژنینەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لێکۆڵینەوە هەن ئاماژە بە ڕۆڵی ئەم جۆرە چارەسەرییە دەکەن لە هەندێ حاڵەتدا، وەک هەندێ جۆری سەرئێشە و نەخۆشیی دەمار و ئازاری درێژخایەن و چەند حاڵەتێک کە دەشێت پەیوەندییان بە لایەنی دەروونییەوە هەبێت".

بەڵام ئەو پزیشکە هۆشداری دەدات کە دەبێ ئەو کەسە پێشتر سەردانی پزیشکی کردبێت و حاڵەتەکەی دەستنیشان کرابێت و چارەسەری پزیشکی بۆ دانرابێت، هەروەها دەبێ دڵنیابێ لە شارەزایی ئەنجامدەرەکە و کوالێتی سەنتەرەکە و ئامێرەکانی و ڕەچاوکردنی خاوێنی تەواو لە ئەنجامدانی.

## لەودیو شیشەکانی زیندانەوە چی دەگوزەرێت؟

### زیندانییەکی ئازادکراو:

# مەشروب لەڕێگەی کاڵەکەوە بردراوەتە زیندان

**ساڵح قادر و هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو-هەولێر**

زیندانییەکی ئازادکراوی چاکسازی گەورانی هەولێر باسی ڕەوشـی گرتووخانەکە دەکات و چەندین نهێنی لەبـارەی ئەو گرتووخانەیە ئاشکرا دەکات. ناسـیح، کە ناوی خوازراوی ئەو زیندانییە و لەسەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی کەوتبـووە زیندان دەڵێت "چەندین کەلوپەلی قاچاخ بە نهێنی دەبرێتە ژووورەوە".

### ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە چۆن دەبرێتە ناو زیندان؟

ناسیح لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) باسی چۆنیەتی گەیشـتنی مادەی هۆشبەر، حەبی هۆشـبەر و خواردنـەوە کحولییەکان دەکات بە دەسـتی هەندێک لە زیندانییەکان. بـە تایبەتی ئەوانـەی ئاڵـوودەی ماددەی هۆشبەرن.

ڕێـگاکان زۆرن، کـە ناسـیح هەندێکـی بە چـاوی خۆی بینیون و هەندێکیشـی لەو زیندانیانە بیستووە کە دەمێکە لە زیندانن.

گوتی کە مەشـروب لە ڕێگـەی کاڵەکەوە براوەتە نێو زیندان، چـۆن؟ ئەو دەڵێت "بە شرنقە (سرنج) ئاوی کاڵەک بەتاڵ دەکەنەوە و هەر بە شرنقە مەشروبی تێدەکەن و دەیبەنە ژوورەوە".

باسی هێنانی حەبی هۆشبەری کرد "ژێری پێڵاو دەدڕن و حەبەکەی تێدەکەن، پاشـان دەیدوورنەوە، کە سـەردانی زیندان دەکەن، پێڵاوەکە لەگەڵ زیندانییەکە دەگۆڕنەوە".

هەروەها لە ڕێگەی خواردنیشـەوە حەبی هۆشبەر دەبرێتە ژوورەوە "دەیخەنە نێو سکی مریشـکی بەستوو، یاخود لە نێو دۆڵمە، یان لە نێو کفتە دەیشارنەوە". بەڵام ناسیح دەڵێت "زۆر لەو ڕێگایانە ئاشکرا بوون".

ئەوەی زیاتر داوای ئەو شتانە دەکات، وەک ناسیح ئاماژەی پێدا حوکمدراوەکانن و گوتیشی "هەندێک لەوانە لەلایەن هاوسەرەکانیان حەب و ماددەی هۆشبەریان بۆ هاتووە".

### "مۆبایلیش دێتە ژوورەوە"

ئـەوەی زیاتـر زیندانییەکان بـۆی وێڵن ئامێری پەیوەندیکردنە، ئـەوان هەوڵدەدەن بە هـەر ڕێگەیەک بـێ ئامێـری مۆبایلیان دەسـتبکەوێ. ناسیح دەڵێت "تا ئێستا چەند جارێـک مۆبایل هێنراوەتە نێو زیندان". بەڵام سـزای توندیشی لەسەرە ئەگەر ئاشکرا ببێ "بـۆ مـاوەی 10-15 ڕۆژ دەخرێتـە ژووری تاکەکەسی و هەموو جۆرە سەردانێکیشی لێ قەدەخە دەکرێ".

### "زۆر بەنهێنی دەکرێ"

ئەوانەی ناسیح باسیان دەکات زۆر بەنهێنی دەکرێـن، چونکە دەڵێـت چاودێرییەکی زۆر تونـد لـە نێو زینـدان هەیە "هـەر هۆڵێک چاودێرێکـی تێدایـە، بۆیە ئـەو کارانە زۆر بەنهێنی دەکرێن".

ئەوەی پتر پێویسـتی بەو شـتانە هەیە، وەک ناسـیح دەڵێت "زیاتر حوکمدراوەکانن، بـە تایبەتی ئەوانـەی بەپێی مادەی 406 لە یاسـای سـزادانی عێراقی گیـراون و تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە".

ناسـیح باسـی تایبەتمەندییەکـی ئـەو تاوانبارانـەی کـرد کـە تاوانی کوشـتنیان ئەنجامداوە "ئـەوان هێنـدەی پارێزەرەکان شـارەزاییان لە مادده یاسـاییەکان هەیە و هەر کەسـێک دەستگیر دەکرێ بەس بزانن چ تاوانێکی کردووە، یەکسەر پێیدەڵێن تۆ ئازاد دەکرێی یان چەند ساڵ حوکم دەدرێی".

### عەنتەر لە زینداندا نییە

زۆر کەس وا بیردەکاتەوە یان زۆرجار خەڵک بیستوویەتی کە هەندێک لە گیراوەکان خۆیان فەرز دەکەن بەسـەر گیراوانی دیکەدا. بەڵام ناسـیح کە نزیکەی 2 ساڵ لەو گرتووخانەیە بووە هەموو ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە.

ناسـیح دەڵێـت "لـەوێ عەنتەریـات نایخـوات، کەس ناتوانێـت مافی ئەوی دیکە پێشـێل بکات. چونکە چاودێری زۆر لە نێو گرتووخانەکاندا هەن، چاودێرەکانیش ئەوانەن کە حوکمدراون".

### هاوسەری گیراوەکان جیا دەبنەوە

ئەوانـەی لەودیـو شیشـەکانی زیندانن، چرکە بە چرکە دەژمێـرن تاوەکو لە زیندان بێنـە دەرەوەو بە ژن و منداڵەکانیان شـاد ببنەوە، بەڵام هەندێکجار تاوانەکەیان ئەوەندە گەورەیە، چرکە ژماردن دادیان نادات، چونکە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆریان بۆ دروستدەبێ.

ناسـیح دەڵێـت "گەورەترین کێشـە لە زینـدان نەبوونی سـەردانی شـەرعییە، کە شـوێنێکی تایبەت هەبێ بۆ بەیەکگەیشتنی هاوسـەرەکان، ئـەوەش چەندین کێشـەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتـەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی حوکم دەدرێن".

ناسیح هەروەها دەڵێت "تەنیا ئەو ماوەیەی مـن لە زیندان بـووم 10 ژن لە مێردەکانیان جیابوونـەوە، چونکە زۆر لەوانە مێردەکانیان سـزای زیندانی هەتـا هەتاییان بەسـەردا دەسەپێندرا و بێ ئومێد دەبوون لە ئازادبوونی هاوسـەرەکانیان، بۆیە داوای جیابوونەوەیان دەکرد".

ناسـیح نەیشـاردەوە کە ئاسـانکاری بۆ سـەردانی شـەرعی هەندێک لە گیـراوەکان دەکـرێ "زۆر بەدەگمـەن و بـۆ هەندێک لە چاودێرە کۆنەکان پەردە دادەنێن".

### خۆزگەیان بە هەڵاتووانی زرکا دەخواست

لـە شـەوی 2012/1/6دا 11 بەندکراوی چاکسـازی زرکا لە شـاری دهۆک لە ڕێگەی هەڵکەندنـی ڕاڕەوێک لـە زیندانەکە هەڵاتن. دواتـر دوو لەوانە گیرانـەوەو 9 گیراوەکەی دیکە تاوەکو ئێستا هیچ هەواڵێکیان نییە.

ناسیح کە ئەوکات لە گرتووخانەی چاکسازی هەولێـر بووە، دەڵێـت ڕۆژی دواتر هەر زوو هەواڵەکە بە نێو زیندانیاندا بڵاوبووەوە.

گوتیشی "دوای ئەو ڕووداوە ڕێوشوێنی زۆر تونـد گیرایە بەر لە زینـدان، بە تایبەتی لە ڕۆژی سەردان". ناسیح بەدووری زانی ئەوەی لە زرکا ڕوویدا لە هەولێر ڕووبدات "چونکە لە زیندان کەس متمانـەی بە کەس نییە، جگە لەوەش 11 دەرگات لەسـەر داخراوە، کەس ناتوانێ بیر لە هەڵاتن بکاتەوە".

سـەبارەت بە هەسـتی زیندانییەکانیش بەرامبەر بەو ڕووداوەی زرکا، ناسـیح دەڵێت "زۆر لە گیـراوەکان خۆزگەیان بە هەڵاتووانی زیندانـی زرکا دەخواسـت، چونکـە هیـچ ئومێدێکیان بـە دەرچوون لە زیندان نەماوە، هەیـە دووجار سـزای لـە سـێدارەدانی بۆ دەرچووە".

### هەوای پاکیان دەوێت



گرتووخانەی چاکسـازی گەورانی هەولێر، پێشـتر وێسـتگەی شـەمەندەفەر بـووە، هەرچەندە لایەکـی گرتووخانەکە لە دەرەوە پارکە. بەڵام نێو گرتووخانەکە تەواو جیاوازەو تەنیا شیش و کۆنکریت دەبینرێت.

ناوبـراو گلەیی لە ئیـدارەی گرتووخانەکە کرد کـە "توێژەری کۆمەڵایەتـی و دەروونی لێیە، بـەڵام هیچ گرنگی بە گیراوەکان نادەن "من نزیکەی 2 سـاڵ لە زینـدان بووم، یەک توێژەر نەهاتە لام و لێی نەپرسیم". گوتیشی "هیچ دارێک و سەوزاییەک لە ناو زیندانەکەدا نییە".

### ناخۆشترین ساتەکانی ژیان

بەلای ناسیحەوە زیندان هیچ یادەوەرییەکی خۆشـی تێدا نییـە بیگێڕێتـەوە، جگە لە چاوەڕوانـی و تۆمارکردنـی چرکەساتی ناخۆش. ئەو دەڵێت "ناخۆشترین چرکەساتی زیندان ئەو کاتانەیە کە کەسوکارت سەردانت دەکەن و دواتـر ماڵئاواییت لێدەکەن، ئیدی کەس خۆی پێناگیرێ، یان کاتێک زیندانییەک هەواڵی مەرگی کەسـێکی نزیکی پێدەگات، هیچ دەسەڵاتێکی نییە جگە لە گریان".

ناسـیح دەڵێـت کاتێـک یەکێـک لـە زیندانییەکان باوک، یان دایک ، یان خوشک و بـرای دەمرێت زیندانییـەکان هەر لە نێو زیندان پرسـەی بۆ دادەنێن "بەڵام ئیدارەی زیندان بانگی ناکەن دڵنەوایی بدەنەوە".

بۆ هەندێک لە زیندانیان ڕۆژی سەردانیکردن نەک دڵخۆشکەر نییە، بەڵکو تەواو بێزارکەرە. بە تایبەتی ئەوانەی کەس سەردانیان ناکات. ناسیح باسی جەژنی قوربانی ڕابردوو دەکات و دەڵێت "کەسوکارم سەردانیان کردم، دوای ماڵئاوایـی، گەڕامـەوە ژوورەوە، یەکێک لە زیندانیان لە سـووچێکی ژوورەکە زۆر بەبێ تاقەتـی دانیشـتبوو، منیـش پێمگوت چی بـووە، گوتی "لە بەیانییـەوە خۆم گۆڕیوە، بەڵام کەس سەردانی نەکردم". ناسیح دەڵێت "زیندانییەکە دایە پڕمەی گریان، بەڕاسـتی ئەو دیمەنە ناخی منی هەژاند و قەت لە بیری ناکەم".

سـەبارەت بەو زیندانیانەی کەسوکاریان سـەردانیان ناکەن. ناسیح دەڵێت "بەندکراو هەبووە تاوانێکی زۆر قێزەونی کردووە، بۆیە کەسوکاری سەردانی ناکەن".

دواجار زیندان وێستگەیەکی گرنگە بۆ ئەو کەسـانەی تاوانێک دەکەن، ئەگەر بیانەوێ بەخۆیانـدا بچنـەوە، چونکە وەک ناسـیح دەڵێت "پیاو هەبووە لە دەرەوە ئەگەر چەند دڵڕەق بووبێ و خەڵکی کوشـتبێ، بەڵام لە گرتووخانە گریاوە".

# 170 بیانی لە گرتن و گواستنەوەی سلێمانین

**جەمال ئەحمەد و تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو ـ سلێمانی**

قەرەباڵخییەکـی زۆر لەناو زیندانی گرتن و گواستنەوەی سـلێمانیدا هەیە. چیرۆکەکانی ئەوێ لـە یەکدی جیان، هەر یەکەیان سـەر بە کێشـەیەکن. زۆربەیان هێشتا نەچوونەتە بەردەم دادوەر و نازانن ئـەوان گرتووخانەی توندتـر دەبینن، یان دەرگا کلۆم دراوەکانیان لەسەر دەکرێتەوە. بەڵام کێشەی کۆمەڵایەتی بنەوانی زۆر لە چیرۆکەکانە.

عەمیـد هیوا شـێخ عەلـی، بەڕێوەبەری پۆلیسـی گرتن و گواسـتنەوە، زۆر شـتی لەبارەی ژیانی ئەوانەوە گێڕایەوە. عەمید هیوا، کە سەر و ریشی لە نێو ئەو بەڕێوەبەرێتییەدا سـپی کردووە، زۆرجار هەوڵـدەدا، جگە لە کارە فەرمییەکانی خـۆی، کاری دیکەش بۆ زیندانییـەکان بـکات لـە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە.

بەڕێوەبەرەکە، دەڵـێ ئەوانەی لێرەن هەر یەکە و کێشـەیەک هێناویەتی "بـەڵام لێرە ڕادەگیرێن تاوەکو کاتی دادگایی کردن".

بەپێی قسەی عەمید هیوا، زۆربەی ئەوانەی لەو گرتووخانەیـەن، بەپێی ماددەکانی 406، 405، 443، 444، 446 لە یاسـای سزادانی عێراقی گیراون، کە پەیوەندییان بە تاوانەکانی کوشـتن، دزی، شـەڕی نێـو بـازاڕەکان و کێشەکانی پۆلیسـی هاتوچۆ و سەرپێچی و خیانەتی هاوسەرییەوە هەیە.

بەڕێوەبەری پۆلیسـی گرتن و گواستنەوە لـە سـلێمانی، هێمـای بـۆ هەندێـک لە دەسـتگیرکراوەکان کرد و گوتی "هەندێکیان ئـەو پۆلیـس و فەرمانبەرانەن کـە ئەرک و فەرمانەکانی سەرووی خۆیان جێبەجێ ناکەن و لە بەرامبەر کارەکانیان کەمتەرخەمن".

چەنـد مانگێـک لەمەوبـەر، گرتـن و گواستنەوەی سلێمانی، لە گەڕەکی جولەکانەوە گواسـترایەوە بـۆ فەرماندەیـی ناسـراو بە (معەسکەر سەلام)، چونکە بیناکە و هەڵکەوتە و خزمەتگوزارییەکانی وەک پێویست نەبوون. ئێستا بیناکەی گونجاوتر دێتە بەرچاو.

بەپێـی ئامارێکـی پۆلیسـی گرتـن و گواستنەوەی سلێمانی، کە دراوەتە (ڕووداو)، لە ماوەی 4 مانگی ئەمسـاڵدا 3 هەزار و 497 کـەس لەوێ ڕاگیراون کـە 170 کەس لەوانە خەڵکانی بیانین و بەپێی مادەی 24 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون.

عەمید هیوا شێخ ڕەئوف، لە بارەی بیانییە دەستگیرکراوەکانەوە دەڵێ "ئەوانە بە نایاسایی هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە". گوتیشـی کە بیانی هەیە نزیکـەی 7 مانگە لەوێیە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، هەرێمی کوردستان هێزێکی موگناتیسـی زیاتر پەیدا دەکات بۆ ڕاکێشانی خەڵکانی بیانی و ئەوەش لە باشبوونی ڕەوشی ئەمنی و ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی گرتن و گواستنەوە دەڵێ کێشەکە ئەوەیە بەشـێک لەوانە بە نایاسایی دێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە "بەپێی یاسا 6 مانگ زیندانی دەکرێن و دواتر دیپۆرت دەکرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان".

عەمید هیوا، کە هاوکات خوێندکاری بەشی یاسـایە لە زانکۆی جیهان، لـە ژوورەکەیدا بەردەوام جەنجاڵی وەرگرتنی کەیسـی نوێ و ناردنی یەکێک لە کەیسەکانە بۆ دادگا، ژیانی ئەو هەمیشـە وایە. ناوبراو دەڵێت "ئەوکاتەی دەچمە ژووری بەندکـراوەکان، وەک هاوڕێ و دۆسـت دەچمە لایان و ئامۆژگارییان دەکەم، چونکە تێدەگـەم ئەوان تەنیـا هەڵەیەکیان کـردووە، دەبێ بەرچاویـان ڕوونبکرێتەوە و هانیان بدەی کە بەجۆرێکی باشتر بیربکەنەوە و بژین".

عەمید هیوا، باسـی یەکێک لە هەوڵە تاکە کەسییەکانی خۆی کرد لەڕێگەی خێرخوازێکەوە بڕێک پارەی پێگەیشتووە تاوەکو بۆ زیندانییە دەسـتکورت و هەژارەکانـی خـەرج بـکات "بەڵام زیاتری پارەکە بـۆ بیانییە گیراوەکان خەرج دەکەین، چونکە ئەوان لێرە کەسـیان نییە سـەردانیان بکات"، ئینجا بەشێوەیەکی گشتی باسی تاوان و کێشەکانی کرد "دزی لە هەموو تاوانەکانی دیکە زۆرتر خەڵکی لەسەر دەگیرێت".

لە نێو گرتووخانەکەدا، بەڕێوەبەری پۆلیس کتێبخانەیەکی دروستکردووە، ڕۆژانە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بـۆ زیندانییەکان دابین دەکات، بەڵام دەڵێ لەگەڵ ئەوەدا هیچ شـتێک بەبێ سەر ئێشە و کێشـە نابڕێتەوە "ئێمە بڕوامان بەمافەکانی مرۆڤ هەیە، دەبێ بەشـێوەیەکی باش ئەو کەسانە جارێکی دیکە بۆ ناو کۆمەڵگا بگەڕێنـەوە". عەمیـد هیوا شـێخ ڕەئوف، قسـەیەکی باوی دووبارەکـردەوە کە هەموو زیندانییەکان ڕۆژانە لەبەرخۆیانەوە دەیڵێنەوە "زیندان قوتابخانەیە".



ئەو زیندانیانە هێشتا حوکم نەدراون و نازانن گرتووخانەی توندتر دەبینن یان ئازاد دەکرێن (فۆتۆ: ڕووداو)



سه‌ربه‌ست بامه‌رنی

# زوڵم له تاڵه‌بانی ده‌کرێت

زۆرتر له نیو سه‌ده‌یه به‌ڕێز جه‌لال تاڵه‌بانی، سه‌رۆک کۆماری فیدراڵیی عێراق، رۆڵێکی میحوه‌ری و سه‌ره‌کیی هه‌یه له هه‌موو شتێکدا که په‌یوه‌ندیی به دۆزی نیشتمانیی عێراق به‌گشتی و دۆزی کورد به‌تایبه‌تییه‌وه هه‌یه.

هه‌ندێک که‌س به شێرپه‌نجه‌ی ته‌ڤگه‌ری کوردییان زانی و هه‌ندێکی دیکه‌ش به په‌یامبه‌ر و رزگارکه‌ر و تیۆری داڕێژه‌ری بزووتنه‌وه‌ی نیشتمانی و گرێده‌ره‌وه‌ی ململانێی چینایه‌تی به خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تییان زانی.

هه‌ندێکی دیکه به رێویی سیاسه‌ت و یاریزانێک دایاننا که ناکرێ کۆنترۆڵ بکرێت. ئه‌وانی دیکه‌ش به بلیمه‌تێکیان دانا که کارکرده ده‌ره‌کییه‌کان له به‌رژه‌وه‌ندیی دۆزه‌که‌یدا به‌کارده‌هێنێت. له هه‌موو حاڵه‌ته‌کاندا ئه‌وه‌ی زۆرتر له‌باره‌ی ئه‌و پیاوه ده‌گونجێت بگوترێت ئه‌وه‌یه که، وه‌کو موته‌نه‌ببی-ی شاعیر ده‌ڵێت، دنیا و خه‌ڵک به پلانه‌کانییه‌وه سه‌رقاڵ ده‌کات و به خه‌یاڵێکی ئاسووده‌شه‌وه لێی ده‌خه‌وێت، له‌کاتێکدا خه‌ڵکی دیکه به‌خه‌به‌ر ده‌مێنن و شه‌ڕی یه‌کدی ده‌که‌ن.

تاڵه‌بانی، سه‌رۆک کۆماری فیدراڵیی عێراق، بووه نێچیری ته‌مه‌نی درێژ و هیلاکیی به‌رده‌وام و خه‌می عێراقی و کوردی. ده‌ره‌نجامی ئه‌مه‌ش جه‌ڵته‌یه‌کی مێشک بوو که وایکرد له یه‌کێک له نه‌خۆشخانه‌کانی ئه‌ڵمانیادا بگیرسێته‌وه بۆ چاره‌سه‌ر و ئیدی ئه‌وه مێژووه که بڕیار ده‌دات کۆتاییه‌که‌ی چی ده‌بێت و چۆن ده‌بێت.

تراژیدیاکه ئه‌وه‌یه که ناوی تاڵه‌بانی و رۆڵی ئه‌و به خراپ سوودی لێوه‌رده‌گیرێت. هه‌رچه‌نده هه‌موو که‌سیش، به‌بێ جیاکردنه‌وه، هه‌ر له سه‌رکردایه‌تیی پارته‌که‌یه‌وه بیگره تاوه‌کو ده‌گاته سه‌رکرده‌کانی کورد و عێراق ئه‌و راستییه ده‌زانن که تاڵه‌بانی یان هه‌ر که‌سێکی دیکه‌ی هاوته‌مه‌نی ئه‌و، له‌ڕووی زانستی پزیشکییه‌وه، ناتوانێت جارێکی دیکه بگه‌ڕێته‌وه بۆ ژیانی ئاسایی جارانی. هه‌ریه‌که له‌وانه‌ش هۆکاری خۆیان هه‌یه بۆ ئه‌و خراپ سوودوه‌رگرتنه. سه‌رکردایه‌تیی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان دابه‌ش بووه به‌سه‌ر سێ کوتله‌ی سه‌ره‌کیدا و هه‌رلایه‌کیان ململانێ ده‌کات بۆئه‌وه‌ی ببێته جێگره‌وه و میراتگری شه‌رعیی تاڵه‌بانی. سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌واڵانه‌ی مه‌کینه‌ی راگه‌یاندنی یه‌کێتی ده‌رباره‌ی یه‌کڕیزیی شه‌قامی کوردی و عێراقی بڵاویانده‌کاته‌وه، به‌ڵام راستییه‌کان ده‌رباره‌ی ئه‌و ململانێیه زانراون و ده‌ستاوده‌ستیان پێده‌کرێت. هه‌ندێک له‌و کوتلانه‌ش هه‌وڵده‌ده‌ن هه‌ندێک لایه‌نی هه‌رێمی رابکێشنه نێوه‌وه، به‌بێ ئه‌وه‌ی بیر له ئه‌نجامه‌کانی دوای ئه‌و ده‌ستتێوه‌ردانه بکه‌نه‌وه.

له‌سه‌ر ئاستی سه‌رکرده‌کانی کوردیش مه‌سه‌له‌که جیاوازه. هه‌رچه‌نده پۆستی سه‌رۆکایه‌تیی کۆمار، به‌پێی دابه‌شکاری و رێککه‌وتنه‌کانی رابردوو، به‌شی یه‌کێتییه، به‌ڵام تاوه‌کو ئێستا که‌سێکی جێگه‌ی ره‌زامه‌ندی له‌نێو یه‌کێتیدا نییه بۆ ئه‌و پۆسته. جگه له‌وه یه‌کێتیش له‌نێوخۆیدا له‌سه‌ر کاندیدایه‌ک رێکنه‌که‌وتووه. بۆیه مه‌سه‌له‌که دواخراوه بۆ کاتێکی نادیار. ئه‌مه‌ش شتێکه که ته‌واو کۆکه له‌گه‌ڵ خواستی حکومه‌تی فیدراڵی له به‌غدا که، مادام هه‌موو کاره‌کان به‌دڵی ئه‌و ده‌چنه پێش، هیچ هۆکارێک بۆ پڕکردنه‌وه‌ی پۆستی سه‌رۆک نابینێت. هه‌روه‌ها حکومه‌تی ئێستا به‌هۆی قه‌یرانه دووباره‌بووه‌کانی له ره‌وشێکی ناهه‌مواردا ده‌ژیت و له به‌رژه‌وه‌ندیی کوتله‌ی ده‌سه‌ڵاتدارادایه که تاوه‌کو کاتی هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتوو، هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆک دوابکه‌وێت. بۆیه هیچ زیانێک له‌وه‌دا نابینن که له‌و پۆسته‌دا تاوه‌کو کاتی هه‌ڵبژاردنه‌کان ناوی تاڵه‌بانییه‌کی زیندوو هه‌بێت.

تاکه ده‌نگێک که له به‌رژه‌وه‌ندیی تاڵه‌بانی و عێراقدا بوو، ده‌نگی داواکاری گشتیی عێراق بوو، که داوایکرد رێگه له‌و تراژیدیایه بگیرێت و سه‌رۆکێکی نوێ بۆ عێراق ده‌ستنیشان بکرێت، له‌به‌رئه‌وه‌ی زۆرتر له پێنج مانگه دوورکه‌وتووه‌ته‌وه. سه‌درییه‌کانیش به‌پێی هه‌ردوو مادده‌ی یاسایی ژماره 72 و 75ی ده‌ستوور پشتیوانییان له‌و داواکارییه کرد.


به‌هه‌رشێوه‌یه‌ک بێت و هه‌ڵوێستی هه‌ریه‌که له‌و کوتله و حیزبانه هه‌رچییه‌ک بێت، به خراپ به‌کارهێنانی ناو و وێنه‌ی تاڵه‌بانی، به‌وشێوه‌یه‌ی که بڵاوکرایه‌وه له‌لایه‌ن هه‌ندێک که‌ناڵی ئاسمانییه‌وه، ده‌چێته خانه‌ی هه‌بوونی قه‌یران له ویژدانی سیاسیدا به‌رامبه‌ر ئه‌و پیاوه و به‌رامبه‌ر عێراق. چونکه وه‌ک هه‌رکه‌سێک که وێنه‌کانی دیتبێت، جا وێنه‌کان راست بن یان دروستکراو بن، تێبینیی کردووه که سه‌رۆکی عێراق له وێنه‌کاندا وه‌کو جه‌سته‌یه‌کی به‌ستراوه به کورسییه‌وه ده‌رده‌که‌وێت که ژماره‌یه‌ک پزیشک ده‌وریان داوه و یه‌کێک له‌وانه‌ش پزیشکه تایبه‌ته‌که‌ی خۆیه‌تی، که به بۆنه و به‌بێ بۆنه به به‌رده‌وامی هه‌واڵی چاکتربوونی ته‌ندروستیی سه‌رۆک بڵاوده‌کاته‌وه. ئه‌گه‌ر ئه‌و هه‌موو جه‌ختکردنه‌وانه به‌یه‌که‌وه وه‌ربگرین، ده‌بووایه سه‌رۆک ته‌مه‌نی له سییه‌کاندا بێت و ئه‌وپه‌ڕی ته‌ندروست بێت.

هیچ پێویست نه‌بوو و نه‌ده‌بووایه ئه‌و وێنانه بڵاوبکرێنه‌وه، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر هۆیه‌که‌شی دواخستنی ده‌ستنیشانکردنی جێگره‌وه‌یه‌ک بۆ به‌ڕێز سه‌رۆک کۆماری عێراق بۆ کاتێکی دیارینه‌کراویش بێت. ئه‌و ده‌ستنیشانکردنه کاریگه‌ریی خواست و به‌رژه‌وه‌ندیی زۆر لایه‌نی جیاوازی به‌سه‌ره‌وه‌یه و هی ئه‌وه نه‌بوو له‌پێناویدا ناوی جه‌لال حوسامه‌دین تاڵه‌بانی به خراپ سوودی لێوه‌ربگیرێت.

به‌ڕاستی ئه‌و پیاوه ئێستاش، سه‌ره‌ڕای نه‌خۆشییه سه‌خته‌که‌ی، دنیا و خه‌ڵکی به‌خۆیه‌وه سه‌رقاڵکردووه. شێوازی هه‌ڵسوکه‌وتکردن له‌گه‌ڵ ئه‌و و میراته‌که‌یشی ئه‌وپه‌ڕی زاڵمانه‌یه، جا چ له‌دژی بێت یان له‌گه‌ڵی.

ئه‌گه‌ر سیاسه‌ت ویژدانی هه‌بێت، ئه‌وه‌ی که ده‌یبینین قه‌یرانێکه له ویژدانی سیاسیدا.

**له ماڵپه‌ڕی رۆژنامه‌ی ئیلاف-ی عه‌ره‌بی وه‌رگیراوه**



حه‌لیم یوسف

# میلله‌تێک له‌دژی خۆی

هه‌رچه‌ند مرۆڤ به وردبینی سه‌یری ره‌وشی کورد بکات ، رووبه‌ڕووی دیارده نوێیه‌کان ده‌بێته‌وه که هه‌رگیز نه‌بوونه‌ته جێگه‌ی گفتوگۆ. به مانایه‌کی دیکه رۆژ به رۆژ ئاشکرا ده‌بێ که ئێمه چه‌نده پێویستیمان به لێکۆڵینه‌وه له هه‌موو بوارێکدا هه‌یه ، هه‌ر له بواری کۆمه‌ڵایه‌تی ، رۆشنبیری و ده‌روونییه‌وه بگره تاوه‌کو بواری سیاسی که هه‌موو که‌سێک پێیه‌وه سه‌رقاڵه . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هیچ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی زانستی و به‌رچاو له ئارادا نییه.

ئێمه ئه‌گه‌ر بارودۆخی ئێستای کوردی رۆژئاوای کوردستان به بیرخۆمان بێنینه‌وه، نموونه‌ی هه‌ره به‌رچاو ئه‌و که‌سانه‌ن که خۆیان وه‌ک رۆشنبیر ده‌ناسێنن ، خۆیان وه‌ک رۆشنبیرانی کورد ده‌بینن. به‌ڵام نه‌ک به زمانی کوردی، به زمانی دیکه کاری رۆشنبیری ده‌که‌ن، به‌شێکیان خۆیان به خاوه‌ن هه‌ڵوێست و ئازا داده‌نێن ، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یێنێ که ئه‌وان تاهه‌تایه دوژمنایه‌تی لایه‌نێکی کوردی ده‌که‌ن و به وشه‌ی ناخۆش و جنێودانه‌وه باسی هه‌ر رۆشنبیرێک ده‌که‌ن که وه‌ک خۆیان نه‌بێت، هه‌ڵوێستی رۆشنبیری لای ئه‌و که‌سانه ئه‌وه‌یه که تۆ دژی لایه‌نی رکابه‌ریان بیت. به‌شی دیکه‌ش له‌ناو ئه‌و رۆشنبیرانه‌ی سوپه‌ر شۆڕشگێڕن و له‌نێو تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵی رێکخراوه سیاسییه‌کاندا سه‌ریان سووڕماوه، هیچ لایه‌نێک لێیان رازی نییه.

به‌شێکی دیکه‌ش ده‌بنه کۆسپێکی گه‌وره له به‌رده‌م ، ئه‌و سوپه‌ر شۆڕشگێڕ، پارێزه‌رانی لایه‌ن، پارت و رێکخراوه‌کان، له‌نێوان هه‌موو ئه‌مانه‌دا هیچ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی جدی له‌سه‌ر بارودۆخی سیاسی نه‌کراوه و، هیچ شیکردنه‌وه‌یه‌کیشیان ئه‌نجامی نه‌بووه، که مێشکی مرۆڤ قبووڵی بکات، ئه‌و مێشکه‌ی له هه‌موو شتێک زیاتر کورد ئه‌مڕۆ پێویستی پێیه‌تی.

به‌وشێوه‌یه دیمه‌نێکی وا دێته به‌رچاو که کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی له چوارچێوه‌ی چه‌ند رێکخراوێکی سیاسی له‌گه‌ڵ لایه‌نگرانی و لایه‌نگری رکابه‌ره‌کانیدا بچووک ده‌کرێته‌وه، تاوه‌کو ئه‌و راده‌یه‌ی که به‌شێکی فراوانی کۆمه‌ڵگه‌که له دووری تایبه‌تمه‌ندی و سه‌ربه‌خۆی ئه‌و ده‌مێنێته‌وه. ئه‌م به‌شانه‌ی کۆمه‌ڵگه که باسمانکردن له‌نێو ئه‌و مه‌رجه قورسانه‌دا، وه‌ک قوناغی شه‌ڕ و کوشتار، که ئه‌مڕۆ له سووریا و له رۆژئاوای کوردستان رووده‌دات، ده‌بنه ده‌ستی ئه‌و دوژمنه‌ی که ئامانجی نه‌هێشتنی ئه‌و میلله‌ته‌یه . له ناو کورددا جگه له ده‌یان هه‌زار جاشی فه‌رمی له باشوور و به هه‌زاران جاش له باکوور، هێزێکی دیکه له ناو تاریکدا ورده ورده سه‌رهه‌ڵده‌داته‌وه، ئه‌ویش جیهادیی کورده .

دیاره ناکۆکی رێکخراو و پارته کوردییه‌کان، نزمبوونه‌وه‌ی هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی، نه‌بوونی بنکه‌یه‌کی هاوبه‌ش که هه‌موو به‌شه‌کانی کۆمه‌ڵگه بتوانن به‌شداری کاروباری گشتی بن، ژێرده‌ستی و کاریگه‌ری داگیرکردنی درێژخایه‌ن، نه‌زانین و هه‌ژاری بێسنۆر، خوێندن له دووری رێبازه زانستییه‌کان، ئه‌مانه هه‌موویان ده‌بنه زه‌مینه‌یه‌کی سرووشتی بۆ دروستبوونی جیهادییه‌کانی کورد. ئه‌گه‌ر ئه‌و یه‌کینانه‌ی که هه‌موو ئه‌ندامه‌کانی کورده له ته‌ک هێرشه چه‌کدارییه‌کان رووی لووله‌ی چه‌که‌کانیان ده‌ده‌نه سنگی منداڵی کورد و ده‌یکوژن، له‌لایه‌ک دانێین ، خاڵی هه‌ره به‌رچاو له‌م چوارچێوه‌یه‌دا ، به‌شداربوونی هه‌ندێک کوردی باکوور و باشووره له شه‌ڕی دژی کورد ، له سه‌رێکانیێ . گه‌نجێکی کوردی خه‌ڵکی ئامه‌د له ته‌ک کۆمه‌ڵه چه‌کداره‌کان شه‌ڕی ده‌کرد و کوژرا ، زۆر سه‌رنج راکێشبوو که له شه‌ڕی تلته‌مه‌ردا له کۆی پێنج چه‌کداری ئیسلامیی سه‌ر به جه‌بهه‌تولنه‌سره‌وه ، که باڵی قاعیده‌یه له سووریا، سێیانیان کوردبوون و خه‌ڵکی که‌رکووک و سلێمانیش له‌نێویاندابوون. ئه‌مه چ کوردێکه که شارێکی وه‌ک که‌رکووک له پشت خۆی به جێبێڵێ و له‌گه‌ڵ چه‌کداری بیانی شه‌ڕ بکات بۆ ئه‌وه‌ی شاری تلته‌مه‌ر له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی کورد ده‌ربێنێت؟ ئه‌م پرسیاره ده‌مانگه‌ڕێنێته‌وه بۆ قوناغی سه‌ره‌تایی که هه‌ر یه‌کێک له ئێمه سه‌رله‌نوێ له خۆی بپرسێت، ئایا من چی ده‌که‌م؟



گاری کێنت

# دوو حیزبی

رێگه هه‌ڵبه‌ز و دابه‌زه‌که‌ی سیاسه‌تی به‌ریتانیا به‌ره‌و هه‌ڵبژاردنه‌کانی ساڵی 2015 به‌رده‌وامه و ئێستاش له‌هه‌موو کات زیاتر ئه‌نجامی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه نادیاره.

زیاتر له سه‌د ساڵه نه‌خشه‌ی سیاسی به‌ریتانی ئه‌وه‌بووه که پارتی ده‌سه‌ڵاتدار زۆربه‌ی کات سه‌رده‌که‌ون له خولی دووه‌میاندا، بۆیه ئه‌گه‌ر ئه‌م نه‌خشه‌یه به‌رده‌وام بێت، ئه‌وا پارتی کرێکاران هیچ چانسێکی سه‌رکه‌وتنی نییه. ئێستا به‌پێی نوێترین راپرسی ئه‌و پارته به جیاوازییه‌کی که‌م له پێش پارته‌کانی دیکه‌یه، به‌ڵام پێگه‌ی پارتی کرێکاران له‌ماوه‌ی سێ ساڵی رابردوودا هیچ جیاوازییه‌کی به‌خۆوه نه‌بینیووه.

سه‌رۆکی پارتی کرێکاران ئه‌وه‌نده خۆشه‌ویست نه‌بووه له‌نێو خه‌ڵکدا و ئه‌گه‌ری بوونی ده‌یڤد مێلیباندیش به سه‌رۆک وه‌زیرانی داهاتوو، ئه‌وه‌نده زۆر نییه. هه‌روه‌ها ئه‌و پارته زیانی ئه‌وه‌شی پێگه‌یشتووه که روانگه‌یه‌کی بڵاوی هه‌یه که ئه‌و پارته متمانه‌ی پێناکرێت له سیاسه‌تی داراییدا . ئه‌گه‌ر ده‌نگده‌رانیش ئه‌و بۆچوونه‌یان هه‌بێت، ره‌نگه ده‌نگه‌کانیان ببه‌خشنه پارتی پارێزگاران که هه‌میشه به پارتێکی بێ به‌رنامه ته‌ماشاکراوه ، به‌ڵام له هه‌مانکاتیشدا به پارتێکی به‌توانا بینراوه. دروستبوونی ئابوورییه‌کی سه‌قامگیر، که رێگه بۆ پارتی پارێزگاران خۆش بکات که داوا له خه‌ڵک بکات متمانه‌ی پێ ببه‌خشنه‌وه و کاره‌که‌یان ته‌واوبکه‌ن.

به‌ڵام زۆر له گۆڕانکارییه‌کانی راپرسییه‌کانی پێش هه‌ڵبژاردن ره‌نگه ئه‌و باڵانسه بگۆڕن. ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ش هه‌یه که سیسته‌می دوو حیزبیی کۆتایی پێبێ له‌ژێر گوشار و زۆربوونی ژماره‌ی لایه‌نگرانی پارتی سه‌ربه‌خۆیی به‌ریتانی UKIP.

پارتی سه‌ربه‌خۆی به‌ریتانی سه‌رنجی ئه‌وانه‌ی راکێشاوه که به گومانن له سیاسه‌ته‌کانی یه‌کێتی ئه‌وروپا و هه‌روه‌ها دژی هاتنی ژماره‌یه‌کی زۆری په‌نابه‌رانن. ئه‌مه‌ش تووڕه‌یی و نیگه‌رانی له‌نێو ئه‌وانه دروستکردووه که به‌هۆی رکابه‌رایه‌تی نێوده‌وڵه‌تی زیانیان پێگه‌یشتووه. تائێستا پارتی سه‌ربه‌خۆی به‌ریتانی ده‌نگده‌ری موحافزکاری بۆ لای خۆی راکێشاوه، به‌ڵام ره‌نگه ده‌نگده‌ری پارته‌کانی ئازادیخواز و کرێکارانیش بۆ لای خۆیان رابکێشن.

ده‌یڤد کامیرۆنی سه‌رۆک وه‌زیرانی به‌ریتانیا به‌ڵێنیداوه که تاوتوێی مه‌رجه‌کانی بوونی به ئه‌ندام له یه‌کێتی ئه‌وروپا بکات و له‌ماوه‌ی چوار ساڵی داهاتووشدا له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌یه ریفراندۆمێک ئه‌نجامبدات. ئه‌مه‌ش پرسیارێکی کراوه‌یه که ئایا وڵاتانی دیکه‌ی ئه‌وروپا رازیده‌بن به ئه‌وروپاییه‌کی "ناهاوسه‌نگ" که به‌ریتانیا ئاماده نه‌بێ به‌شداربێت له‌وه‌ی یه‌ک بازاڕی دراو له ئه‌وروپا هه‌بێت.

به‌ڵام پارادۆکسێکی دیکه‌ش ئه‌وه‌یه که ره‌نگه مه‌سه‌له‌ی ئه‌وروپا ئه‌وه‌نده مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگ نه‌بێت بۆ ده‌نگده‌ر له‌وه‌ی چه‌ند گرنگه بۆ لایه‌نگران و ئه‌ندام په‌رله‌مانانی پارتی پارێزگاران. جارێک کامیرۆن هۆشداریدایه پارته‌که‌ی که ئه‌گه‌ر به‌رده‌وامبن له درێژه‌دان به مه‌سه‌له‌ی ئه‌وروپا ره‌نگه زیان به پارته‌که‌یان بگه‌یێنێ و واده‌بینرێت که مه‌سه‌له‌ی ئه‌وروپا، مه‌سه‌له‌یه‌کی لاده‌ربێ له‌سه‌ر رێگه‌ی مه‌سه‌له گرنگه‌کانی دیکه به‌تایبه‌تی مه‌سه‌له‌ی ئابووری .

نیکۆلاس سۆمێسی په‌رله‌مانتاری پارتی پارێزگارانی به‌ریتانی و کوڕه‌زای وینستۆن چێرچڵی سه‌رۆک وه‌زیرانی کۆنی به‌ریتانی ده‌ڵێ "متمانه‌پێکردن ئه‌وه‌نده که‌مه که تاوه‌کو قسه‌ی ئه‌ندام په‌رله‌مان له‌لایه‌ن ئه‌ندامانی پارته‌که‌ی خۆشییه‌وه بڕوای پێناکرێت و ئه‌مه‌ش به شتێکی خراپ ده‌بین. ئه‌گه‌ر مه‌ترێک پاشگه‌ز بێته‌وه، ئه‌وا خه‌ڵک ده‌چێته سه‌ر چه‌پۆله‌که و داوای زیاترت لێده‌که‌ن که پێموایه ئه‌وه شێوازێکی شێتانه‌یه بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌و پرۆسه‌یه و خه‌ڵکیش ته‌ماشامان ده‌که‌ن و ده‌ڵێن ئه‌و پارته نازانن چی ده‌که‌ن".

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش زۆر له لایه‌نگرانی پارتی پارێزگاران هه‌وڵده‌ده‌ن بۆ راکێشانه‌وه‌ی ده‌نگده‌ره تۆراوه‌کان له پارتی سه‌ربه‌خۆی به‌ریتانی یانیش ئه‌و ده‌نگده‌رانه دژی ئه‌ندامبوونن له یه‌کێتی ئه‌وروپادا . کێشه‌ی سه‌رکردایه‌تی ئه‌و پارته‌ش ئه‌وه‌یه که پارتی پارێزگاران به‌ته‌نیا کۆنترۆڵی ئه‌و حکومه‌ته ناکات و به‌هاوبه‌شی پارتی ئازادیخوازانی دیموکراتی به‌ریتانی به‌ڕێوه‌یده‌به‌ن که ئه‌وانیش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ن به‌ریتانیا ببێته ئه‌ندامی یه‌کێتی ئه‌وروپا و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش په‌نایان بردووه‌ته به‌ر چه‌ندین شێواز بۆ زیانگه‌یاندن به هه‌ڕه‌شه‌کانی پارتی سه‌ربه‌خۆی به‌ریتانی.

په‌رله‌مانتارانی پارتی پارێزگاران ئه‌و دواییه پێشنیازێکیان کرد که سه‌باره‌ت به خسته ده‌نگدانی بڕیاری ریفراندۆم له‌سه‌ر، به‌ڵام ئه‌وان سه‌رکه‌وتنیان له‌و رکابه‌رییه‌دا به‌ده‌ستنه‌هێنا و توانیان له‌کۆی 650 ده‌نگی په‌رله‌مانتاران ته‌نیا 130 ده‌نگ به‌ده‌ستبێنن.

ئێستاش شه‌پۆلێکی دیکه له‌باره‌ی گرنگیدان به ریفراندۆم ده‌ستی پێکردووه. ساڵانه تیروپشکێکی تایبه‌تی له‌نێو په‌رله‌مانتاراندا ده‌کرێت که ئه‌مه‌ش تاکه رێگه‌یه بۆ ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌کان پرۆژه یاسای پێشنیاز بکه‌ن و ئه‌و دواییه‌ش پارتی پارێزگاران پرۆژه یاسایه‌کی په‌سندکرد که له‌لایه‌ن کامیرۆنه‌وه پێشنیارکرابوو، به‌ڵام ئه‌و پارته نه‌یتوانی ئه‌و پرۆژه یاساییه به ته‌واو په‌سند بکات له‌به‌ر هاوپه‌یمانه‌که‌ی.


پارێزگارانیش هیوادارن به‌وه‌ی که ره‌نگه ئه‌و پرۆژه یاسایه شه‌پۆله‌که‌ی پارتی سه‌ربه‌خۆی به‌ریتانی هێوربکاته‌وه، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر پارته‌کانی کرێکاران و ئازادیخوازان سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ستبێنن.

ئه‌مه‌ش وادیاره که کێشه‌ی یه‌کێتی ئه‌وروپا که بۆ ماوه‌ی چه‌ندین ساڵه پارتی پارێزگارانی پارچه پارچه کردووه و له‌وه‌وپێش پارتی کرێکارانی پارچه کردبوو، کۆتایی نایێت. هه‌ندێک له ئه‌ندامانی پارێزگاران ده‌یانه‌وێ له هه‌ڵوێستی یه‌کێتی ئه‌وروپا پاشگه‌ز ببنه‌وه، به‌ڵام پێگه‌ی کامیرۆن ئه‌وه‌یه که ریفۆرم له یه‌کێتی ئه‌وروپادا بکات و دواتریش پێشنیاز بکات به‌ریتانیا له‌و یه‌کێتییه‌دا بمێنێته‌وه.

مقۆمقۆی به ئه‌ندامبوون یان ره‌تکردنه‌وه‌ی یه‌کێتی ئه‌وروپا سه‌رجه‌م پارته‌کانی له که‌شتییه‌که‌دا هێشتووه‌ته‌وه، به‌ڵام له هه‌مانکاتیشدا دابه‌شبوونی پارته‌کان له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌یه پارچه‌بوونی قووڵی دروستکردووه.

پێویسته پارتی پارێزگاران رێگه‌یه‌ک بدۆزێته‌وه بۆ قایلکردنی لایه‌نگرانیان به‌بێ ئه‌وه‌ی لایه‌نگرانی خۆیان بتۆرێنن و ده‌ست به ده‌نگده‌رانی خۆیانه‌وه بگرن تاوه‌کو له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات بمێننه‌وه، به‌ڵام مه‌سه‌له‌ی سازشکردنی کامیرۆن بۆ ئه‌و لایه‌نانه‌ی که دژی بوونه ئه‌ندامن له یه‌کێتی ئه‌وروپادا، ره‌نگه پێگه‌ی سه‌رۆک وه‌زیران لاوازبکات، ئه‌مه‌ش زیان به حکومه‌ت ده‌گه‌یێنێت، له‌به‌رئه‌وه‌ی حکومه‌ت ده‌بێ ئه‌وه پیشانبدات که ئه‌وان بۆ خۆیان مامۆستای خۆیانن نه‌ک ته‌نیا پووشێکن له‌به‌رده‌م ره‌شه‌بادا.

له‌م ره‌وشه‌شدا ره‌نگه پارتی کرێکاران به سێ چاره‌کی ده‌نگه‌کان خۆیان بگه‌یێننه‌وه سه‌ر ده‌سه‌ڵات. له کۆتاییدا پارته سه‌ره‌کییه‌کان رێگه‌یه‌کی زه‌حمه‌تیان له‌پێشه، به‌ڵام که‌س نازانێ ئه‌م رێگه‌یه نشێوه کۆتاییه‌که‌ی چی ده‌بێت.



چیمه‌ن سائح

# کۆمپیوته‌ری سه‌وز!

به‌ر له سێ ساڵ به‌هۆی ده‌زگای رۆیته‌رزه‌وه به‌شداریم له پێشبڕکێیه‌کی بابه‌تی رۆژنامه‌وانی له بواری ژینگه‌دا کردو به بابه‌تێک به‌شداریم کرد که له‌سه‌ر وشکه‌ساڵی بوو له کوردستان. کاتێک ئه‌نجامی پێشبڕکێیه‌که ده‌رچوو، بابه‌تی رۆژنامه‌نووسێکی که‌نه‌دی یه‌که‌م بوو، له‌سه‌ر هۆیه‌کی گه‌وره‌ی پیسکردنی ژینگه که کۆمپیوته‌ره‌کانن، به‌ڕاستی هه‌قی ئه‌و یه‌که‌مییه‌ی هه‌بوو بابه‌تێک بوو پڕ له زانیاری و راستی نوێ، له‌سه‌ر وێرانکه‌ری ته‌کنۆلۆژیا و به‌تایبه‌تی کۆمپیوته‌ره‌کان بۆ سه‌ر ژینگه.

له‌لای ئێمه که رۆشنبیریی ژینگه‌پارێزی که‌مه و دۆستانی ژینگه که‌من، له‌وانه‌یه بیرمان له‌لای موه‌لیده‌کانی کاره‌با، یان پاشه‌ڕۆیان شته هه‌ره به‌رچاوه‌کانی دیکه بچێ، به‌ڵام که‌م تا زۆر بیر له‌وه ناکه‌ینه‌وه کۆمپیوته‌ره‌کانمان که به‌شی زۆری خه‌ڵک بۆ کات به‌سه‌ربردن به‌کاریدێنن، چه‌نده تێکده‌ری ژینگه‌ن.

ئێستا ئه‌و بابه‌ته بووه‌ته جێی بایه‌خی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان و داوای داهێنانی کۆمپیوته‌ری سه‌وز ده‌که‌ن له کۆمپانیا پیشه‌سازییه‌کانی ئه‌و بواره. توژینه‌وه‌یه‌کی نه‌ته‌وه یه‌کگرتوه‌کان ئاماژه به‌وه ده‌دات، که ئامێرێکی کۆمپیوته‌ر به ده‌یان جار له سووته‌مه‌نی و ماده‌ی کیمیایی به کێشی خۆی ترسناکتره بۆ ژینگه، هه‌روه‌ها ئاماژه به‌وه ده‌دات، که له‌و وڵاتانه‌ی له سه‌رده‌می گه‌شه‌سه‌ندندان ترسناکتره، چونکه ئامێره‌کانی ئێستا ته‌مه‌ن کورتن و هه‌ر زوو فڕێ ده‌درێن، پارچه کۆنه‌کان گه‌لێک مه‌ترسیدارن بۆ پیسکردنی ژینگه له‌کاتێکدا ئه‌و وڵاتانه به‌کاربه‌رن و دروستی ناکه‌ن ئه‌و پارچانه تێکه‌ڵی ئاو هه‌وا و خاک ده‌بێ و له کۆگاکاندا هه‌ڵده‌گیرێ و ریسایکلن نییه، تا به‌کاربهێنرێنه‌وه بۆ پارچه‌ی تازه‌تر. جگه له‌وه‌ش مه‌ترسی ته‌ندروستیشیان گه‌لێک زۆره.

توێژینه‌وه‌که‌ی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان ئامۆژگاری کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئامێری کۆمپیوته‌ر و به‌کارهێنه‌رانی ده‌کات، که له جیاتی ئه‌وه‌ی کۆمپیوته‌رێک پارچه پارچه بکه‌ن، زیاتر گرنگی بده‌ن به درێژکردنه‌وه‌ی ماوه‌ی به‌کارهێنانه‌که‌ی.

زانیاریه‌کی دیکه‌ی گرنگ هه‌یه، ئه‌وه‌یه له‌وانه‌یه زۆر که‌س وا بزانن به تایبه‌تی له‌ناو کۆمه‌ڵگای به‌کاربه‌ردا، که کاتێک ئامێره‌کان بچووک ده‌بنه‌وه، که‌متر ئازاری ژینگه‌و ته‌ندروستی ده‌ده‌ن ،به‌ڵام پێچه‌وانه‌که‌ی راسته، چونکه چه‌ند بچووک ده‌بنه‌وه باری ژینگه قورستر ده‌که‌ن، راستیه زانستییه‌کان ئاماژه به‌وه ده‌ده‌ن، که دیسکتۆپێک به‌ر له‌وه‌ی له کارگه بێته ده‌ره‌وه، ئه‌وه‌نده‌ی ماشێنێکی بارهه‌ڵگر ماده‌ی لێ خه‌رج کراوه، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی له کاتی به‌کارهێنانی کۆمپیوته‌ردا بۆ ماوه‌یه‌کی که‌میش بێ ئازاری ته‌ندروستی هه‌یه.

یه‌کێک له هه‌ره خاڵه گرنگه‌کانی که ئێمه به‌لامانه‌وه گرنگه ئه‌وه‌یه پێستی ده‌موچاو ناشیرین و ماندو ده‌کات، بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی به‌شی زۆری ئه‌و مه‌ترسیانه‌ش به راده‌یه‌کی زۆر ده‌وه‌ستێته سه‌ر هوشیاری به‌کارهێنه‌ره‌کانیان.

مه‌به‌ست له‌م بابه‌ته وروژاندنی هۆیه‌کی دیکه‌یه له هۆیه‌کانی وێرانکردنی ژینگه که لای ئێمه بیری لێ ناکرێته‌وه، ئامانج رێکخستنه‌وه‌ی به‌کارهێنانی کۆمپیوته‌ره، ده‌بێ هه‌میشه به‌پێی پێویست و باشتر وایه له پرۆسه‌ی زانستی و کارگێڕی و کۆکردنه‌وه‌ی زانستی و به‌رهه‌مهێناندا به‌کاربهێنرێ و که‌متر له کات به‌سه‌ربردن و چاتکردن و به‌فیڕۆدانی کات، که جگه له ئه‌و زیانانه، به سه‌تان زیانی کۆمه‌ڵاتیشیان هه‌یه. هه‌روه‌ها هه‌میشه ده‌بێ تا به ته‌واوی کۆمپیوته‌رێکی تازه‌ت پێویست نه‌بێ نه‌یکڕێ. هه‌موو ئه‌وانه بۆ ئامێری مۆبایلیش راستن. ئه‌وه‌ی سه‌رنجی ده‌ده‌ین ئێستا له‌و وڵاته هه‌ر باوکێک بۆ ئه‌وه‌ی بیسه‌لمێنێ باوکێکی چاکه ریزێک کۆمپیوته‌ر بۆ منداڵه‌کانی ده‌کڕێ، له کاتێکدا ئه‌گه‌ر ئه‌و منداڵانه بۆ سوود بێ یه‌ک دانه‌یان به‌سه و ئه‌وه‌ی بینیوویشمه له فه‌رمانگه‌کان و داو و ده‌زگاکان، هه‌ر به‌رپرسێکی نوێ دێ، بۆ ئه‌وه‌ی بیسه‌لمێنێ جیاوازه له‌وانی پێشوو یه‌کپارچه کۆمپیوته‌ره‌کان ده‌گۆڕێ و کۆنه‌کات فڕێده‌داته کۆگا، بێ ئاگا له‌و تاوانه‌ی که ده‌یکه‌ن.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# عیللەت

ئێمە میللەتێکین، تەقریبەن لەهیچ نازانین. دڵمان خۆشبێت، سەیارە دەسووتێنین . دڵمان ناخۆشبێت فیلمی یەکتری دەسووتێنین . هەر کەس و گرووپە، خولیای سووتاندنی شتێکە. ئیسلامیی، مەساجخانە و مەیخانە دەسووتێنن. عەلمانیش بارەگای حیزبی نەیار. هەر کە بووە نەورۆز، تایەی کۆن دەسووتێنین. خۆ ئەگەر بچینە سەیران، ئەوە خوا داویەتی و تەڕ و وشک پیکەوە دەسووتێنین. دوو برادەر دڵیان لەیەک بیەشێت، ئەمیان هەوڵدەدا ئیمانی ئەویدیکە بسووتێنێت. موعارەزە دەستی بڕوات، تەخت و تاراجی دەسەڵات دەسووتێنێ، دەسەڵاتدارێک دەستی بڕوات، گردەکە دەکاتە مۆڵ. بارەگای کۆمەڵیش دەکاتە فاستفوود. ئەرێ بەراست، بلێی ئەم هەموو ئامادەیی گڕگرتن و سووتاندنە، زادەی زەردەشتیبوونمان نەبێت؟ ئێ زەردەشت دەڵێ با رووناکیی ئاگر، ڕێگەتان ڕۆشن بکاتەوە خۆ نەیگوتووە هەرچیتان بەدڵ نەبوو پیی بسووتێنن. توخوا ئەمە میللەتە یان عیللەت؟

کورد خەڵکی وای هەیە خۆی بە برێخت ناگۆڕێتەوە، کەچی بۆنی گۆرەوییەکانی ڕۆژەڕێیەک دەڕوات. من تێناگەم، کەسێک نەزانێ قاچی بشوات، چۆن دەزانێت قسەبکات؟ کەم ڕۆشنبیر و رووناکبیری کورد هەیە، ورگێکی خڕ و خەپانی نەبێت، باشە کەسێک عەقڵی بە شێوازی ڕاستی نانخواردن نەشکێت، ئیتر چۆن چۆنی متمانە بە بیر و قسەی بکەین؟ لووتکەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەلایەن کوردەوە ئەوەیە وێنەی کەباب لە فەیسبووک دادەنێن و لەبنەوە بۆ برادەرەکانیان دەنووسن: فەرموون. یەعنی چۆن بفەرموویین، دەست بە لێسانەوەی شاشەکە بکەین بۆ نموونە؟ ئاخر ئەمە میللەتە یان عیللەت؟

نزیکەی هەموو ئەو داوودەزگە ڕۆشنبیری و تاریکبیرییانەی سەرمپێداکردوون، لە دەرگای ئاودەستەکانیان نووسرابوو (تکایە پاش خۆت خاوێن بکەوە) باشە میللەتێک، ڕۆشنبیرەکانی پێویستیان بە ڕێنمایی بێت بۆ دەستبەئاوگەیاندن، ئاخۆ ڕاستە بیر لە داهاتووی ڕۆشنی بکەینەوە؟ ئا ئەمە میللەتە یان عیللەت؟

هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا وەی ، نەکرێت هەر وەی . هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت وەی، نەکرێت هەر وەی. کەس نازانێ کێ بەچی ڕازییە. پێشکەشکارێکی ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لۆش لۆش بۆ مالیکی و سەروەری خاکی عێراق دەگریا، وەڵڵا چییە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هەستنەکردن بە بەرسیارێتییەوە، ڕێگەی بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان داوە بێنە خاکی عێراقەوە. مارکس بیزانیایە کوردیش دەبنە کۆمۆنیست، هەر زوو دەچوو لە کوێرە گوندێکی ئەڵمانیا دەبووە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گوند.

Facebook.com/Goran.Muhemed



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی دەستوور دەخاتە ریفراندۆمەوە؟

لە 12ی ئەیلولی ساڵی 2010 لە تورکیا پارتی داد و گەشەپێدان AKP، سەرەڕای ناڕەزایی توندی حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی پارتی گەلی کۆماری CHP ، ریفۆرمە دەستوورییەکانی خۆی کە بریتیبوو لە پاکێجێکی 27 ماددەیی خستە ریفراندۆمەوە، 17 حیزبی سیاسی کە دووانیان پارتی بزووتنەوەی میللی MHP و CHP بوون، تێکڕایان بە نەخێر دەنگیاندا و چوار پارتی سیاسیش کە لە سەرووی هەموویانەوە پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP دەهات، ریفراندۆمیان بایکۆت کرد. ڕێژەی بەشداری نزیکەی 73% بوو و AKP لەگەڵ نۆ حیزبی بچووکی دیکە توانی نزیکەی 58%ی دەنگی بەڵێ بە دەستبێنێ و لە بەرامبەریشدا 42%ی دەنگدەران بە نەخێر دەنگیان دا، بەوشێوەیە پاکێجە دەستوورییەکە تێپەڕی کە بریتیبوو لەو گۆڕانکارییانەی نەک هەر ڕەهەندی نیشتمانییان هەبوون، بگرە تێکڕای سیستەمی دادوەری وڵاتی هەڵدەتەکاند.

نموونەی نزیکتر بۆ ئەوە ڕەنگبێ دەستووری میسر بیت کە چەند مانگێک بەر لە ئێستا خرایە ریفراندۆمەوە و تەنیا توانی 56.5%ی دەنگە (بەڵێ)یەکان بەدەستبێنێ و مۆرِی سەرباری هەموو ناڕەزاییەکان کە پێشتر دەکران، خستییە دەنگدانی گشتییەوە.

دەستووری هەرێمی کوردستان مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە و دەکرێت، بەڵام ئەوەی لەم چەند ڕۆژانەی رابردوودا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە پارتی لەگەڵ حیزبە بچووکەکاندا خەریکی کۆبوونەوەو ڕاگۆڕینەوەیە بۆ ئەوەی دەستوور بخاتە ریفراندۆمەوە. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش هەستیان بەوەکردووە و بۆیە بەیاننامە شەش خاڵییەکەیان گوزارشتە لەو ترسەی کە پارتی بیەوێ کارێکی لەو چەشنە بکات.

پارتی ئامادەیە ئەو ریسکە گەورەیە بکات و ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە دەکات کە هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی خۆی ، واتە یەکێتی سەرپشک بکات لەوەی کە یان لە بەرەی ئەودابێت یان ئەوەتا لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەڵبژێرێت، یەکێتی تائێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە و چاوی لەوەیە کە پارتی لە دانوستاندنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی چی لەگەڵدا بەشدەکات لە داهاتوودا. ستراکچەری یەکێتی ئەگەر بەرەو جۆرێک لە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ نەچێ ناتوانێ بڕیاری سیاسی یەکلاکەرەوە وەرگرێت. بۆیە بۆ ئەوەی نەشیش بسووتێ و نەکەباب ڕەنگبێ تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون ئەوەبێت کە یەکێتی نیشتمانی لایەنگرانی خۆی سەرپشک بکات لەوەی کە دەنگ بە دەستوور بدەن یان نا؟ بەوشێوەیە نە دەچێتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە و نە دەچێتە بەرەی پارتییەوە. ئەوکاتیش نە پارتی لێی توورە دەبێت و نە جەماوەرەکەی.

ڕەنگبێ پارتە ئیسلامییەکان کە ئێستا لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندان سەرکردایەتییەکانیان لە خیتابی ڕەسمیدا هاوڕای گۆڕان بن، دژی ئەوەبن دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە و سووربن لەسەر ئەوەی کە دەبێ دەستوور بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام بۆ بەشێکی زۆر لە لایەنگران و سەرانی ئەو حیزبانەش دەستوور وەرەقەیەکی نموونەییە لە ملکەچبوونی یاساکان بۆ شەریعەتی ئیسلامی و ئەوەش ئەوان لەوڕووەوە دڵنیا دەکاتەوە.

گرەوەی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا ناوچەی سەوز و مۆر (سلێمانی و گەرمیان)ە ، بۆیە ناتوانن لەو خیتابە دەرچن کە لەو ناوچەیە هەیە کە ئەویش گەڕانەوەی دەستوورە بۆ پەرلەمان، بەڵام پێدەچێ ئەوانیش لە کۆتاییدا هەر وەک یەکێتی بکەن، بەڵام بە ڕانەگەیێندراوی و خەڵکی خۆیان لە دەرەوەی ناوچەی سەوز و مۆر سەرپشک بکەن.



سەڵاحەدین چەلیک

# قەڵەوی لە شاخدا

لە سەرەتای ساڵانی 1980 ئێمە لە لوبنان لەگەڵ فەلەستینییەکان بووین . فەلەستینییەکان لە دۆخێکی ئاڵۆزدابوون ، بەڵام هەرگیز لە لووتبەرزی خۆیان نەدەهاتنە خوارەوە، سەریان لەنێو هەورەکان دابوو، خۆیان بە زانا و فەرماندەی هەموو جیهان دەزانی ، هەموویان خۆیان بە کاسترۆ و لینین دەزانی ، هەر یەکێکیان چوار پێنج زمانی دەزانی!، زانینی سێ چوار وشەی زمانێک، بەشی ئەوەی دەکرد کە کەسەکە خۆی بە زمانزان بناسێنێت.

لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا هیچ کێشەیەکیان نەبوو . بەپێچەوانەوە، پێیەوە ماندوو ببوون. لەبەرئەوەی میدیای نێودەوڵەتی پرسی فەلەستین وەک بەراوردی لەگەڵ ئیتاڵیا کردبووە بابەتێکی ڕۆژانە . لەشکری ڕۆژنامەنووسان زۆر پێش لەشکری ئیسرائیل دەگەیشتنە شوێنی ڕووداوەکان .

ئێمەش وەک فەلەستینییەکان

ئەوانەی ئێمە بە باڵای خۆیان، بە چێشتلێنەر و پاسەوانی تایبەتەوە ، وەک ئەوانن، بەڵام ئەوانەی ئێمە هێشتا لەڕووی ڕۆژنامەنووسیەوە وەک ئەوانە نین و بەشێوەیەکی تایبەت بە خۆشەویستی (ڕۆژنامەنووسانی) تورک، زۆر دڵخۆشن.

کاتێک ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە موجامەلە، زمانلووسیوماستاوچییەتی لێیان نزیکدەبنەوە، ئیتر کەس ناتوانێ بیانگرێت و بەناو بابەتەکاندا دەچنەوە و سەریان لێدەشێوێت. لە خۆشیدا ئەوەندەیان نامێنێت بفڕن، دەمیان دەکەنەوە و هیچ پرسیارێک بەبێ وەڵام ناهێڵنەوە .

ئەوەی نەشیزانن یان نابێ بیڵێنەوە ئەوەش دەڵێن، وشە وەک گوللەی چەک بەدوای یەکدا لە دەمیان دەردەچێت، ماڵیان ئاوابێت، دەڵێی پسپۆڕی هەموو بوارێکن. قسەی هەڵە، سەرسوڕهێنەر و ئاڵۆزیان زۆرە. ئەوەش هەندێک نموونەی قسەی ئابڕۆبەرەکانە:

”ئێمە شەڕ بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت ناکەین، بەڵکو شەڕ بۆ دیموکراتیزەکردنی دەکەین“. ئەوە قسەی عەلی حەیدەر قەیتانە بۆ ANF، بە هەزاران لاوی کورد خوێنی خۆیان بەخشییە ئازادی، واتە بۆ دەرکردنی ئەو دەوڵەتە لە کوردستان. خاوەنی ئەم وتانە خۆیشی بەهۆی شیعرە بەجۆشەکانی داوای تۆڵەسەندنەوەی باو باپیرانی لە لاوانی کورد دەکرد .

ڕاستە پێویستە لە فەرهەنگی ئەم سەردەمەدا وشەی خۆش، نەرم و بنیاتنەر هەبێ، بەڵام لێرە پرسیار ئەوەیە: مرۆڤ چۆن دەتوانێ بیروباوەڕی خۆی وا بە ئاسانی و خێرایی لە دەستبدات؟

”بەڵێ بۆ حیزبوڵڵا، بەڵام ڕکابەر هەرگیز نابێت“، ئەوە قسەی دۆران کالکانە، بۆ ڕۆژنامەنووسی تورک ڕۆشەن چاکر، کە دەڵێ حیزبووڵڵا دەعوەت دەکەین بۆ کۆنفرانسی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان کە لە ئامەد دەبەسترێت، بەڵام لە وەڵامی پرسیاری ئەو ڕۆژنامەنووسەدا لەبارەی بەشداربوونی ئەو کەسانەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKKیان بەجێهێشتووە، دەڵێ : ”نەخێر! ئەوە قەت نابێت“.

ئێوە دەتوانن بیر لەوە بکەن و گفتوگۆی لەبارەوە بکەن! دیارە بەقەد مسقاڵێکیش نەگۆڕاوە، ئەوانەی PKKیان بەجێهێشتووە بە هەزارانن، زۆربەیان بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانیان لە PKK کشاونەتەوە. لە خەباتدا ماندووبوونیان لە کەس کەمتر نییە و زۆربەیان هێشتا خەبات بۆ گەلەکەیان دەکەن. ئەگەر بەپێی قسەی ئەو جوامێرە بێت، چارەنووس و مافە دیموکراتییەکانی هەزاران خەباتکاری تێکۆشەری کوردستان لە دەستی ئەو دایە و بە تەمای پەنجەی (قەیسەر)ی ئەون. ئەوەیە هۆشمەندی و بلیمەتی ئەو کەسانە کە داوای دیموکراسی لە دەوڵەت دەکەن!

”ئێمە دژی دەوڵەتی نەتەوەیین“، خاوەنی ئەم قسانە موراد قەرەیلانە، ڕووەکەی قەت سوور هەڵناگەڕێ و لە خۆی ناپرسێ بۆچی لە سەرتاسەری دونیا، بەتایبەتیش لە هەرێمەکەماندا زۆر دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە و بۆچی دەوڵەتی تورک لە قوبرسیش بۆ هەندێک تورک دەوڵەتی دروستکردووە؟ ئەم جوامێرە بۆ ملیۆنان کورد ئەم مافە بە زیادە دەزانێ . هەرگیز لە خۆی ناپرسێت ئەو ژمارە زۆرەی شەهیدی کورد بۆچی خوێنی خۆی بەختکرد و ئامۆژگاری باوک و باپیرانمان چییە؟ بەرپرسیارێتی چەندە بێ نرخبووە! لەوانەیە ڕۆژێک ئەو سنوورانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەمێنن، بەڵام ئەمە تەنیا بە دروستبوونی دەوڵەتی گەلان دروستدەبێت بەدەوڵەتی کوردیشەوە.

”کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکێ کاری ئەمریکایە“ ، ”سەرۆکەکەمان“ بە فشەی ڕۆژنامەنووسانی تورک گەرم بووە و، ئەم قسانە دەکات . من لە ژمارە 150 مانگی حوزەیرانی 2012 ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا کۆمەڵکوژیەکەم شیکردبووەوە و، تێیدا هاوکاری نێوان ئەمریکا ئیسرائیلم ئاشکراکردبوو. ئەمریکی و ئیسرائیلییەکانیش لە هەردوولای سنوورەوە هاوکاری تورکانیان دەکرد، بەڵام ئەوانەی ئەنقەست فەرمانی کۆمەڵکوژییەکەیان دابوو، تورکەکان بوون . واتە دەوڵەت، حکومەت و سووپای تورکیا ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە کۆمەڵکوژییەکە . ئەم دەرئەنجامە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەدەستکەوتووە. لە ویژدانی ڕای گشتیشدا هەر خۆیان تاوانبارن، هەڵبەت بەهەر مەبەستێکیش بێت، وتەکانی قەرەیلان مانای هەوڵدانە بۆ ڕووسپیکردنی دەوڵەتی تورکیا.

”ئەگەر کۆمەڵکوژی پاریس کاری تورکیا بووایە، فەرەنسا خێرا ئاشکرای دەکرد“، بەپێی وتەکانی قەرەیلان، تورکیا بێتاوانە لەو هێرشە، بەڵام ئەو ئاماژانەی کە هەیە زۆربەیان بەرەو تورکیا دەچن. ئایا هەڵوێستی دادگا فەرەنسییەکان گومانی تێدا هەیە. ساڵی داهاتوو باسی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی کێشەکە دەکرێت ، ئەویش سەدا سەد نییە. بەڵام ئەم ڕاستییە هیچ مافێک ناداتە کوردێک کە بەشداری دەوڵەتی تورکیا لە کۆمەڵکوژییەکەدا بشارێتەوە. هێشتا زۆر شتی نەزانراو لە ڕووداوی کۆمەڵکوژیدا هەیە، نەک تەنیا تورکیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەڵکو PKKش پەیوەندی بە ڕووداوەکەوە هەیە و هیچ نەبێ پێویستی بە ئاشکراکردنی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە هەیە .

دەبێ سەرۆک و گوتەبێژانی PKK بزانن چۆن ڕەفتار دەکەن ، شتەکان بە هەڵە بڵاونەکەنەوە، ڕاگەیاندنەکان بەوشێوەیە چەواشە نەکەن، مرۆڤ بە تەمای ئەوەیە کە بە بەرپرسیارییەوە لێدوانەکانیان بڵاوبکەنەوە .

بەسەرهاتێک لەگەڵ حیزبی شیوعی

من و محەممەد کاراسونگوور لەسەرەتای بەهاری 1983، لەوانەیە مانگێک پێش مردنی بێت، لە باشووری کوردستان، لە گوندی لۆلان لە ناحیەی سیدەکان لەنێو کۆمۆنیستەکانی عێراقدا بووین و، خەریکی چاخواردنەوەو قسەکردن بووین. بەڵام ئەو قسەکردنە بێ ئەنجام کۆتایی پێهاتبوو . لەوێ شتێک سەرنجی ڕاکێشاین: ئێمە لاوازبووین و، ئەوانیش قەڵەوبوون، بەشێوەیەک نەیاندەتوانی لە جێگەی خۆیان بجوڵێنەوە، ورگیان وەک مەشک گەورە و زل بوو، ئەو پشتێنەی لەخۆیان بەستبوو خودا دەزانێ چەند مەتربوو. نەیانتوانی ئەو ورگە گەورەیەیان بشارنەوە . کاراسونگوور لە ڕێگەدا ئەمەی بۆ گێڕامەوە ”با پەلە لە شۆڕشەکەمان بکەین، ئەگینا کاتێک دەبینە 50 ساڵی، وەک ئەوانمان لێدێت“ . ئەو بەو لاوازییە ڕوویشت، بەڵام ئەوانەی ماون چۆن؟

***نووسەر و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان**



سیاوەش گودەرزی
سوێد
siawash.goudarzi@gmail.com

# یەک پێڤاژۆ و دوو ڕوانگە و ڕاگەیاندنی کوردی

لە حەفتەی ڕابردوودا چەند گرووپێکی گەریلایی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە چوارچێوەی پێواژۆی نوێدا بەرەو هەرێمەکانی باشووری کوردستان کشانەوە، لەم پێوەندییەدا PKK مێدیای جیهانی بانگهێشتنی قەندیل کرد کە هەتا یەکەم گرووپی خۆکشێنەوەی گەریلا ببینن . مێدیا و دەوڵەتی تورکیاش بە نۆرەی خۆیان شرۆڤەی تایبەتی خۆیان لە خۆکشانەوەی گەریلاکان کرد. ئەمە تەنیا نموونەیەکە کە نیشاندەدا دوو لایەنی ئەم پێواژۆیە ، دوو شرۆڤەی جیاوازیان بەگشتی بۆ پرۆسێسی ئاشتی هەیە و هەر لایەنێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە هەواڵ و دەنگوباسەکان لێکدەدەنەوە .

قۆناخی ئاشتی و پێواژۆی نوێ بەگشتی لە باکووری کوردستان و تورکیا گرێدراو بە ڕۆڵی مێدیا و ڕاگەیەندنە کوردییەکان لە پێوەندی لە گەڵ گوێستنەوەو شرۆڤەی هەواڵەکاندا لە چەند بارەوە جێگەی تێڕامانە .

ئەوەی دەبینرێ ، پێواژۆی نوێ لە نەورۆزی 2013 بەدواوە بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتووەتە ڕۆژەڤی مێدیاکانی جیهانەوە. دیاریکردنی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک یەکێک لە سەد کەسایەتی کاریگەری جیهان لەلایەن گۆڤاری (تایم)ەوە نموونەیەکە لەو سەرنجە مێدیاییەی کە بەشێوەیەکی پان و بەربڵاو خراوەتە سەر پرسی کورد لە باکووری کوردستان. بە گەڕانێکی سەرەپێیی و خێرا لە گوگڵدا لە سەر وشەی ”خۆکێشانەوە یان گەریلا “ تەنیا لە دوای 8ی گوڵاندا ڕەنگە هەژماری لینکی هەواڵەکە لەسەر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی جیهان هەزاران تێپەڕ بکات . ئەوەی لێرەدا جگە لەلایەنی ڕاگەیاندنی هەواڵەکە و بایەخی خەبەری هەواڵەکە، بگەڕێتەوە سەر بەکارهێنانی تێرمینۆلۆژی و شرۆڤەی هەواڵەکانی پێوەندیدار بەو پێواژۆیە نوێیە، لە مێدیای تورکی و کوردی دوو ڕوانگەی جیاواز وەبەرچاو دەکەوێت . ئەم دوو چەشنە جیاوازەش لە ڕاگەیاندنی خەبەرەکان، بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی دوو تێڕوانین و مامەڵەی جیاوازی کورد و دەوڵەتی تورکیا لەم پێواژۆ نوێیەدا.

دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ئەوەی لایەنێکە لە پێواژۆیەکەو هەر لەڕۆژی دەسپێکیشەوە لەنێو چەقی پێواژۆکەدایە، بەڵام لە ڕاگەیاندن و تێرمینۆلۆژی و قسەدا زۆر بەپارێزەو تەنانەت هێندێک جار تۆن و بەرز و نەوی قسەکانی لە ئاستێکدایە وەک ئەوە لایەنێک لە وتووێژ و دانووستاندن نەبێت. هێشتا دەستەواژەی تیرۆریزم جارجار بەکاردەبردرێت و تەنانەت وانیشاندەدرێ کە ئەمە پێواژۆیەکە PKK دەستپێکردووەو هەر PKKش لە سەرخستنی پێواژۆیەکە کە ئەوان وەک ”نەهێشتنی تیرۆر“ ناودێری دەکەن، بەرپرسیارە .

لەلایەکی دیکەوە PKK وەک لایەنی دووەم لە پێواژۆیەکە، تێڕوانینێکی دیکەی هەیە و هەر ئەم تێڕوانینەش لە مێدیا کوردییەکانی باکووری کوردستاندا ڕەنگدەداتەوە . ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هەپەگە ڕۆژانە هەواڵی جموجۆڵە سەربازییەکان و لێدانی سەربازگەی نوێ لەسەر سنوورەکان ڕۆژانە بڵاودەکاتەوە. تاوەکو ڕۆژی 8ی گوڵان دەستەواژەی ”سوپای تورکی داگیرکەر“ لە ڕاگەیاندنەکانی هەپەگەدا هەبووە. لە کۆبوونەوەی جەماوەرییەکاندا، بەڕێوەبەرانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی KCD ڕەخنە لە جیدی نەبوونی حکومەت دەگرن و بەهەمان شێوەش لە مێدیاکاندا ڕەخنە و لێکدانەوەکان لە حکومەتی تورکیا ڕەنگدەداتەوە. وەک دوا نموونەی لێدوانی هەپەگە، فەرماندەی یەکەم گرووپی کشاوە دەڵێ : ” ئێمە دەمانەوێ کەڵک لەم قۆناخە وەربگرین، لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا سووڕانەوەی فڕۆکە سیخۆڕی و جموجۆڵی سەربازی زۆربوو. ئێمە ئەمساڵ بۆ شەڕ خۆمان ئامادەکردبوو، چاوەڕوانی قۆناخێکی بەو ڕەنگە نەبووین دەست پێبکات، بەڵام ڕێنمایی ڕێبەری ئێمە بۆئێمە بنەمایە“.

سەرەڕای ئەم دوو ڕوانگەیە، پێواژۆیەک هەیە و پرۆسێسێک لە ئارادایە. PKK ئاگربەستی ڕاگەیاندووەو دەستی بە کشانەوەی هێزەکانی گەریلا کردووە. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا بەشێوەی فەرمی هەنگاوەکانی خۆی ڕاناگەیێنێ، بەڵام لە کردەوەدا هەندێک هەنگاوی هەڵگرتوون . لەڕۆژی 23ی ئادارەوە شەڕ و تێکهەڵچوونێک کە ببێتە هۆی گیان لەدەستدانی گەریلا یان سەربازی تورکیا ڕوویننەداوە. ژمارەیەکی زۆر لە گیراوانی سیاسی دۆزی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK ئازادکراون. دوو کۆمسیۆنی ژیران و پەرلەمانیی بۆ ئەم پێواژۆیە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دامەزراون. ڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورک حەسەن جەمال، لە قەندیل لەکاتی پێشوازی لە یەکەم گرووپی خۆکشێنەوەی گەریلادا بە ئاژانسی فورات دەڵێ: ”ئەو هەنگاوە بۆ ئاشتی زۆر بەسوودە. بەپێی ئەوەی من تێگەیشتووم ئەم قۆناخە بەردەوام دەبێت. PKK بارودۆخەکەی زۆر بەجدی وەرگرتووە“. ئەم قسانەی حەسەن جەمال سەلماندنی بەردەوامی پێواژۆیەکە کە دەوڵەتی تورکیا لە فەرمییەت و لە زمانی مێدیادا کەمتر خۆی لە قەرە دەدا.

وەک باسکرا دوو ڕوانگەی جیاواز لەپەیوەندی لەگەڵ پێواژۆی نوێدا هەیە. دوو تێڕوانینی جیاواز کە لەبنەڕەتدا لە دوو بەرژەوەندی جیاوازی نەتەوەیی تورکی و کوردییەوە سەرچاوەدەگرن . ئەم دوو ڕوانگەیە لە ڕوانگەی سیاسی وڵاتانی هەرێمی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەنگدەداتەوە. لەکاتێکدا دەوڵەتی مالیکی لە عێراق دژی خۆکێشانەوەی هێزەکانی گەریلا بەیاننامە بڵاودەکاتەوەو وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ڕادەسپێرێت کە ناڕەزایی دەوڵەتی عێراق بە کۆمکاری عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەیێنن لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لە پێواژۆی نوێ لە باکووری کوردستان دەکات و لە بەیاننامەیەکدا وێڕای ڕەتکردنەوەی ناڕەزایی دەوڵەتی عێراق جارێکی دیکە هەڵوێستی پشتگیرییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێواژۆی نوێ دووپاتدەکاتەوە.

لێرەدایە کە مێدیای کوردی بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا لە ژێر ناوی ”پرۆفیشونالێتی“دا ناتوانێ خۆی لە قەراخ ئەم پێواژۆیەوە ببینێ. مێدیای کوردی چ حیزبی و ناحیزبی و چ ئەهلی و سەربەخۆ لە دەرەوەی باکووری کوردستان، ئەرکێکی ئەخلاقی، ڕۆژنامەڤانی و نەتەوەییان دەکەوێتە سەرشان کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردەوە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی هەواڵەکانی پێواژۆی نوێ لە باکووری کوردستان بکەن.




هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net



# دووبارە ئاسایش

ناسەقامگیری ڕەوشی ئاسایشی عێراق و هاوکات لەگەڵ ئەو قەیرانە سیاسییەی ڕووبەڕووی وڵاتەکە بووەتەوە ، بووەتە هۆی دروستبوونی سێ ناوچەی دیفاکتۆ لەعێراقدا. هەرێمی کوردستان لە باکوور، سێگۆشەی کێشەداری سوننە و نێوەڕاست و باشووری شیعەش. لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لەڕووی سیاسییەوە، ڕووداوێکی ئەمنیی بەدوادادێت . ئەگەر تەماشای دۆخەکە بکەین وادیارە کە هیچ حیزبێک ئامادە نییە باری لەنگی ئەمنیەتی وڵاتەکە چارەسەر بکات. سەرچاوەی دروستبوونی ئەو ناسەقامگیرییە لەلایەن هەموویانەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام هیچ کامیان بەجیدی نایانەوێت بیگۆڕێت . قسە لەگەڵ هەر لایەک دەکەیت، باسی ئەوە دەکات کە هۆکاری سەرەکی ئەو ناسەقامگیرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە سیاسییەی کە لە وڵاتەکەدا هەیە، هەروەها نەبوونی کەسی پرۆفیشناڵ لە پێکهاتەی هێزەکانی ئاسایشی وڵاتەکە و هەنگاوە دیکتاتۆرییەکانی سەرۆک وەزیران کە بۆخۆی پۆستەکانی تایبەت بە کاروباری ئاسایشی وڵاتەکەیە بەڕێوەدەبات و کەسیش لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکات.

زۆر کۆبوونەوە کراوە سەبارەت بە بارودۆخی ئاسایشی عێراق ، بەڵام پێناچێ هیچیان سەرکەوتووبووبن لەبەرئەوەی هەموویان لە وردەکارییەکاندا ونبوون و ئامادەنین ڕووبەڕووی مەسەلە سەرەکییەکان ببنەوە، لەبەرئەوەی زۆربەیان هێڵی سووری سیاسین و یانیش قەدەخەن و کەس بۆی نییە باسیان بکات تەنیا "بەرپرسە گەورەکان" نەبێت، یانیش سەرۆکی لیستی تایفە و نەتەوەکان نەبێت.

پرۆسە سیاسییە ئاڵۆزەکە هەمیشە سەرچاوەی سەرەکی گرژییەکان بووە. لەگەڵ ئەوەی لە پرۆسەیەکی گشتگیر و تەندورست دەچێت، بەڵام وانییە، لەبەرئەوەی هەندێکیان بەشدارن و هەندێکی دیکە بەشدارنین و هەندێکیش قاچێکیان تێدایە و قاچەکەی دیکەشی لەدەرەوەی پرۆسەکەیە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ نەبوونی سەرکردە دەگەڕێتەوە. سەرکردەیەک کە بتوانێ پێشڕەوی ئەو پرۆسەیە بکات و بتوانێ هەموو پارتەکان لەو پرۆسەیەدا بەشداری پێ بکات . بۆ ئەم مەبەستەش وڵاتەکە پێویستی بەو سەرکردانەیە کە خاوەن دیدن و بە تەواوی بڕوایان بە فرەلایەنی هەیە تاوەکو بتوانن جیاوازییەکان بەڕێوەببەن وبیانکەنە خاڵی بەهێزی وڵاتەکە.

بەڵام سەرۆک وەزیرانی ئێستا دەیەوێ دەسەڵاتداریێتی بکات نەک پێشڕەوی و نە خۆی و نە ئەوانەی لەگەڵیدان ئەم خاڵەیان بەلاوە گرنگ نییە بۆ ئەوەی ڕاستی بکەنەوە.

هەڵسوکەوتی مالیکی بۆ دەسەڵاتدارێتی و نەک پێشڕەوی وایلێکردووە کە سەرجەم پۆستەکانی تایبەت بە ئاسایشی بەدەست خۆی بێت سەرەڕای دەسەڵاتە دەستوورییەکانی، بەڵام ئەمە بەپێچەوانەوەیە. ئەو شکستی هێناوە لە هەردووکیان وەک سەرکردەیەک و هەروەها وەک بەرپرسێکی باڵای کاروباری ئاسایش و کەسیش ناتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات. لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا ئەویش بەرهەمی پرۆسەیەکی سیاسی بێسەروبەرە و ئێستاش کەس ناتوانێ دەستکاری بکات . لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێک لێپێچینەوە لە مالیکی زەحمەتتر دەبێت و لە ئەنجامیشدا کەس باسی شکستەکانی ناکات لە بواری ئاسایشدا و بەرپرسەکانی خواری خۆی خەتابار دەکرێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریش سەرکەوتوونەبوون لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان وەک دەزگایەک کە پێویستە مالیکی بە بەرپرسیار دابنێن لە کردەوەکانی.

خراپبوونی باری ئەمنی ئەودواییە هەموو لایەکی خستووەتە دڵەڕاوکێوە و زۆر کۆبوونەوەش کراون بەمەبەستی چارەسەرکردنی، بەڵام تاوەکو بناخەی پرۆسەی سیاسی و هەڵسوکەوتەکانی سەرۆک وەزیران نەگۆڕدرێت، باری ئەمنی خراپتر دەبێت و پابەندی ڕەوشی سیاسی وڵاتەکە دەبێت .

ولادیمیر ڤان ویلگنبیرغ
wladimir@rudaw.net



# گەندەڵی و سەربەخۆیی

مایکڵ ڕۆبن، کە پێشتر ئەفسەری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بووە، لە وتارێکدا بۆ ماڵپەڕی ئینگلیزیی کوردیش تریبۆن باسی ئەوە دەکات کە ئەمریکا بۆیە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات ، چونکە گەندەڵی و خزمخزمێنە لەنێوان بەرپرسانی کورددا هەیە، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی کە ئەمە ڕاست بێت.

هەموو کەس لە کوردستان دەزانێ کە لەو وڵاتەدا گەندەڵی و خزمخزمێنە هەیە. حکومەتی کوردستانیش دانی بەوە داناوە و وڵاتانی ڕۆژئاواش ئاگایان لەوە هەیە. لێ ئەمە بەو مانایە نییە کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا گەندەڵی نییە.

ڕەنگە لە بەغدا ئاستی گەندەڵی لەسەرەوەتریش بێت. ئەمەش بەو دواییانە بینرا و بیستمان کە چ سکاندالێک دروستبوو بەهۆی تەرخانکردنی زۆرتر لە چوار ملیار دۆلار بۆ کڕینی چەک لە ڕووسیا. کەچی لەبەر هەر هۆیەک بێت مایکڵ ڕۆبن باسی ئەوە ناکات و زۆریش بە ئەرێنی باسی حکومەتەکەی مالیکی دەکات.

هەڵبەت ئەمەش شەرعیەت نابەخشێتە هەبوونی گەندەڵی لە کوردستاندا . پرسیاری ڕاست ئەوەیە کە ئایا هەبوونی گەندەڵی لە بەغدا یان لە هەولێر کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیارەکانی واشنتن؟ بڕواناکەم. بۆنموونە سەرەڕای پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، کەچی ئەمریکا قەت پشتیوانی لە کوردانی ئەو وڵاتە نەکرد.

ئەمریکا زۆر پێشتریش پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ئەو ڕژێمە گەندەڵانەدا کە مافەکانی مرۆڤیان پێشێلکردووە و هاوکات بەرژەوەندییەکانی ئەوانیان پاراستووە. لە سەردەمی شەڕی سارددا ئەمە زۆر دەبیندرا. لەدوای ڕووداوەکانی یانزدەی سێپتەمبەریش ئەوە دەبینرا. ئەمریکا لەگەڵ زۆر دەوڵەتدا پەیوەندییەکانی هێشتووەتەوە کە بەنێوبانگن لە گەندەڵیدا. نموونەیەکی نزیک وڵاتانی کەنداون.

پێدەچێ واشنتن پشتیوانی لە بەغدا بکات نەک لە هەولێر. ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئەمریکا لە دابەشبوونی عێراق دەترسێت و ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەقامگیری تێدا نامێنێت. حکومەتی ئێستای ئەمریکا زۆرتر حەزی لە سەقامگیرییە نەک پشێوی. ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی دوودڵیی ئەو وڵاتە لە سیاسەتەکانیدا دەربارەی سووریا و ئەسەد.

نموونەیەکی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە وتارێکی سیمۆن هێندرسن، بەڕێوەبەری پرۆگرامی سیاسەتەکانی کەنداو و وزە لە ئەنستیتیوتی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکە. ئەو نووسیویەتی کە یەکێتی خاکی عێراق بەهۆی ڕێککەوتنی نەوتیی تورکی-کوردییەوە نامێنێت و واشدەکات شیعەکان وابەستە بن بە ئێرانەوە.

ئەو پێیوایە لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە کە وابکات عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و وابکات ڕێککەوتنی نەوتیی لەنێوان ئەنقەرە و بەغدادا هەبێت. کەواتە بەقسەی ئەوبێت، پشتیوانی ئەمریکا لە سەربەخۆیی کورد وادەکات ئێران بەهێز ببێت، هەروەها میدیای دەوڵەتیی ئێرانیش بەردەوام ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکات کە پشتیوانی لەو سەربەخۆییە دەکات. بۆیەش زۆربەی ئەو لێدوانانەی وتەبێژی فەرمیی ئەمریکا لەوبارەوە داونی، وەڵامدانەوەی ئەو ڕوانینە ئێرانییە بوون لەبارەی کوردەوە.

ئەمریکییەکان بەردەوام دوودڵ بوون لە پشتیوانیکردن لە کورد لە دۆزی جێبەجێکردنی مادەی 140 و چارەنووسی کەرکووک. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دژایەتیشیان کردووە. بۆیە چاوەڕوان ناکەم هیچ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئەمریکادا لەوبارەوە ڕوویدات.

تەنانەت ئەگەر ئێستا پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان دەسەڵات بگرنە دەست و کوردستان ببێتە باشترین و سەقامگیرترین دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هیچ گەندەڵی و خزمخزمێنەی تێدا نەبێ ، دڵنیام لەوەی کە ئەوکات تەنیا هاوسۆزی لەگەڵ کورددا زیاد دەکات، نەک شتی دیکە.

دەیڤد ڕۆمانۆ



# سووریا ئەسکەندەرییە دەدۆزێتەوە

تەقینەوەکەی 11ی مانگی شارۆچکەی ڕەیحانلی تورکی کە بووە هۆی کوشتنی 51 کەس و برینداربوونی چەندانی دیکە ، ڕووداوێکی بەڕێککەوت نەبوو. دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە موسڵمانی سوننەن کە دەوروبەریان بە ژمارەیەکی زۆر عەرەبی عەلەوی گیراوە. هاووڵاتیانی عەرەبی عەلەوی تورکیا کە بە "نوسێریس" ناسراون، پێیانوایە ئەوە ناوێکی ناشرینە پێیاندراوە. پارێزگای هەتای کە تورکەکان ئەو ناویان داوەتێ و بۆ سوورییەکانیش، ئەسکەندەروونە خاکی خۆیانە کە فەرەنسا لەساڵی 1938 لە سووریای جیاکردەوە و ساڵی 1939 بە تورکیایەوە لکاندی (ئەمەش بەمەبەستی دوورخستنەوەی تورکیا لە دەست ئەڵمانیا لەوکاتەی شەڕی جەنگی جیهانی دووەم نزیک دەبووەوە). تاوەکو کۆتایی ساڵانی 1930کان، زۆرینەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە عەرەبی عەلەوین و ئێستاش کە ژمارەیان گەیشتووەتە 1.5 ملیۆن کەس، زیاتر لە نیوەی عەرەبی عەلەوین .

لەگەڵ ئەوەی من یەکێک نیم لەوانەی بڕوا بە هەموو شتێک بکەم کە ئەنقەرە دەیڵێ ، بەڵام وابزانم ئەوان ڕاستدەکەن کاتێک تەقینەوەکەی ڕەیحانلییان خستە ئەستۆی موخابەراتی سووریا. بەپێی بڕوای ئەنقەرە سیخوڕانی سووری بە هاوکاری توندڕەوانی گرووپی چەپڕەوی تورکی پارتی ڕزگاریخوازی شۆڕشی میللی DHKP/C و لەگەڵ گرووپێکی جودابووەوەی ئەو پارتە کە پێیاندەگوترێت (ئەجیلیلەر) . لەڕاستیدا ئەندامانی ئەجیلیلەر زۆربەیان عەلەوین و تائێستاش هێزەکانی تورکیا 13 ئەندامی ئەو گرووپەیان دەستگیرکردووە لەسەر پەیوەدی هەبوون بەو هێرشەوە.

هەروەها ئەو تەقینەوەیە لەگەڵ ڕەوشەکەی ئێستاش دەگونجێت. ئەمەش بەو مانایەی کە مانگی نیسانی ڕابردوو لە ڕاپۆرتێکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ICG، مانگێک پێش تەقینەوەی ریحانلی باسی لە تووڕەبوونی عەلەوییەکانی هەتای و ئەگەری دروستبوونی ئاڵۆزی لەو پارێزگایە . " لە کانوونی دووەمی 2013 چوار سیخوڕی حکومەتی سووری هاتنە نێو خاکی سووریاوە بەمەبەستی ڕفاندنی پارێزەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی، گوایە بە هاوکاری چەند تورکێک و تەنیا بەهۆی شەڕ و پێکدادانەوە وەستێنران ، کاتێک ویستبوویان ئەو پارێزەرە بە قاچاخ بگەیێننەوە نێو سووریا. کە ئۆتومبێلێک لە 11ی شوباتی 2013 لە خاڵی سنووری سەرەکی پارێزگای هەتای تەقییەوەو بووە هۆی کوشتنی 10 سووری و چوار تورک و دواتر تورکیا حکومەتی سووری تۆمەتبارکرد بەوەی کە دەستیان هەبووە لەو کارە و پاشانیش هاوکاری وەرگرتووە لە دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی سووری و تورکی".

عەلەوییەکانی هەتای چەندین جار خۆپیشاندانیان کردووە بۆ پشتگیرییکردن لە ڕژێمی ئەسەد و نارەزایی خۆشیان دەربڕیووە بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران، بەهۆی پشتگیریکردن لە گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن. سوننەکانی شاری ریحانلی بەبێ ئەوەی بڵێن ، بۆچوونێکی پێچەوانەیان هەیە . بۆ زیاتر بەنزینکردن بەو گرژیانەدا، هەندێ لە سوننە ئاوارەکانی سووریا بە مافی خۆیانی دەزانن فەرمان بە عەلەوییەکانی تورکیا بڵێن کە چۆن دەژین: هەمان ڕاپۆرتی ICG بۆچوونی سیاسەتمەدارێکی عەلەوی بڵاوکردبووەوە کە دەڵێ "چوار ریشداری سووری هێرشیان کردووەتە سەر دوو دووکانی بیرەفرۆشتن و تابلۆی دووکانەکەیان لێکردووەتەوە و خەڵکی ئەو ناوچەیە ویستیان ڕێگەیان لێبگرن . لەشەقامی سەرەکی ئەو شارە ئەو چوار کەسە بە ئازادی دەسووڕانەوە وەک ئەوەی خۆیان خاوەنی ئەو شوێنە بن. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن کە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری لە چێشتخانەکانی ئەو شارە پارە نادەن ، چونکە دەڵێن ئەردۆغان بانگهێشتی کردوون بۆ تورکیا".

لە تورکیا کە سوننە زۆرینەیە مێژووییەکی دوورودرێژی سەرکوتکاری عەلەوی هەیە و بەبڕوای هەندێک کەس ئەو سەرکوتکارییە خراپتر دەبێت لەوکاتەی کەمالیستەکان جێگەی ئەردۆغانی سوننەی ناسیونالیست دەگرنەوە. لەو ڕاپۆرتەی ICGیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسێکی عەرەبی عەلەوی کراوە و قسەکانیشی دەبێ زۆر ئاشنابن بۆ خوێنەری کورد، کاتێک دەڵێ "بەهۆی ئەوەی عەلەوین، ئێمە ڕووبەڕووی جیاکاری و سەرکوتکاری بووینەتەوە، لەبەرئەوەی سووریا پێیوایە هەتای خاکی خۆیەتی و "لەبەرئەوەی ئێمە عەلەوین و لەنزیک سنوور دەژین وەکو خۆفرۆش تەماشا دەکرێین"، بەرپرسێکی دیکەی عەرەبی عەلەوی لە هەتای گوتی "یەک وەزیری عەلەویم پێ پیشانبدە، یەک بەڕێوەبەر یەک ژەنەڕاڵ، یەک بەرپرسی پۆلیس لە سەرانسەری وڵات، هەمووی سوننەن. ئەم لێدوانانە و ئەو لێبووردەییەی کە حکومەت باسیدەکات وەک دەهۆڵن، ئەوان لێیدەدەن تاوەکو دەنگی بێت، بەڵام لەناوەوە بەتاڵە. تەنانەت ئێمە ناتوانین داوای وانەی زمانی عەرەبیش بکەین لە قوتابخانەکان، لەبەرئەوەی ئەوکات تۆمەتبار دەکرێین بەوەی جوداخوازین".

لەوکاتەی تورکیا خۆی ڕادێنێ لەگەڵ بوونی ئەو ناسنامەیەی کە زلهێزێکی سوننەیە لە ناوچەیەکی پڕ ململانێی نێوان شیعە و سوننە، ئەوە هاووڵاتیانی عەلەوین کە ژمارەیان نزیکەی هەشت ملیۆن کەسە، ڕەنگە پێگەی "دوژمن" بگرنەوە، بەڵام بۆ کوردانی عەلەوی لە تورکیا ئەم پێگەیە شتێکی نوێ نابێت. لەچوارچێوەی ئەم پرۆسەیەشدا ڕژێمی سووری ڕەنگە ئێستا براکانی خۆیان دۆزیبێتەوە لە ئەسکەندەروونە و بێگومان سووریاش هەرگیز ئەسکەندەروونەی بیرنەچووەتەوە و من بۆ خۆم زۆر ئەو نەخشەیەم لە دیمەشق بینیووە کە ئەو ناوچەیەی یە سووریا پیشانداوە.

ئێستا کە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە خاکی تورکیا دەکشێنەوە و خەریکی پرۆسەی ئاشتین لەگەڵ ئەنقەرە، بەڵام ڕەنگە ئێستا ڕژێمی ئەسەد ئاوڕ لە عەلەوییەکان بداتەوە وەک "تۆڵەکردنەوەیەک" بەرامبەر هێرشەکانی ئەودواییەی بەرەی نووسرەی سوننی لە دیمەشق و شارەکانی دیکە.

هیوا جەمال
hiwajamal@rudaw.net



# بگەڕێنەوە بۆ خەڵک

وەک لە پەیڕەو و پرۆگرامی بەشێکی زۆر لە حیزبەکاندا هاتووە، مەبەست لە کارکردن لە هەر حیزبێکدا دەبێت بۆ خزمەتی خەڵک بێت، بەڵام ئایا لە پراکتیکدا ئەوە دەبینرێت؟

هەرگیز ئەوە تاکە پێودانگ نییە کە لە پەیڕەو و پرۆگرامدا هاتووە، ئەوەش حسابی لەسەر ناکرێت کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەردبڕێت، هەروەها ناتوانین بانگەشەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بکەینە پێوەری دڵسۆزیی هەر حیزبێک، بەڵکو پێودانگ، کردارە.

ئێستا کە دۆخی باشووری کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ خەڵک، دەبێت حیزبەکان لەهەموو کات زیاتر پابەند بن بە پیڕەو و پرۆگرامەکانی خۆیانەوە و بەڵێنەکانیان ببەنە سەر.

هەرچی لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوەیە، هەر حیزبێک لە بەرژەوەندی حیزبیانەی خۆیەوە لێی دەڕوانێت. ئەوە جگەلەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بووە بە قوربانی هەمان بەرژەوەندیی، لەم نێوانەدا تەنها خەڵک زیان دەکات.

با چەند نمونەیەک بێنینەوە؛ تا چەند مانگێک لەمەوبەر، ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەت بزوتنەوەی گۆڕان، سەرسەختانە داوایان دەکرد، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت، لەبەرامبەردا دەسەڵاتیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە دەزانن لە هەڵبژاردنەکاندا شارێک یان دوان لەدەست دەدەن بۆیە ڕازی نابن، بەتایبەت سلێمانی کە تێیدا یەکێتی تۆمەتبار دەکرا بە ڕێگریی، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عیراق و کەمکردنی دەنگی گۆڕان لەو پارێزگایانە، ئێستا یەکێتی بووە بە داکۆکیکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەم ناوەدا تەنها خەڵک زیانی پێکەوتووە.

یەکێکی دی لەو نمونانە، مەسەلەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە لە پرۆسەیەکی خێرا و بگرە سەرپێییدا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، بڕیاربوو بخرتە ریفراندۆمەوە، بەڵام ئەوکات گرفتی بۆ دروستکرا و نەکرا، ئەوە ماوەی ٦ ساڵە دەستوور هەر چاوەڕێیە،

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە دەڵێت دەبێت بخرێتە ریفراندۆمەوە ە خەڵک دەنگی بۆ بدات، پێشتر یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشی لەگەڵدا بوو، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان، دەڵیت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و دەستکاری هەندێ بڕگە و مادەی بکرێت، یەکێتیش داوای سازان دەکات، ئەوەش کێشەی گەورەی بۆ دەستوور دروست کردووە، بێگومان لەم ناوەدا تەنها خەڵک زەرەری کردووە .

زەرەرەکەش ئەوەیە لە پەنای بێدەستوورییدا چەندین یاسا پەکیان کەوتووە و چەندین بێیاسایی دەکرێت، هەروەها هەر حیزبێک پێناسە و خوێندنەوەی جیای هەیە بۆ سەرجەم ئەوانەی لەدەوروبەردا ڕوودەدەن، بەپێی بەرژەوەندی حیزبەکان پەیوەندییە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن و مەسەلەی ئازادی و مافی مرۆڤ و مافەکانی دیکە هەر بە پێودانگی حیزبی دەخوێنرێوە، ئەوەش بە ئاسانی لە ڕاگەیاندنەکانیاندا دەر دەکەوێت، بۆ نمونە جاری وایە پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ لە دەڤەرێک ڕوودەدات لە ڕاگەیاندنی دەڤەری بەرانبەر نابێتە هەواڵ و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەش هەر خەڵک زەرەری تێدا دەکات..

ئیتر ڕەوشەکە بەجۆرێکە کە کەس بڕوای بەوە نییە بڕیارەکان و بەڵێنەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا جێبەجێبکرێن، ئێستا ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم دیاریکراوە، بەڵام هێشتا خەڵک بڕوای نییە سەر بگرێت، چونکە هەر ڕۆژێک لێدوانێکی دڵسارد کەوەرە و ڕۆژی دواتر لێدوانی دژیەک دەبیسترێت.

ڕەنگە هیچ کات لە ئێستا زیاتر خەڵک حەقی بەدەست نەبێت، هێز و دەسەڵات تەنها لای خەڵکە، بۆیە خەڵک دەتوانێت دوا بڕیار لەوبارەیەوە بدات.

خۆ ئیدی بەشێکی زۆر لە جەماوەر ڕۆشنبیرە و ڕاست و چەپی خۆیان لێک جیادەکەنەوە، بۆچونی من وایە بیر لە بەرژەوەندی گەورەی خۆیان و نیشتمان بکەنەوە، جڵەوی دەسەڵات لەچەند کەسێکی دەسەڵاتداری حیزب وەر بگیرێتەوە و خەڵک خۆی بڕیار بدات. هەرکات خەڵک ئەوە دەسەڵێتەی هەیەتی بەکاری هێنا ئەوە بێگومان حیزبەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان..

هیچ کات گوزارشتی جوانتر لەو کاریکاتێرەم نەبینیوە کە لە پەیجەکانی فەیسبوکدا بڵاو بۆتەوە، کاتێک سەرکردەیەک بە قامچییەکەوە بەرانبەر خەڵک ڕاوەستاوە و هەموویانی ڕام کردووە و کڕنوشی بۆ دەبەن، بەڵام کاتێک لە دیمەنی دووەمدا خەڵک لێی ڕاست بوونەتەوە و قامچییەکایان لێسەندووە، سەرکردەکە کڕنوشی بۆ ئەوان بردووە. دەبێت جڵەوی دەسەڵات بەدەست خەڵکەوە بێت و خۆیان کەسێک هەڵبژێرن تا شیاوی ئەوە بێت خزمەتیان بکات.





بۆئەوەی بڵاوکراوەکانمان بگەنە دەستتان

پەیوەندیمان پێوە بکەن

سلێمانی
07501124165
07701517533

هەولێر
07504536473
07504645570



# Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی : عەبدوڵڵا قرگەیی abdulla@rudaw.net

نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemen@rudaw.net

دیزاین: بەختیار مستەفا، هونەر مەرجان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر - شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net






REKLAM

